# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩٠٤ سێشەممە، ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٤ _ ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## ٧ زیندانیی سیاسیی کورد و عەرەب لە سێدارە دران



ڕۆژی شەممە ١٢ی خەزەڵوەری ١٤٠٤، شەش بەندکراوی سیاسیی عەرەب لە بەندیخانەی سپیدار لە ئەهواز بە تۆمەتی بێبنەمای «جیاخوازی»، «تێرۆر» و «سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل» لە سێدارە دران، هاوکات بەندکراوێکی سیاسی کورد بە ناوی «سامان محەممەدی خیارە» لە بەندیخانەی قزڵحەسار لە شاری کەرەج ئێعدام کرا. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئەم بەندکراوانە لە کاتی دەسبەسەرکردنیاندا تووشی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی توند کراون و لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەبێ ئاگاداری بنەماڵەکانیان بۆ ژووری تاکەکەسی گواستراونەتەوە. هەروەها سامان محەممەدی خیارە، زیندانی سیاسیی کوردی خەڵکی سنە کە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا بەند کرابوو، بەبێ هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی بە بڕیاری لقی ١٥ی دادگای شۆڕشی تاران بە سەرۆکایەتی دادوەر ئەبوقاسم سەلاواتی بە تۆمەتی «محاربە» سزای ئێعدامی بەسەردا سەپابوو و تێپەڕاندنی ١٦ ساڵ بەندکران لە بەندیخانەی قزڵحسار لەسێدارە درا.

دەزگای قەزایی ڕێژیم لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا ئێستا لانیکەم ١١٠٠ بەندکراوی ئێعدام کردوە.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

# بچووککردنەوەی کێشەخوڵقێنییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمدا دەرفەتی بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی ڕێژیم ڕەخساند




## ڕوانینی حیزبی دێموکرات لەبارەی گەڕانەوەی ئابلۆقە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر ئێران

پاش تێپەڕینی دە ساڵ، دوا جار ڕێککەوتننامەی ناوکیی نێوان ئێران و وڵاتانی ناسراو بە پێنج کۆ یەک کۆتایی پێهات. ڕێککەوتننامەی بەرجام کە بڕیاری ٢٢٣١ی شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەدوادا هات و ئابلۆقە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە بەرنامەی ناوکیی ئێرانی هەڵپەسارد، بە هەنگاوێکی گرینگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پێناو پاراستنی ئەمن و ئاسایشی نێودەوڵەتی داندرا، هاوکات دانانی میکانیزمی ماشە لەو ڕێککەوتننامەیەدا لە چەند ڕوویەکەوە گرینگ و جێگای سەرنج بوو.

شوڕای ئەمنییەت لە بڕیاری ٢٢٣١دا بۆ یەکەم جار ڕێکارێکی سزایی لەژێر ناوی میکانیزمی ماشە بۆ ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی دانا کە بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێکرانی بڕیارنامەکە و پابەندکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک تۆمەتبار بە پێشێلکردنی پەیماننامەی ڕێگری لە پەرەپێدانی چەکی ناوکی لەبەرچاو گیرابوو. دڕدۆنگی و بێمتمانەیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر کۆماری ئیسلامی کە بەرهەمی نزیک بە نیو سەدە سەرەڕۆیی و نابەرپرسیارەتی و قەیرانخوڵقێنیی ئەو ڕێژیمەیە، گەلانی ئێرانی بەرەوڕووی دۆخێکی نەخوازراو و مەترسیدار کردۆتەوە. پەرەپێدان بە پرۆژەی ناوکی و مووشەکی لە دەرەوەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و پیتاندنی ئۆرانیۆم بە ڕێژەی نزیک لە بەکارهێنانی چەکی ناوکی، ڕێژیمی ئێرانی کردۆتە دەسەڵاتێکی ملهوڕ کە بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر ئەمنیەتی نێودەوڵەتی دابنرێ. ئەو سەرەڕۆییە زێدەخوازانەیە لە پەنا پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ و بەرینبوونەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتری کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات، دەستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بۆ گرتنەبەری هەر چەشنە ڕێکارێک بۆ ڕێگەگرتن لە کۆماری ئیسلامی و وەستاندنی ئەم ڕێژیمر ئاوەڵا دەکا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی نزیک بە پێنج دەیە حوکمڕانیی خۆیدا بەردەوام لەسۆنگەی بەرنامەی ئەتۆمی و دەستوەردانە هەرێمییەکانیەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کێشە و ڕووبەڕووبوونەوەدا بووە. بەڵام بە چالاککردنی میکانیزمی ماشە لە لایەن شوڕای ئەمنییەت و گەڕانەوەی سزا و ئابلۆقە نێودەوڵەتییەکان، ئێران دەچێتە دۆخێکی تەواو پەراوێزخراوەوە و لەڕووی سیاسی، دیپلۆماسی و ئابوورییەوە ...

درێژە بۆ لاپەڕەی ٤

## خالید عەزیزی:

## سیاسەتی ئێمە تابیعێک نیە لە شەڕی ئێران و ئیسرائیل یان کێشەی ئێران لەگەڵ وڵاتێکی دی



سروشتییە لە شەڕی نێوان دوو وڵاتدا خەڵک بە تەبیعەتی بارودۆخی خۆیان بە جۆرێک هەر دێنە نێو کێشەکە، بەڵام سروشتی شەڕی ئەمدواییەی ئێران و ئیسرائیل فەرقی هەیە. شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ ئێران شەڕێکی زەمینی نیە، دەستوەشاندنە لە یەکتر، مووشەک لە یەکتر گرتنە و، دوای هەر کەسە لە ماڵی خۆی دادەنیشێ. ئەگەر ئەو دوو وڵاتە هاوسنوور بان و خاکیان لە یەکتر گرتبایە، هاوکێشەکە بەتەواوی دەگۆڕدرا. من بۆ خۆم لەو باوەڕەدام سیاسەتی حیزبی دێموکراتیش هەر ئەوە بووە کە باشترین بژاردە و، باشترین چارەسەر بۆ ئەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی نەمێنێ بەئاکام گەیشتنی خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە لایەک وە لە لایەکی دیکە ئامادەکاری و خۆڕێکخستنی خەڵک بۆ سەردەمی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە بۆ ئەوەی نەهێڵن بۆشایی دروست بێ و بە یەکەوە ئێران ئیدارە بکرێ. ئەوە سیاسەتی گشتیی ئێمەیە.

سیاسەتی گشتیی ئێمە بە نیسبەت داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و داهاتووی ئێران تابیعێک نیە لە شەڕی ئێران و ئیسرائیل، هەروەها تابیعێکیش نیە لە کێشەی ئێران لەگەڵ وڵاتێکی دیکە. هەرچەند ئەگەر لەو حاڵەتەشدا هەلومەرج و دەرفەتێک هاتە گۆڕێ دەبێ بیقۆزینەوە یان ئەگەر دەرفەتێک هاتە گۆڕێ دەبێ کۆتایی نەکەین و هەموومان پێکەوە دەوری کاریگەری خۆمان ببینین. ڕاستە ئێستا ئەوە شەڕی ئێمە نیە، بەڵام لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ئەو شەڕەدا قوورسایی ئەرکی ئێمە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

بێگومان لە بارودۆخی ئێستادا ئەگەری زۆر سیناریۆی ناڕوون لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست لە ئارادایە کە حیزبی دێموکرات هەوڵی داوە بە شێوەی مەیدانی خۆی بۆ ئامادە بکا، خەڵک لە نێوخۆی کوردستانیش کە بەخۆشییەوە ئاستی نەتەوەیی و شعووری سیاسییان زۆر بەرزە، بە هەموو جۆراوجۆرییەکانەوە دەبێ خۆیان بەرێکخراوتر بکەن، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی ڕێکخراو و دامەزراوەی جۆراوجۆری سینفی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، ژینگەپارێزی، وەرزشی و هتد. هەتا ئێستاش جیاوازیی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران ئەوەیە کوردستان حیزبی سیاسی و کۆمەڵگەی ڕێکخراوی هەیە و دەبێ ئەو ئامادەکاریانە زیاتر بن هەتا لە ئەگەری گۆڕانکارییەکاندا سەرمان بێ کڵاو نەمێنێتەوە.


**خەسارناسیی شکڵنەگرتنی گوتاری هاوبەش** — د. ئازاد محەممەدیانی — ٤

**ئایدیۆلۆژیا وەک ئامرازی ڕزگاری** — شاروخ حەسەنزادە — ٥

**شەڕی دوازدە ڕۆژە و پێناسەی هێز لە سەدەی بیستویەکەمدا** — دیلان هەردی — ٧

**بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی و میکانیزمی ماشە** — ژانیار حوسێنی — ٨

**لە بارەگای ئایەتوڵڵاوە بۆ دەرباری شا** — دارسمە — ١١

# د. کوێستان گادانی:

# پێکەوەبوونمانە دەتوانێ ڕێنیشاندەر و هاوکات هەوێنی سەرکەوتنمان بێ



(وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنفرانسی هاوبەشی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی سێهەمینساڵیادی بزووتنەوەی ژینا)

**ئامادەبووانی بەڕێز!**
**خۆشک و برایانی ڕێزدار!**
**نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان!**
**میوانانی هێژا!**

لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ئەم کۆنفرانسە و بەشداریتان لە ڕێگای دوور و نیزیکەوە. ئەمڕۆ کۆ بووینەوە هەتا وێڕای بەرز نرخاندن و یادکردنەوەو تاووتوێی بزووتنەوەی ژینا، پێکەوە ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ هاودەنگیی زیاتر و ناردنی پەیامی یەکگرتوویی و یەکهەنگاویمان بۆ کۆڕ و کۆمەڵانی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەر چوار گۆشەی جیهان و بەتایبەت نێوخۆی کوردستان.

زۆر سپاسی ناوەندی دیالۆگی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەم دەرفەتە.

ئیزن دەخوازم پێش دەستپێکی باسەکەم سڵاو بنێرم بۆ بنەماڵەی شەهیدان، زیندانییانی سیاسی، بریندارانی بزووتنەوەی ژینا و ڕابگەیەنم که پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە و پشتیوانی بەردەوامیی چالاکی و لەخۆبوردوویەکانیانین.

ئەمڕۆ ئێمە لە دۆخێکدا کۆ بووینەتەوە کە سێ ساڵ بەسەر بزووتنەوەی مافخوازانەی ژینادا تێپەڕیوە و لەم ماوەیەدا زۆر ئاڵوگۆر و ڕووداو لە نێوخۆی ئێران، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا پێکهاتووە، کە هەر کام لەم ڕووداوانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر جووڵانەوەی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەبووە. ئێستا کە باس لە بزووتنەوەی ژینا دەکەین هیندێک پرسیار دێنەوە ئاراوە، پرسیارگەلێکی وەک؛ بەستێنە سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بزووتنەوەیە چی بوون؟ لەمپەڕ و کەمایەسییەکانی بەردەم سەرکەوتنی کامانەن؟ ئۆپۆزیسیۆنی لێکبڵاو و ناوەندگەرا و پاوانخوازەکان ئێرانی فرەنەتەوە بەرەو کوێ دەبەن و دەوری کوردستان لەم ڕەوتەدا چیە و دەرفەت و هەڕەشەکانی بەردەمی چین و ڕۆڵی هێزە سیاسییەکان لە نەبوونی ئالترناتیڤێکی دێموکڕاتیکی سەراسەریدا چۆن دەبێ.

لەم ماوە کورتەی ئەمڕۆدا دژوارە بپرژێینە هێنانەبەرباسی هەموو ئەو بابەتانە و دۆزینەوەی وەڵام بۆ سەرجەم پرسیارەکان، بە تایبەت کە دۆزینەوەی وەڵامەکان بە تەنیا لای یەک حیزب و تاکێک ئەستەمە. بەڵکوو گرینگ ئەوەیە بتوانین ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ زیاتر پێکەوەبوون و تاووتۆی ئەو پرسانە و بابەتە گرینگەکانی دیکەی پێوەندیدار بە کێشەی کوردەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها حەول بدەین ئەوەی ئەمڕۆ بکەینە بنەمای دانیشتن، دیالۆگ و باسکردنی زیاتر لە دۆخێکی نەتەوەیی و زانستییانەدا بە مەبەستی نزیکتر بوونەوە لە ئامانجی ڕزگاریی گەلەکەمان.

هەموومان باش دەزانین، کوشتنی ژینا بەم شێوە نامرۆڤانەیە لە لایەن هێزێک کە دەبوو پارێزەری ئەمنییەتی هاووڵاتیان بێ، بووە هۆی هاتنە سەر شەقامی ژنان و لاوانی مافخوازی کورد کە زیاتر لە یەک سەدەیە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوەندگەرای تارانەوە سەرکوت دەکرێن. هەر زۆر زوو دروشمی ژن ژیان ئازادی بە سنوورەکانی کوردستان و ئێرانەوە ڕانەوەستا و بووە ڕەمزی خەباتی ژنانی چەوساوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دنیای ئازادیشی هێنایە سەر خەت. بەڵام ئەم ڕووداوە و دروشمە پێشکەوتنخوازانەکەی کە لە خەباتی ئەو گەلە و کولتووری بنیاتنەرانەی کۆماری کوردستانەوە دەهات، بۆ گەلی کورد هەڵگری مانایەکی تایبەتیتربوو. چون ژینای کورد سیمبولی چەندین ستەمی هاوکات بوو.

ژینا وەک کچێک هەڵگری ستەمی ڕەگەزی، وەک کوردێک هەڵگری ستەمی نەتەوەیی، وەک سوننە مەزهەبێک هەڵگری ستەمی مەزهەبی و وەک کەسێکی خەڵکی ناوچەیەکی ناگەشەسەندووی ئێران هەڵگری ستەمی چینایەتی بوو. ئەم چوارڕێیانە لە ستەمە جۆراوجۆرەکان لە لایەکەوە مەزڵوومییەتی ژینا، ژنی کورد و بە گشتی گەلی کوردی دەسەلماند و؛ لە لایەکی دیکەوە هۆکاری سەرەکیی گڕ و تینی زیاتری خەبات لە کوردستان بوو.

کورد بە پێچەوانەی ناوەند هاوکات شەڕی بۆ سڕینەوەی ئەو هەمووە ستەمە دەکرد و حەولەکانی زۆر مانادارتر و بنەماییتر بوون. بزووتنەوەی ژینا دیارترین نیشانەی بنەمایی بوونی خەبات لە کوردستان و ئاشکرابوونی وشیاریی نەتەوەیی کورد و خەباتە مەدەنییەکەی بوو کە لە چەند دەیە پێش ئێستاوە گەشە و نەشەی دەکرد و گەورە دەبۆوە. خەباتێک کە وێڕای ئەوەیکە مەدەنی، سەردەمیانە و کولتووری بوو، بەڵام گشت دروشمەکانی لە شاخ و خەباتی نەتەوایەتیی کورد بە درێژی چوار دەیەی ڕابردوو وەرگرتبوو. لە ڕاستیدا بزووتنەوەی ژینا سەلماندی خەباتی شاخ و شار چەند مانادار لێک گرێ دراونەتەوە و هەموو حەولەکانی ڕێژیم بۆ لێکدابڕینی ئەم دوانەیە ناکام ماوەتەوە. گرینگتر ئەوەیکە ئەو نەوەیەی کە کۆماری ئیسلامی و دوژمنانی کورد بە دەزگای زەبەلاحی پڕوپاگەندەوە دەیانویست هێما و شوناسە نەتەوەییەکەی لێ بستێنن و زەین و بیری بە ئیدئۆلۆژیی دواکەوتوانە بشێوێنن، ڕێک ئەو نەوەیە بوو کە کۆماری ئیسلامیی تووشی شۆک کرد و هێنایە سەر لێواری ڕووخان.

لە کەس شاراوە نیە ئەمڕۆ ڕەوشتی پێشمەرگانە لە کۆڵان بە کۆڵان و شەقام بە شەقام، قوتابخانە و زانکۆ و دەمارەکانی ڕۆژهەڵاتدا جمەی دێ. منداڵانی کورد کە لە کولتووری خەباتی نەتەوایەتیی حیزبەکانیاندا فێری کوردایەتی و ملنەدان بوون، ئەمڕۆ بە سەردەمیانەترین شێوە خەریکن گەمە بە بەها و نۆڕمەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن. بزووتنەوەی ژینا، ڕێوڕەسمەکانی شەوی یەلدای کوردان، نەرۆزی خاکیپۆشان و هەموو بۆنە جیاوازەکان لە نێوخۆ نیشانەی بەرچاوی ئەم پێگەیشتوورییەی خەباتی منداڵانی کوردە لە ڕۆژهەڵات. بێ هۆ نیە ڕێژیم هاوکات لەگەڵ گوللەبارانی خەڵکی سڤیل و مەدەنی هێرشی مووشەکیی کردە سەر حیزبی دێموکڕات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات؛ چون ڕێژیم لە لێکگرێدانەوەی خەباتی شار و شاخ دەترسا و پێی وابوو بە گوولەبارانی شار و مووشەکبارانی شاخ دەتوانێ کولتوورێک کە کورد لانی کەم هەشتا ساڵە خۆی پێ تەیار دەکا بەو شێوەیە بسڕێتەوە.

نابێ لە بیرمان بچێ ناوەندی هاوکاری کە یەک لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی هاوکاری و هاودەنگیی کورد لە ڕەوتی ئەو خەباتە بوو، توانی ڕۆڵێکی بەرچاو هەم لە نێوخۆی کوردستان بگێڕێ و هەم جێگە و پێگەی کورد لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا قایمتر بکات. نەخشی ناوەند لە ڕێنمایی و پێشەنگایەتیی بزووتنەوەکەدا و ڕێکخستنی مانگرتنە کەموێنەکانی کوردستان هەموو ئەو نیشانانەن کە ئەوەمان پێ دەڵێ: پێکەوەبوون و هاودەنگیمانە کە دەتوانێ ڕێنیشاندەر و هاوکات کاریگەر و هەوێنی سەرکەوتن بێ.

کاتێک کە یەکریزی و موشارەکەتی ئەحزاب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە مەدنییەکان پێکەوە دەبیندری و دەست لە نێو دەستی یەک ، هەنگاو لە بەرژەوەندی گەلەکەمان هەڵدێننەوە ، گرو تینێکی تایبەت دەدرێ بە خەلکی نێوخۆی کوردستان . ئێمە ئەم ڕەنگدانەوەمان لە بانگەوازی مانگرتنی ناوەندی هاوکارییە حیزبە کانی کوردستانی ئێران بینی کە چۆن ژنان و لاوان، ماموستایان، زانایان، هۆنەرمەندان ئاکادێمیسیەناکان ، قوتابی زانکۆکان ، کەسایەتی و کاسبکاران و بازاریان و هەموو چین و توێژی کۆمەڵگا بە شێوە تایبەتی خۆیان لە دەرخستنی هونەری ئێعترازیان هەلوێستێکی پیرۆزیان گرت کە لاپەرەیەکی پرشنگداری دیکەی لە خەباتو هەلوێست لە بە مێژووی کوردەواریدا تۆمار کرد. هەر وەک چۆن سێ ساڵ لەمەوبەر سپاس لەم هەلوێستە پیرۆزە کرا، ئێستاش دوای تێپەر بوونی سێ ساڵ و لە داهاتووش دا ئەم هەلوێستە جێگای ڕێزو پێزانییە و هیوادارین نموونەیان زۆر و هەردەم بەردەوام بێت.

گڕوتینی بێوێنەی شۆڕش لە شارەکانی کوردستان و درێژەداربوونی مانگرتنەکان دۆخی کوردستانی گۆڕی و بووە هۆی ئەوەیکە بەشێکی زۆری گەلی کورد لە نێوخۆ چاوەڕوانی چوونەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ نێوخۆ بکەن و پێیان وابوو کە ئێستا کاتی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کۆماری ئیسلامییە. لە ڕاستیدا لە لایەک ئەوە داواکارییەکی مەشرووع و بەجێ بوو، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بە هۆی لاوازبوونی شۆڕش لە ناوەند و ناوچەکانی دیکەی ئێران جگەلە بەلووچستان، وای کرد حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر بنەمای تەحلیلێکی واقعبینانە بۆ پاراستنی گیان و کیانی خەڵکی کورد ئیزن نەدەن کۆماری ئیسلامی حوزووری پێشمەرگە بکاتە بیانووی ڕەشەکوژی و وێرانکردنی کوردستان.

دیارە بزووتنەوەی ژینا بە چەندین هۆکار کە سەرکوتی بێبەزەییانەی ڕێژیم گرینگترینیان بوو نەیتوانی وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بە ئامانجە گشتییەکانی خۆی بگا، بەڵام وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ مافی ژنان توانی پاشەکشە بە حکوومەت بکات و ئێستا ژنانی ئێران لە باری ئازادییەکانی تاکەوە ئازادترن، کەواتە دەرسی ئەم بزووتنەوەیە ئەوەیە کە هێزی گەل دەتوانێ هەنگاو بە دیکتاتۆری و ملهوڕی شل بکات و هەرکاتێک جەماوەر لەسەر داواکانیان سوورتر بن؛ دەستکەوتیان زیاتر دەبێت.

ئێستا پاش ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی کە دوای بزووتنەوەی ژینا، ٧ی ئۆکتۆبر و شەڕی ١٢ ڕۆژە بەسەر دۆخی ئێران و کۆماری ئیسلامیدا هاتوە، پرسیارگەلێکی زۆر ساز بوون لەسەر توانایی بەرگری و دەوامهێنانی کۆماری ئیسلامی و ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتوو. ئەو ڕووداوانەی کە بۆ ئێمەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد ئەو بەرپرسیارەتییە ساز دەکات کە بیر بکەینەوە لە کوێی ئەو ڕووداوانەدا ڕاوەستاوین و ڕۆڵ و کاریگەریمان لە داهاتووی ئێران و کوردستاندا دەبێ چۆن بێ؟

ئایا ئێمە ئامادەیی ئەوەمان هەیە خۆمان لەگەڵ داواکارییەکانی جیلی زێد و ئاڵفا ڕێک بخەین و هاوکات لەو سەرمایە بەهێزەی ئەوان بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کوردستان و ئێراندا کەڵک وەرگرین. چۆن لەگەڵ ئەم نەسلە بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی خەباتی فرەرەهەندی و بە لێکتێگەیشتن بەرەو ستراتیژی تایبەت هەنگاو هەڵێنینەوە کە بتوانێ بەردەوام بێت. چۆن و کەی و لە چ کات و ساتێکدا ڕێبەریی پلان و ستراتیژیی تایبەت بە دوخی ئێستا و داهاتووی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین. ئایا ئێمە بە شێوەیەکی ستراتیژیک توانیومانە وڵامدەری کۆمەڵگەی ئێستای ڕۆژهەڵات بین؟ ئایا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی تەنیا کاری نەتەوەی کوردە، یا نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش؟ ئایا ئەوە تەنیا کاری یەک حیزبە یا هەماهەنگی و پلانی هاوبەش و تۆکمەی حیزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانیش؟ بۆیە پێویستە بەرفراوانتر و دوورتر بڕوانین، بە تایبەت دوای گۆڕانکارییەکانی ئەم سێ ساڵە و وەزعی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها ڕوانگەی دونیا بە نیسبەت ئێران لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ناوکی و قەیرانخوڵقێنەکانی دیکەی ئەویش دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە.

ئێمە لەو بڕوایەداین؛ دۆخی ناوچەکە دەتوانێ هەم دەرفەت بێ و هەم هەڕەشە. دەرفەت؛ چونکە هاوپەیمانییە گۆڕاوەکان دەتوانن دەروازەیەکی نوێ بکەنەوە بۆ بیستنی دەنگی کورد و کورد ببێتە ئەکتەرێکی کاریگەر. هەڕەشە؛ چونکە هەر هەڵسەنگاندنێکی هەڵە دەتوانێت بزاڤی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بکاتە ئامرازێک بۆ ڕکەبەریی زلهێزەکان. خوێندنەوەمان بۆ سیناریۆکان کە وەک دەرفەت و هەڕەشە لەسەر ڕێگامانن دەتوانن ئەو ئیمکانە بە ئێمە بدەن کە بە شێوەیەکی بەرپرسانە و واقعبینانە مودیرییەتی دۆخەکە بکەین و ڕێبەرێکی سەردەمیانە و سەرکەوتووی گەلی کورد بەرەو دەستەبەربوونی مافەکانی بین.

ئەوەی وەک حیزبەکان لە چوارچێوەی پلان و بەرنامەی حیزبیدا و چ وەک ناوەندی دیالۆگ چاوەڕوانیمان لێ دەکرێ، ئامادەیی مەیدانی و خۆ تەیارکردنە بۆ هەر ڕووداو پێشهاتێک بە دەرفەت و هەڕشەکانیەوە، بە هەماهەنگی و کۆدەنگی وەک بەرەی کوردستانی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزۆسیۆنی سەراسەریدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی هەشتا ساڵ خەباتی بێ وچان و لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا و تا ئێستاش هەوڵی دەستنیشانکردنی دەرفەت و هەڕەشەکانی بەردەم بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورردی داوە و بەرانبەر بە هەر جۆرە پاوانخوازییەک بۆ سەر کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی ڕاوەستاوە. حیزبی دێموکڕات باوەڕی وایە پێکهێنانی یەکگرتوویی نێوان هێزە کوردستانییەکان لەگەڵ یەکتر و، دواتر پێکەوە لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، ئەو هەنگاوە زەرووریەیە کە دەتوانێ ئامانجەکانی بزووتنەوەی کورد و گەلانی دیکەی ئێران دەستەبەر بکات. بۆیە هەوڵ دەدەین لە هەنگاوی یەکەمدا نێو ماڵی کورد ڕێک بخەین و هەنگاوی بەکردەوە بۆ یەکگرتووییەکی ئیستڕاتیژیک هەڵێنینەوە و دواتر بە یەک گوتاری هاوبەشی کوردانەوە لەگەڵ سەرجەم ئێرانییە دێموکڕاتەکان بۆ هێنانەسەرکاری سیستمێکی پلۆرالیست و فیدرالی لە سەر بنەمای دێموکڕاسیەکی گشتگیر حەولەکانمان چڕ دەکەینەوە. بەڵام پێویستە بۆ بە کردەوەیی کردنی ئەم پلانە، هەڵگری وتارێکی شوناسخوازانە بین کە بە دروستی نوێنەرایەتیی تایبەتمەندییەکانی گەلی کورد و کەڵکەڵەکانی کۆمەڵگەی پێگەیشتووی کوردستان بکات.

لە کۆتاییدا وێڕای بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی سەرجەم شەهیدانی کوردستان و بزووتنەوەی ژینا، سڵاو دەنێرین بۆ زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ئەم بزووتنەوەیە کە تا ئێستاش بە بۆنە و بیانووی جۆراوجۆر، بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ڕێژیم ڕاوەستاون و یادی شەهیدەکانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادییان بە زیندوویی هێشتۆتەوە.

## عەلی بداغی:

# هێزە کوردییەکان دوژمن و نەیاری هاوبەشیان هەیە و دەبێ هێز و توانای خۆیان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوان ڕێکبخەن

دیمانە: جەماڵ ڕەسووڵ دنخە



**ئاماژە: ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی سێپتامبری ٢٠٢٥ کۆنفرانسی ژینا، ژن، ژیان، ئازادی بە بەشداریی ٧ حیزبی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری کۆڵن لە ئاڵمان بەڕێوە چوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پارتی ئازادیی کوردستان و کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێکهێنەری ئەم کۆنفرانسەن بوون. لەو کۆنفرانسەدا کە لە سێهەمین ساڵیادی بزووتنەوەی ژینادا بەڕێوە چوو، باس لە پەیام و دەرکەوتەکانی بزووتنەوەی ژینا و دەسکەوت و خەسار و دوورەدیمەنەکانی ئەم بزووتنەوەیە کرا. "کوردستان" لە پەراوێزی ئەم کۆنفراسەدا وتووێژێکی لەگەڵ عەلی بداغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان" کردوە.**

**کاک عەلی سەرەکیترین کێشە و ئاستەنگی بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستادا و ئەوەندەی بۆ حیزبە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە چین؟**

یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی بەردەم بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێکهێنانی یەکڕیزی و هاوخەباتی، هاوهەڵوێستی و یەکگوتارییە لەنێوان حیزبە سیاسییەکان. ئەم یەکگوتاری و یەکڕیزییە بە سەرنجدان بەوەی بزووتنەوەی کورد هەم دەرفەتی زۆر باشی لە بەردەمدایە و هەم هەڕەشە و مەترسیی جیددیشی لەسەرە، بە بوونی ئەم یەکڕیزی و هاوهەڵوێستییە هەم دەسکەوتەکانی هەتا ئێستای بزووتنەوەی کورد مسۆگەر دەبن و هەم دەسکەوتی سیاسیی دیکەش بۆ کورد بەرهەم دێ، ئەمە هەم لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، هەم لە ئاستی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا.

یەکێک لە دەرکەوتەکانی هەوڵەکان بۆ دروستکردنی ئەو یەکڕیزی و هاوهەڵوێستییە، ئەم کۆنفرانسەیە کە دوای چەند مانگ دانیشتن و قسەکردن و دیالۆگی پێکەوەیی ٧ لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەم دێ. دیارە مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم ئەم کۆنفرانسە بەرهەمی کار و دیالۆگی هاوبەشی ئەم ٧ لایەنەیە لە ماوەی ئەو چەند مانگەیە. بەڵکوو لەو ماوەیەدا کە گەڕێکی نوێی دانیشتنەکان و قسەکردنەکان بۆ لێکتێگەیشتن و بنیاتنانی هەیکەل و قەوارەیەک لە هاوپەیمانی و یەکڕیزی لە ئارادایە، ئەم کۆنفرانسە دەتوانێ یەکێک لە کارە عەمەلی و مەیدانییەکان و سەرەتایەکی باش بێت.

لەڕاستیدا ئەمڕۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات ئەویش لە بەرامبەر هێزە ناوەندگەراکان چ حکوومەت و چ ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەت پێویستیی پێیەتی، گوتارێکی هاوبەشی نەتەوەییە. لە نەبوونی گوتارێکی ئەوتۆدا، بۆشاییەکی قووڵ هەستی پێ دەکرێ و دەبینین ئەم بۆشاییە بووەتە لەمپەر لەبەردەم سازان و پێکهاتنی حیزب و هێزە سیاسییەکان و، هەروەها چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆ، نموونەی هەرە زیانبارەکەشی لە بزووتنەوەی ژینادا دەرکەوت کە کورد نەیتوانی وەک پێویست بەری خەبات و خوێن و ڕاپەڕین و قوربانیدانی خۆی هەڵگرێتەوە. بزووتنەوەکە بەلاڕێدا برا، هەندێ لایەن ویستیان دەستی بەسەردا بگرن و هێزە کوردییەکان پەرتەوازە بوون و تەنانەت دەسکەوتەکانی بزووتنەوەکەشش خەریکە لایەنە غەیرە کوردەکان پاوانی دەکەن و دەستی بەسەردا دەگرن.

دیارە ئەمە زۆر ئاساییە کە ئێمە هێزە سیاسییەکان و چالاکانی مەدەنیی نێوخۆش شێوەی ڕوانینی جیاوازمان هەبێ، بەڵام مەخابن کاتێک جیاوازییەکان دەبنە دژایەتیکردن و پاشقولدانی یەکتر، ئیدی کورد گوتەنی لە گۆڕەپانەکەدا سەرمان بێ کڵاو دەمێنێتەوە. ئەوە جیا لەوەی کە نەبوونی ئەم گوتاری هاوبەش و هاوهەڵوێستییەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان، ئاراستەی گۆڕانکاری و ڕووداوەکان لە نێوخۆی کوردستانیشی گۆڕیوە و هەم بووەتە هی پەرتەوازەیی و هەم سستی و پاسیڤبوون. واتە لە نەبوون و بۆشایی ئەم گوتار و یەکڕیزییەدا ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆ ناقۆزرێنەوە، ئاراستە وەرناگرن و ناخۆشە کە دەڵێم بەسەر دەستماندا مندار دەبنەوە.

بۆیە ئێمە بە بایەخ و گرینگییەوە لەو کۆنفرانسە و هەروەها لە هەوڵەکانی ئێستامان بۆ هاوخەباتی و یەکڕیزی دەڕوانین.

**زیانەکانی نەبوونی یەکگوتاری و ئەو پەرتەوازەیی و فرەگوتاری و فرەهەڵویستییانە چ بوون؟**

نەبوونی یەکگوتاری زیانی زۆری بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت بەرامبەر بە دەسەڵات و هەژمۆنیی ناوەندگەراکان گەیاندوە. لەوەدا شک نیە کە کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی ئایدیۆلۆژیک و سەرکوتگەرە، ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمەش بەشی زۆریان ڕوانگەی پانئێرانیستی و فاشیزمییان بە نیسبەت مافی نەتەوەکان و کورد وەک نەتەوەیەکی مافخواز هەیە. بەڵام ئەدی لە نێوخۆماندا چی؟ ئایا ئەم نایەکگرتووییە لەمپەر نەبووە لە بەردەم بەهێزبوونماندا؟ ئایا ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ئێمە نەتوانین بەباشی سەرمایە و هێزە کۆمەڵایەتییەکانمان لە ڕەوتی خەباتدا بەڕێکخراوتر بکەین. با... بێگومان با و زۆریشمان لەوە زیان کردوە. هەر لە ساڵانی یەکەمی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و کەفوکوڵی شۆڕش ئێمە چەند دەنگ و چەند گوتارمان لە کوردستان هەبوو. گوتاری نەتەوەیی، گوتاری چەپ و مارکسیستی، گوتاری ئایینی و هەموو ئەوانە درزیان خستبووە نێو بزووتنەوەی کورد و وایان کرد کە بەجێی قایمکردنی سەنگەرەکانی کوردستان لەدژی حکوومەتی ناوەندی کە هێرشی کردبووە سەرمان و کوردستانی لە ئاگر و خوێن وەردابوو، تەنانەت بۆخۆمان شەڕی خۆبەخۆ بکەین. ئەمە لە بزووتنەوەی ژیناشدا دووپات بوویەوە و ئەمن ناچمە نێو ئەو وردەکارییە کە جۆرج تاون و سڕکردنی ناوەندی هاوکاری، کە بەیاننامەکانی ئەم ناوەندی هاوکارییە بووە هۆی هەڵگیرسانی ئەم ڕاپەڕینە چ زیان و زەربەیەکی لە بزووتنەوەکەمان دا.

٤٥ ساڵ دوای ئەو ساڵانە ئێستاش ئەو کەلێنەمان تێدایە، بۆیە لەلایەک حکوومەت و ئۆپۆزیسیۆنە سەراسەرییەکەی بە هەندمان وەرناگرێ، گرینگیمان پێ نادا و هێز و توانامان دەکەوێتە پەراوێزەوە. لە لایەکی دیکەش بەردەوام درز و کەلێنی خستووەتە نێو ئێمە و لێکیان هەڵبڕاندووین و بۆخۆیان براوە بوون. ئەم حەقیقەتە هەیە و تاڵە و دەبێ دانی پێدا بنێین کە بەشێک لە هۆکارەکان خۆمان بووین کە لە نەبوونی گوتارێکی هاوبەشی گشتگیردا هێزی خەباتگێڕیی هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگەکەمان یەک بخەین.

مەسەلە ئەوە نیە کە حیزبە سیاسییەکان هەموو هەڵوەشێنەوە و ببن بە یەک، مەسەلە ئەوە نیە حیزبە سیاسییەکان هیچ جیاوازییەکی ڕوانگە و بۆچوونیان لەگەڵ یەکتر نەبێ، مەسەلە ئەوەش نیە کە ڕەخنەمان لە یەکتر نەبێ و ئەوەندە تەنەزول بۆ یەکتر بکەین کە خۆمان نەناسینەوە، مەسەلە ئەوەیە کە ئێمە دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە، نەیار و بەدخواگەلی هاوبەشمان هەیە و ئێمە دەبێ ئینێرژی و هێز و توانای خۆمان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەوان بەکار بێنین، ئەویش لەپێناو دەسخستن و پاراستنی ئەو ماف و دەسکەوتانەی کە ئی هەموومانە وەک کورد. بۆیە وتووێژ و هەوڵی پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی بۆ هاوخەباتی و یەکڕیزیی حیزبە سیاسییەکان کە بێگومان دەبێتە هۆی یەکگرتوویی لە نێوخۆی وڵاتیش ئەم ئیمکانە بە ئێمە دەدا لە بەرامبەر دوژمنان و نەیارانمان بەهێزتر ببین. ئەمە ئەرکێکی حەیاتییە کە حیزبی دێموکرات هەموو کاتێک هەستی بەو زەروورەتە کردوە و هەوڵی بۆ داوە و لە هەوڵەکانیشی بەردەوام دەبێ و بەشبەحاڵی خۆی بە تەواوی لە بەرامبەر ئەو ئەرکەدا هەست بە بەرپرسایەتی دەکا.

**کۆنفرانسە هاوبەشەکەی کۆڵن داهاتووی کاری پێکەوەیی ئەم ٧ حیزبە لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی و نەیارە ئێرانییەکان دەباتە کوێ؟**

هەروەک باسم کرد بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو بە هۆی لێکترازانەکان و دوورکەوتنەوەی لایەنە سیاسیەکان و فرە گوتارییەکان و خستنەپێشێی بەرژەوەندیی حیزبی لەهەمبەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی و گشتی، زۆر دەرفەتی لە دەست داوە. ئێستا دوای بزووتنەوەی ژینا لە سێ ساڵ پێش هەتا ئێستا، دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبر و شەڕی ١٢ ڕۆژە هەلومەرجی سیاسی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییش گۆڕانکاری قووڵی بەسەردا هاتوە. هەمووان دەبینین کە دۆخی ژیئۆپۆلیتیکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەندە خێرا لە حاڵی گۆڕاندایە.

لە ڕاستیدا بزووتنەوەی کورد هەتا ئێستا کەمتر لە مەتن و بەتنی ئەو هاوکێشە گرینگانەدا بووە و ئێستا کاتی ئەوەیە کە لە پەراوێزەوە بێینە نێو مەتن و ببین بە ئەکتەری سەرەکیی گۆڕانکارییەکان. بۆ ئەوەش دەبێ قەوارەیەکی سیاسیی بەهێز و یەکگرتوومان هەبێ، چەترێکی هاوبەش کە هەمووان لەژێر ئەو چەترەدا هێز و توانای خەباتگێڕی و گۆڕانخوازیی خۆمان بخەینە سەریەک. ئەمە لە نان و ئاو بۆ بزووتنەوەکەمان پیویستترە کۆمەڵگەی ئێمە لە تەنیشت جیاوازیی بۆچوون و ڕوانگەی سیاسیی حیزبەکانمان، کۆمەڵگەیەکی فرەچەشنی ئایینی و زاراوەییشە و هەم ڕێژیم و حکوومەتی ناوەندی و هەم ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمەش کە هێشتا هیچ دەسەڵاتێکی نیە، دەیانەوێ ئەو جۆراوجۆرییانە و ئەم جیاوازییانە بکەنە سەبەب بۆ لێکترازان و هەڵوەشانی زیاترمان. ئێمە نابێ ڕێگە بەوە بدەین. بۆیە لە هەنگاوی یەکەمدا ئەم ٧ حیزبە دەبێ قەوارە و پێکهاتەی هاوپەیمانی و یەکڕیزیی خۆیان زۆر زوو پێک بێنن. شتی هاوبەش لەنێوان ئێمەدا زۆرە و بابەتە ناکۆک و جیاوازەکانیش نابێ ڕێگە لە پێکهاتن و سازانی ئێمە و تێپەڕین لەو قۆناغی گوزارە بگرن و یەکلاکردنەوەی هەندێ بابەت لەسەر جۆری حوکمڕانیی داهاتووی کوردستان با هەڵگرین بۆ بڕیار و ئیرادەی گشتیی خەڵک کە لە پرۆسە و سازوکارێکی دێموکراتیکدا بە دەنگی ئەوان دیاری دەکرێ.

ئێمە نابێ لەبیرمان بچێ کە لەدژی پێکهاتە و نیزامێکی سیاسیی سەرکوتگەری پاوانخوازی وەک کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەین کە هیچ مافێکی سیاسی و نەتەوەیی بۆ ئێمە بە ڕەوا نابینێ و بە توندترین شێوەی سەرکوتی کردووین و سەرکوتمان دەکا.

ئێمە نابێ ڕوانگە و بۆچوونی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی فارس و هەژمۆنیخوازیی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا نەبینین کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ جەوهەری حاکمییەتی ئێستای کۆماری ئیسلامی نیە. ئێمە نابێ چاوی خۆمان لە بەرنامەی وڵاتان و زلهێزان و بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە یەکلاکردنەوەی هاوکێشەکان لە ئێراندا بنووقێنین کە بێتوو نەبینە ئەو هێز و ئەکتەر و مەرجەعە، زۆر بە ئاسانی وەلا بندرێین و دیسان چارەنووسی ئێمە هەر شەڕ و قوربانیدانی زیاتر بۆ مافەکانمان بێ. بۆیە هەنگاو و بڕیارەکانی ئەم ٧ حیزبە لە کێشانی ئەو نەخشەڕێیە و ئەو دوورەدیمەنە لە خەباتی نەتەوەکەمان زۆر گرینگە.

**بەڵام هەم پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی و هەم ڕوانگەی ئۆپۆزیسۆنی ئەم ڕێژیمەش بۆ مافەکانی نەتەوەکانی ئێران وەک بەربەستێکی جیددی لەهەمبەر داهاتووی ئێران نابینن؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنی سیاسیی کوردی دیکەش هەیە کە پەیامی ڕوون و ئاشکرایان ئەوەیە ئێرانی داهاتوو دەبێ لەسەر بنەمای داننان بە فرەنەتەوە و فرەئایینیی ئەو وڵاتە و دەستەبەربوونی مافەکانی ئەو پێکهاتە و فرەییانە دروست بێتەوە. ئەگینا زەحمەتە سنوورە جوغرافیاییەکانی ئەم وڵاتە بە شێوەی ئێستا بمێنێ و بەرپرسایەتیی هەڵوەشان و دابەشبوونی ئەو وڵاتەش لە ئەستۆی ئەو لایەنە ناوەندگەرایانە بوونی خۆیان لە سڕینەوەی ئەوانیدیدا دەبینن و وەک نەتەوەی سەردەسر لە هەموو فۆڕم و شێوەیەکدا هەوڵی سەرکوتی جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئێران دەدەن.

**چ شتێک دەتوانێ ئەم ٧ حیزب و لایەنە سیاسییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە؟**

بە خۆشییەوە خاڵی هاوبەش لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆرە و خاڵی کۆکەرەوەی حیزبەکانیش لەگەڵ یەکتری کەم نین. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لە ماوەی زیاتر لە ٨ دەیەی ڕابردوودا خەبات و تێکۆشانمان بۆ بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد و بنیاتنانی دامەزراوەیەکی نیشتمانی و دێموکراتیک لەسەر بنەمای ئیرادەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. باوەڕیشمان وایە کە وەدیهێنانی ئەم ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەش لەگرەوی یەکگری و یەکڕیزیی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و بەشداریی کارای هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە. هەروەها بە سەرنجدان بە ئەزموونی پێنج دەیەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی کە نەک حاشای لە هەر چەشنە ماف و ئازادییەکی سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی کورد لە ئێران کردوە، بەڵکوو بە توندترین شێوەی مومکینیش سەرکوتی کردوە؛ پێمان وایە خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیک و فیدڕاڵ لە ئێران ئەرکێکە لەسەر شانی هەمووان. هەڵبژاردنی ئازاد، ویست و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دابینبوون و دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی نێو جوغرافیای سیاسی و بەڕێوەبەریی کوردستان، پڕەنسیپە جیهانگیرەکانی مافی مرۆڤ و بە دامەزراوەکردنی سیستمی بەڕێوەبەری و دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی لە خەباتی ژنانی کوردستان لەپێناو یەکسانیی ڕەگەزی و هاوبەشییان لە هەموو کایە سیاسی و بەڕێوەبەرییەکان بەشێکی دیکە لەو خاڵە هاوبەشانەن کە دەتوانن کۆکەرەوەی حیزبە سیاسییەکان و بنەماکانی پێکهێنانی هاوپەیمانییەک بن.

**سپاس کاک عەلی بۆ بەشداریت لەم دیمانەیەدا**

ئێوەش ماندوو نەبن

درێژەی ل ١...

# ڕوانینی حیزبی دێموکرات لەبارەی گەڕانەوەی ئابلۆقە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر ئێران

... بە تەواوی تەریک دەکەوێتەوە. گەڕانەوەی ئێران بۆ ژێر فەسڵی حەوتەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک دەرەنجامی چالاککردنەوەی ئابلۆقەکان، شەرعییەتی گرتنەبەری هەر چەشنە ڕێکارێک دەداتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە بتوانێ مەترسی لەسەر ئەمن و ئاسایشی نێودەوڵەتی لا ببات.

وەگەڕکەوتنەوەی ئابلۆقە ئابوورییەکانی شوڕای ئەمنییەت بۆ سەر ئێران لێکەوتەی جۆراوجۆری دەبێت، وەک ڕێگری لە هەناردەکردنی نەوت وەک شارەگی ئابووریی ئێران، دەستڕانەگەیشتن بە سیستەمی ماڵیی سویفت بۆ گواستنەوەی پارە و دراو، هەڵاتنی وەبەرهێنەرانی بیانی، بەرزبوونەوەی هەڵاوسان، نزمبوونەوەی بەردەوامی نرخی تمەن و خێراتربوونی ڕەوتی کشانەوەی وەبەرهێنەرە نێوخۆیی و بیانییەکان لە بازاڕی وەبەرهێنانی ئێران کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێران دەبێ و ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان و تەقینەوەی بێزاری و بێدەرەتانیی خەڵک بە شێوەی جیاوازی لێ بەدی دەکرێ.

هەرچەندە کۆماری ئیسلامی پێشتر بۆ ماوەی ٩ ساڵ واتە لە ساڵی ١٣٨٥ هەتا ١٣٩٤ لەژێر فەسڵی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو کە بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی بەرجام کۆتایی بەو دۆخە هاتبوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ و لە بارودۆخێکی جیاواز چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە، گەڕانەوەی ڕێژیم بۆ ژێر فەسڵی حەوتەم، جیاوازە و دەرکەوتەکانیشی زۆر زیاتر لە پێشوو قورس و کارەساتبار دەبن، بە جۆرێک کە ئەستەمە بتوانێ بەرگەی بگرێ و یان لانیکەم بەبێ تێچووی قورس تێپەڕی بکا. ئێستا کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆدا لەگەڵ کۆمەڵە قەیرانێکی بەرینی حوکمڕانی بەرەوڕوویە و سەرەڕای لەدەستدانی متمانە لەلایەن نەتەوەکانی ئێرانەوە، ناتوانێ خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بۆ خەڵک دابین بکا. سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی جەماوەریی ژن، ژیان، ئازادی کە لە ماوەیەکی چەند مانگەدا ڕێژیمی هەتا لێواری داڕمان برد، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامی چ لە ڕووی ئایدۆلۆژی و چ لە ڕووی حوکمڕانیدا شکستی خواردوە.

لەلایەکی دیکەوە پاش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبر و هێرشی ئیسڕائیل بۆ سەر گرووپە تێرۆریستییەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەدا و دواتر هێرشی ئیسڕائیل و ئەمریکا بۆ سەر ئێران و هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی ئابلۆقەکانی شوڕای ئەمنییەت، دۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئێستا ئیدی کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین دەورانی خۆیدایە و زۆربەی کارتەکانی لە سیاسەتی دەرەوەدا لە دەست دەرهاتوە. بە سەرنجدان بەوەش کە ڕایگەیاندوە ئابلۆقە ئابوورییەکان نابنە هۆی ملکەچبوونی و دەشزانین ڕێژیم نە پابەندی ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان دەبێ و نە واز لە بەرنامەی ناوکیی خۆی دەهێنێ؛ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆی هەیە بە پشتبەستن بە ماددەی ٤٢ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی ملکەچکردنی ڕێژیم بۆ ڕێزدانان بۆ ئاشتی و ئەمنییەتی نێودەوڵەتی دژی کۆماری ئیسلامی پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز ببات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەر لە سەرەتاوە، سروشتی سەرەڕۆ و دژەمرۆیی ئەو ڕێژیمەی ناسیوە و بەردەوام هەوڵی داوە ڕوخساری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی بە ڕۆژئاوا نیشان بدا، لەسەر ئەو باوەڕەیە دۆخی هەنووکەی ئێران و مەترسیی سەرهەڵدانی شەڕ دژی کۆماری ئیسلامی، دەرەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتە فراوانخوازییەکانی ڕێژیمە و دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بەرپرسیاریێتیی هەموو ئەو دۆخەیان دەکەوێتە ئەستۆ. هاوکات دەوڵەتانی ڕۆژئاواش دەیان ساڵە بە چاوپۆشیکردن لە پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی ئێران بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ و سەرکوتی سیستماتیکی گەلانی ئێران و تێرۆر و ئێعدامی جیابیران و نەیارانی سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران، بە کردەوە یارمەتیی ڕێژیمیان بۆ پەرەپێدان بە سیاسەتە تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕییەکانی داوە. بۆیە بچووککردنەوەی کێشەخوڵقێنییەکانی کۆماری ئیسلامی بە بەرنامەی ناوکی و غافڵبوون لە ماهییەتی تیرۆریستی و دژەمرۆیی ئەو ڕێژیمە، دەرفەتی بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی ڕێژیم ڕەخساند. گەلانی ئێران لە ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ڕابردوو و بەتایبەت لە بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)دا خوازیاری ڕووخانی ڕێژیم بوون و لە دروشم و ئەکتی جۆراوجۆر و جیاوازدا ئەو ویستەیان دەربڕی. بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە ئەو ڕاستییە ببینێ و دان بەوەدا بنێ کە تاکە ڕێگای ڕزگاریی نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێران لەژێر ستەم و دیکتاتۆڕی و کۆتاییهێنان بە سیاسەتی نابەرپرسانە و گێرەشێوێنانە لە ناوچە و لە ئاستی جیهانیشدا، نەمانی ئەو ڕێژیمە و هاتنەسەرکاری سیستمێکی دێموکراتیک و بەرپرسیارە کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و پابەندییە نێودەوڵەتییەکان بگرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتئەستوور بە هێزی خەباتگێریی هەردەم ڕوو لە گەشەی زیاتری گەلانی ئێران و کەڵکوەرگرتن لە فاکتەری نێودەوڵەتیی، ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بۆ هاوخەباتی و یەکخستنی هێزەکانیان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و هێنانەسەرکاری نیزامێکی سیاسیی فیدڕاڵ، سێکۆلار و دێموکرات بانگهێشت دەکاتەوە.

# خەسارناسیی شکڵنەگرتنی گوتاری هاوبەش


د. ئازاد محەممەدیانی

له فەزای سیاسیی کوردستاندا بەردەوام گوێمان لە وشەی یەکگرتوویی دەبێ، وشەیەک کە زۆربەی سیاسەتمەدارانی ئێمە بە کاری دێنن بۆ پێوەندیی خۆیان لەگەڵ لایەن و حیزبە سیاسیەکانی دیکە، بەڵام لام وایە ئەوم وشەیە تەنیا یەک وشەی ئینتزاعییە، بێ ئەوەیکە مانایەکی تایبەتی هەبێ. واتە دیار نیە مەبەست لە یەکگرتوویی چیە و بە چ مکانیزمێک و لە سەر کام بنەما؟ بۆیە هەرگیز نە پێناسەیەکی دروستمان لە یەکگرتوویی دیتووە و نە یەکگرتووییش لە نێوان ئەو لایەن و ڕەوتانەدا بەدی هاتوە. کەواتە دەبێ کێشەکە شتێکی دیکە بێ و پێویستە وردتر سەرنج بدەین کە لەکوێی ئەو باسەدا ئێمە هەڵە دەکەین یا تێگەیشتنێکی نادروست لە ئارادایە.

هەڵبەت زۆر جار لایەنەکان بە قەولی خۆیان هاوپەیمان بوون و یەکگرتوو، بەڵام لە کاتە هەستیارەکاندا دیومانە هەر یەک بە لایەکدا ڕۆیشتوون و هەموو شتێک لە چرکەیەکدا هەڵوەشاوەتەوە، کە نموونەی مێژوویی لە ڕۆژهەڵات و پارچەکانی دیکەش زۆرن. هۆکار چیە؟ دیارە شتێک پێش یەکگرتوویی دەبێ لە ئارادا بێ. شتێک وادیارە غایبە، کە من لام وایە گوتاری هاوبەشە. شکڵنەگرتنی گوتاری هاوبەش هۆکاری سەرەکی سەرنەگرتنی یەکگرتوویی یا درێژەدار نەبوونی یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردە.

## گوتاری هاوبەش چیە و بۆ شکڵ ناگرێ؟

له پلەی یەکەمدا پێویستە پێناسەیەک لە گوتار بدەین بە دەستەوە. لە ڕاستیدا گوتار کۆمەڵێک مانا، واتا، نیشانە، کردەوە و قەواعیدی ڕەفتاری و زمانیین کە مانا دەبەخشن بە واقعیەتی کۆمەلایەتی و سیاسی یەک جەریان، حیزب و بڕوا و شوناسی پێکهاتەیەک. گوتاری هاوبەش بە مانای کۆمەڵێک لەو مانا، واتا و چەمکانەن کە سەرەڕای جیاوازیی ڕوانین لە نێوان لایەنەکان و پێکهاتەکان وەک چوارچێوەیەکی لانیکەمی بەڵام گشتی قەبووڵ دەکرێ و دەبێتە بنەمای هاوکاری و یەکگرتوویی.

ساز بوونی ئەم وێژمانە هاوبەشە بە ڕواڵەت ئاسان دێتە بەر چاو، بەڵام هەر ئەو بابەتە ئاسانە تا ئێستا نەیتوانیوە لەنێو کورددا ساز بێت. لام وایە سەرەکیترین هۆکاری شکڵنەگرتنی ئەم گوتارە هاوبەشە دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی "ئەویتری سازی" لە وێژماندا.

هەر گوتارێک بۆ سەقامگیری واتا و چەمکەکانی خۆی حەول دەدا ئەویترێک لە خۆی ساز بکات و لە بەرابەر ئەو دیگەرییەدا پێناسەیەک لە شوناسی خۆی بدا بەستەوە. ئەم ئەویترییە دوو جۆری هەیە؛ "ئەویتری نێوخۆیی" و "ئەویتری دەرەکی". ئەویتری یان دیگەریی دەرەکی بریتییە لەو ئەویترییەی کە لە ئەودیوی سنوورەکانی شوناسی نەتەوەیی و سیاسیی ئێمەدا بوونیان هەیە. سنووری ئەویتری نێوخۆیی بریتییە لەو پێکهاتانەی کە لەم دیو یا ژوورەوەی سنوورە سیاسی، کۆمەڵایەتی و شوناسەکاندان، بەڵام لە نێوانیاندا جیاوازی هەیە، بەو مانایەی لە بەینی ئەویترییە دەرەکییەکان یا باشتر بڵێم ئێمە و ئەویتری دەرەکیدا سنوورێکی هۆویەتی بوونی هەیە، بەڵام لە نێوان ئەویتریە نێوخۆییەکان ئەو سنوورە هۆویەتیە بوونی نیە و تەنیا شتێک کە هەیە جیاوازییە.

ئەویتری دەرەکی لەسەر بنەمای دژایەتی ((Antagonistic othering ساز دەبێ و ئەویتری نێوخۆیی لەسەر بنەمای ڕەکەبەرایەتی (Agonistic othering). بۆ چارەسەری پرسی ئەویترییە نێوخۆییەکان چەمکێک هەیە بە ناوی فرەخوازی ڕەکەبەرایانە، یا (pluralist agonism)، کە بەپێی ئەم چەمکە دێموکراسی نە لە سەر ئیجماعی تەواو بەڵکوو لە سەر دامەزراوەسازیی ئەم ڕەکەبەرایەتییانە ساز دەبێ، واتە کۆمەڵگە دەبێ دۆخێک ساز بکات کە پێکهاتە و گرووپەکان بتوانن کێشەکانی خۆیان لەسەر بنەمای ڕکەبەرایەتییەک کە مەشرووع دەناسرێ چارەسەر بکرێن. کەواتە لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەتی دێموکڕاتیک دەبێ ئەم سێ خاڵە لەبەرچاو بگرێ:

١. قەبووڵی جیاوازی و ڕەکەبەرایەتیی دایمی.
٢. گۆڕینی دوژمن بە ڕەکەبەر.
٣. دامەزراندنی بنکە و دامەزراوە گەلێک کە ئیمکانی باسکردن و چارەسەرکردنی جیاوازی و کێشەکانی تێدا هەبێ.

کەواتە لە سیاسەتدا هەمیشە ئەویتری بوونی هەیە. بەڵام گرفتی سەرەکی لە نێو کورددا لەو جێیەوە دەست پێ دەکا کە ئەویتری نێوخۆییش لەسەر بنەمای دژایەتی ساز دەبێ و لایەنەکان حەول دەدەن مەشرووعیەتی یەکتر بسڕنەوە. واتە ئەویتری نێوخۆیی ڕێک وەک ئەویتری دەرەکی دەبێتە دژبەر، وەک دوژمن هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ و دەست بۆ هەموو شێوە کارێک دەبردرێ تا بسڕدرێتەوە، تەنانەت بۆ چەکیش. لەم دۆخەدا ئیمکانی سازان و ڕێککەوتن نیە، تۆ ناتوانی لەگەڵ لایەنێک کە بە دژبەری دەزانی بیر لە دژایەتیی بەرژەوەندییەکان نەکەیەوە. کەواتە ئەویتری ئەنتاگۆنیسمی لەمپەڕی سەرەکیی شکڵگرتنی گوتاری هاوبەشە. مەبەست لەو گوتارە هاوبەشە گوتارێکە کە ئیدی لە خزمەت بەرژەوەندیی حیزبیدا نیە ،بەڵکوو بەرژەوەندییەکی گشتیتر واتە نەتەوەیی دەبێتە مێحوەری ئەو گوتارە. لەم گوتارە هاوبەشەدا هێندێک چەمک هەن کە نەگۆڕن، واتە ئەو چەمکانە دەبنە بەرژەوەندی و پیرۆزی نەتەوەیی و حیزبەکان ئەوە دەکەنە بنەمای گوتاری هاوبەش، دژ بە ئەویتری دەرەکی.

ئامریکا وەک وێنە باس دەکەم، ئەگەر بڕوانینە ڕەکەبەرایەتییەکانی نێوان دوو حیزبی دێموکرات و کۆماریخوازەکان، بە نیسبەت یەکتر زۆر بێڕەحمن و بە ئازادی تەواوەوە ڕەخنە لێک دەگرن، بێ ئەوەیکە خیانەت بە نەتەوەکەیان بکەن، بۆ؟ ئەوان لە سەر سێ شت ڕاوەستاون:

١. (American Dream) کە بریتییە لە بەرابەریی دەرفەتەکان، شایستەسالاری، ئازادیی تاک و...
٢. پەرچەم
٣. یاسای بنەڕەتی.

بەڵام کاتێک هەڵسەنگاندنێک دەکەی، دەبینی ئێمە خولیایەکی کوردانەمان ساز نەکردوە کۆکەرەوەی هەموومان بێ، ئێستاش ئاڵایەکمان نیە کە هەموو لایەنەکان لە سەری کۆک بن، یاسایەک یا بنەمایەک بۆ ئەو دەسەڵاتدارەتییە کە بڕیارە لە داهاتوودا سازی کەین نەنووسراوەتەوە، واتە "social con-tract"ێکمان نیە بمانخاتەوە سەر یەک سفرە.

بەبێ گوتاری هاوبەش یەکگرتوویی بێ مانایە و ئەگەریش شکل بگرێ درێژەی نابێ و لە کاتە هەستیارەکاندا لێک بڵاو دەبێ. ئێمە لە کاتێکدا کە هیچ شتێکی تایبەتی وەک بزووتنەوە و گۆڕانکاری لە ئارادا نیە بێ کێشەین، لانیکەم کێشەیەکی ئەوتۆمان نیە و یەکگرتووشین، بەڵام کە ڕووبەڕووی دۆخێکی هەستیار دەبینەوە و پێویستە بە گوتارێکی هاوبەشەوە بەرامبەر بە دژبەرەکانمان ڕاوەستین، ڕێک لەو کاتەدا لێک بڵاو دەبین. نموونە:

ساڵی ١٣٥٧ خودموختاریی ئیسلامی و خودموختاری نا ئیسلامی، سازشکار و ناسازشکار، بزووتنەوەی ژینا و ئەوەی ڕووی دا لە درێژەی بزووتنەوەکەدا؛ یان ١٦ ئۆکتۆبر و پرسی ڕێفراندۆمی باشوور. ئەمە پێمان دەڵێ تۆ ناتوانی وەختێک گوتارێکی هاوبەشی نەتەوەییت ساز نەکردوە بیر لە دەوڵەت بکەیەوە، دەوڵەت نەتەوە پێویستی بە وێژمانی هاوبەشە. جا کەس هەیە دەڵێ فرە حیزبی لەمپەڕی سەرکەوتنە، ئەوە هەڵەیە، ئەوەی کە لەمپەڕی سازکردنی کیانێکی کوردییە نەبوونی گوتارێکی نەتەوەیی یا باشترە بڵێم گوتاری هاوبەشی نەتەوەییە.

گرینگترین خەسارەتی نەبوونی ئەم گوتارە هاوبەشە، ناردنی پەیامی نەرێنی و سازکردنی درز لە نێوان کۆمەڵگەدایە، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوە یا ڕاوەستاندنی خێرایی گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ساڵانێکە ڕێگای خۆی دیوەتەوە. چون هۆکاری نەبوونی گوتاری هاوبەش وەک باس کرا ئەویتریسازیی دژبەرانەیە، واتە لە بری ڕەکەبەرایەتیی حیزبی دژایەتییەکی حیزبی لە ئارادایە. ئەگەر بڕوانینە نەورۆزی ئەمساڵ، ئەوە ڕاستە کە ئەوەی ڕووی دا بەرهەمی چەند دەیە خەباتی پێشمەرگانە و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە، بەڵام هاوکات کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردیش توانیویەتی حەساسییەتەکان دەرک بکات و هەلەکان بقۆزێتەوە و بیکاتە ئەو بزووتنەوە زیندووە کە لە ئارادایە. لە وەها دۆخێکدا لە لایەن هێندێک حیزبەوە بە ناردنەوەی ئاڵای جۆراوجۆر حەول درا بکرێتە مەیدانی حیزبایەتی، واتە کرایە مەیدانی دژایەتیی بەرژەوەندییەکان، ئەوە لە کاتێکدایە کە کۆمەڵگەی مەدەنی بەپێی پێناسەکان دوورە لە دژایەتیی بەرژەوەندییەکان، ئەو کارەی کە ڕووی دا بە مانای سەربەخۆیی ستاندنەوە لە کۆمەڵگەی مەدەنی و ئیزن‌نەدان بەو گوتارە هاوبەشەیە کە نێوخۆ خەریکە دوور لە جەنجاڵی حیزبی سازی دەکا.

بۆیە نەبوونی گوتاری هاوبەش نە تەنیا بۆ سیاسەتی کوردی خەسارەت و کەمایەسییە، بەڵکوو خەریکە خەسارەتیش لە کۆمەڵگەی مەدەنی کوردی ڕۆژهەڵات دەدات.



گرفتی سەرەکی لە نێو کورددا لەو جێیەوە دەست پێ دەکا کە ئەویتری نێوخۆییش لەسەر بنەمای دژایەتی ساز دەبێ و لایەنەکان حەول دەدەن مەشرووعیەتی یەکتر بسڕنەوە. واتە ئەویتری نێوخۆیی ڕێک وەک ئەویتری دەرەکی دەبێتە دژبەر، وەک دوژمن هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ و دەست بۆ هەموو شێوە کارێک دەبردرێ تا بسڕدرێتەوە، تەنانەت بۆ چەکیش. لەم دۆخەدا ئیمکانی سازان و ڕێککەوتن نیە، تۆ ناتوانی لەگەڵ لایەنێک کە بە دژبەری دەزانی بیر لە دژایەتیی بەرژەوەندییەکان نەکەیەوە.

# ئایدیۆلۆژیا وەک ئامرازی ڕزگاری:

## شیکارییەکی "ئاڵتوسێر"یانە بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات (٢_٢)



شاڕوخ حەسەنزادە




### ئایدیۆلۆژیا وەک گۆڕەپانی شەڕی نێوخۆیی

لە وڵامی گریمانە سەرەتاییەکەی ئەم وتارەدا، دەبێت ئاماژە بەوە بکرێ، کێشەی بزووتنەوەی سیاسی کورد، هەبوونی ئایدیۆلۆژیا نەبووە، بەڵکوو شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا بووە. بزووتنەوەی کورد لە هەمبەر بەرەنگاربوونەوەی پرۆسەی تواندنەوە (ئاسیمیلاسیۆن) و "بانگهێشتن"ی دەوڵەتی ناوەندی، ناچار بووە "دژە-ئایدیۆلۆژیا"یەک بەرهەم بنێت و "دژە-بانگهێشتن"ێک دابنێ هەتا بتوانێت کۆمەڵگە ڕێک بخات و مانا بە خەبات ببەخشێت. بەڵام ئەم پرۆسەیە بەرەو شەڕی ناوخۆیی چوو! لە قۆناغە گرنگەکانی مێژووی خەباتی گەلی کورد لەو جوگرافیایەی کە بە ناوی ئێران دەناسرێت، ئایدیۆلۆژیا لە "ئامرازێک"ەوە بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکان، وەک "ئامانج"ی کۆتایی پێناسە کرا. ڕەکابەرییەکان لە نێوان حیزبە خاوەن ئایدیۆلۆژیا ڕەقیب یان نەیارەکان (بۆ میناک ناسیۆنالیزم لە بەرامبەر سۆسیالیزم، یان خوێندنەوە جیاوازەکان لە مارکسیزم) بووە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری وزەی بزووتنەوەکە، بۆ سەلماندنی ڕەوایی ئایدیۆلۆژیی خۆی و نکۆڵیکردنی ئەوانی تر تەرخان بکرێ. ڕژد بوون لەسەر پۆختیی ئایدیۆلۆژی و پەیڕەویکردنی دەمارگرژانەی ئەو مۆدێلانەی کە زۆرجار بۆ کۆمەڵگەکانی تر داڕێژرابوون، بوونە لەمپەر بۆ سازکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو و کردارگەرا. ئەم دۆگماتیزمە لە نەشیاوترین شێوەی خۆیدا، پێکدادانی نیزامی ناوخۆیی لێکەوتەوە (لە ئەدەبیاتی سیاسیی کورد بە "براکوژی" ناودەبرێت). ئەم شەڕ و پێکدادانانە نەک هەر بوونە هۆی گیان لەدەستدانی سەدان پێشمەرگە و کادری سیاسی، بەڵکوو بوونە برینێکی ناسۆر لەسەر جەستەی متمانەی کۆمەڵایەتی و هیوای خەڵک بە سەرکردایەتیی سیاسی لاواز بوو و باشترین دەرفەتیان بۆ ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ناوەندی ڕەخساند، هەتا سیاسەتی "دووبەرەکی بنێ و حکوومەت بکە" جێبەجێ بکەن. تەرکیزکردنی لە ڕادەبەدەر لەسەر باسە تیۆری و ئایدیۆلۆژییەکان، هێندێک جار دەبووە هۆی دروستبوونی کەلێن لە نێوان چینی دەستەبژێر و سیاسییەکان و خەڵک لەگەڵ یەکتر. لەکاتێکدا خەڵک لەتەک پرسەکانی ڕۆژ، قەیرانە جۆربەجۆرەکان، سەرکوت و چەوساندنەوەی چڕیی حکوومەتی بەرەوڕوو دەبوونەوە، بەشێک لە وزەی ڕێبەرانی سیاسی بۆ کێشە ناوخۆییەکان و باڵ باڵێن و لەتبوون تەرخان دەکرا، کە بۆ ژیانی ڕۆژانەی خەڵک هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو.

کەوابوو، شیکردنەوەی بەرەی ناوخۆیی دەردەخەری ئەوەیەکە چۆن ئایدۆلۆژیا، کاتێک بەشێوەیەکی دەمارگرژانەی ویشک و پاوانخوازانە بەکار دەهێنرێت، دەتوانێت لە چەکێکی ڕزگاریدەرەوە ببێتە تەنافێک و بزووتنەوەیەک بخنکێنێت. ئەم خەسارناسییە، بەستێن بۆ بەرسڤی بەشی داهاتوو خۆش دەکات: چۆن دەکرێ لەم داوە ڕزگار ببین و ئایدۆلۆژیا بکەینە ئامرازێکی عەقڵانی بۆ ڕزگاری؟

### ڕێگای دەرچوون؛ گواستنەوە لە دۆگماییەوە بۆ ئایدۆلۆژیای ئاوەزمەند

دوای تەتەڵەی گۆڕەپانی شەڕیی ئایدۆلۆژی و تێگەیشتن لە دەوری وێرانکەری ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتدار لە لایەک و، خەسار و زیانەکانی دەمارگرژی لە ناو بزووتنەوەی کورد لە لایەکی ترەوە، بەرەو پرسیاری سەرەکی ئەم وتارە دەچین: ڕێگای دەرچوون چییە؟ هەر وەک لە چوارچێوەی ڕامانەی ئاڵتوسەردا بینیمان، ڕزگار بوون لە ئایدۆلۆژیا خەون و خەیاڵە. ئێمەی مرۆڤ بۆ مانا بەخشین بە جیهان و کردەوەی بەکۆمەڵ، ناچارین پەنا بۆ چوارچێوە فکرییەکان بەرین. کەواتە، چارەسەر، نەک لە نکۆڵیکردنی ئایدۆلۆژیا، بەڵکوو لە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و هەنگاونان لە ڕوانگەیەکی ویشک و دەمارگرژانە بەرەو ڕوانگەیەکی لۆژیکی و ئاوەزمەندانەیە.

١. ئایدۆلۆژیای دۆگمایی (Dogmatic Ideology) چییە؟

ئایدۆلۆژیای دۆگمایی یان ویشک و دەمارگرژانە کە هەم ڕێژیمی دەسەڵاتدار نوێنەرایەتی دەکات و هەمژی لە قۆناغە جیاوازەکاندا بزووتنەوەی کوردی بەلاڕێدا بردوە، خاوەنی ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەیە:

سیستمێکی داخـــراوە: خـۆی وەک کۆمـەڵێک ڕاستی ڕەهـا و هەتاهەتایی دەزانـێت و هـەر جۆرە پرسیارکردنێک یان پێداچوونەوەیەک بە لادان یان خیانەت پێناسە دەکات.

واقیع لەگەڵ تیۆریدا دەگونجێنێت: لە جیاتی ئەوەی تیۆرییەکەی بەپێی واقیعە گۆڕاوەکان چاک بکاتەوە، هـەوڵ دەدات واقیعی ئاڵۆز بخاتە ناو قاڵبە پێشتر دیاریکراوەکانی تیۆرییەکەیەوە.

ئـامـرازی دووبـەرەکـیـیـە: شوناسی سیاسی نـەک لەسەر بنەمای ئامانجە هاوبەشەکان، بەڵکوو لەسەر بنەمای ئاستی وەفاداری بە دۆکترین پێناسە دەکات. ئـەم ڕوانگـەیە بەشێوەیەکی بـەربڵاو دەبێتە هۆی عەشیرەگەری، سڕینەوەی جیابیران و شەڕ و کێشەی ناوخۆیی.

ئامانج کۆتاییە: لەم ڕوانگەیەدا، خودی ئایدۆلۆژیا و پاراستنی دەبێتە ئامانجی سەرەکی، تەنانەت ئەگەر ئەمە بە بەهای لەدەستدانی ئامانجە ڕاستەقینەکانی خەبات واتە ئازادی و مافی خەڵکیش بێت.

### ئایدیۆلۆژیای عەقڵانی (Rational Ideology) چیە؟

لـە بـەرانـبـەر ڕێـبـازی دۆگـمـایـیـدا، دەتـوانـرێـت "ئایدیۆلۆژیایەکی ئـاوەزمـەنـدانـە" خۆیا بکەیت. ئەم چەمکە ڕاستەوخۆ لە جیاکارییەکەی ئاڵتوسێر لە نێوان "ئایدیۆلۆژیا" (وەک پەیوەندی زیندوو) و "زانست" (وەک شیکاریی بابەتییانە) وەرگیراوە. ئایدیۆلۆژیای عەقڵانی، ئایدیۆلۆژیایەکە بە ئاگاییەوە خۆی دەخاتە بەر ڕەخنە و شیکاریی ئاوەزمەندانە و هەروەها:

. سیستەمێکی کـراوە و دینامیکە: خـۆی وەک کتێبێکی پیرۆز نابینێت، بەڵکوو وەک "نەخشەڕێگا"یەک دەزانـێـت؛ ڕێـبـازێـک بـۆ گـەیشتن بـە مەبەستێکی دیاریکراو (دێموکراسی، دادپـەروەریـی کۆمەڵایەتی، مافە نەتەوەییەکان) داناوە و پێویستە بەپێی بارودۆخی ڕێگاکە، بەردەوام نوێ بکرێتەوە.

. لە شیکاریی بابەتییانەوە سەرچاوە دەگرێت: لە بڕی پشتبەستن بە دۆگماکان بۆ داڕشتنی ستراتیژییەکانی، کەلک لە دەستکەوتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، شیکارییە سیاسییەکان، داتا ئابوورییەکان و ئەزموونە مێژووییەکان وەردەگرێت. ئەم ڕێبازە، کردارگەرایی (پراگماتیزم) دەکاتە جێگرەوەی دەمارگیری.

. ئامراز یەکیەتییە: شوناسی سیاسی لەسەر تەوەری ئامانج و بـەهـا هـاوبـەشـەکـان پێناسە دەکـات. لەم ڕوانگەیەدا، لیبراڵێک، سۆسیالیستێک یان هەر تاکێکی دێموکراتی دیکە کە بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد خەبات دەکات، "خودی" و هاوپەیمانە، نەک ڕەکابەرێکی ئایدیۆلۆژی کە دەبێ لە ناو بچێت.

. ئامرازە، نەک ئامانج: ئامانجی کۆتایی، سەرکەوتنی "ئیزم"ێکی تایبەت نیە، بەڵکوو وەدیهێنانی ئـازادی و تەناهییە بۆ خەڵک. ئایدیۆلۆژیا، هەر وەک حیزبە سیاسییەکان کە جۆرێکن لە ئایدیۆلۆژیا، تەنیا ئامرازێکە بـۆ گەیشتن بـە ئامانجەکان و ئـەگـەر لـە شوێنێکدا بێکاریگەریی سەلمێندرا، دەبێ بەبێ سڵەمینەوە لە تۆمەتگەلی وەک؛ "خیانەت"، چاکسازیی تێدا بکرێت یان تەنانەت بگۆڕدرێت. ڕێک هەمان ئەو پێویستی و پێشمەرجەی د.قاسملوو لە "کورتەباس"دا باسی کردوە و بوێرانە سنووربەندی خۆی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجوود دەربڕیوە.

### دەرەنجامە کردارییەکانی ئەم گواستنەوەیە

گرتنەبەری ڕێبازێکی عەقڵانی بەرانبەر ئایدۆلۆژیا، دەرەنجامی کرداریی ڕاستەوخۆی بۆ بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهـەڵات دەبـێ؛ کـاری لە پێشینە لە سەلماندنی ڕەوایەتیی ئایدۆلۆژییەوە بۆ دروستکردنی "بەرەیەکی یەکگرتوو" بۆ خەباتی هاوبەش دەگۆڕێت. بزووتنەوەکە دەتوانێت بەرنامە و ستراتێژییەکانی خۆی بەپێی گۆڕانکارییە خێراکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و جیهان، بەخێرایی بگونجێنێت، بەبێ ئـەوەی دیلی تیۆرییە کۆنەکان بێت. هـەروەهـا بە دوورکەوتنەوە لە باسە دەرهەست و ئەبستراکتەکان و تەرکیزکردن لەسەر ئامانجە هەست پێکراوەکان، دەرفـەتـی دروستکردنی پەیوەندیی زۆرتـر لەگەڵ نەوەی نوێ، چالاکانی مەدەنی، ژنان، ژینگەپارێزان و بەشەکانی تری کۆمەڵگە دەڕەخسێت.

لە کۆتاییدا، گواستنەوە لـە دۆگماتیزمەوە بۆ ئـاوەزمـەنـدی، وەرچـەرخـانـێکی پارادایمییە. ئەم گواستنەوەیە بە مـانـای وازهـێـنـان لـە بیروباوەڕ و ئامانجەکان نیە، بەڵکوو بە مانای گۆڕینی ئەو بیروباوەڕانەیە لە "تەنافێک"ەوە کە دەست و پێی بزووتنەوەکە دەبەستێت، بۆ کلیلێکی ئاگاهانە و کارا بۆ کردنەوەی دەرگاکانی ئازادی.

بەپێی ئەم ڕاڤەیە دەرکـەوت، شکستەکان نەک بەهۆی بوونی ئایدیۆلۆژیاوە، بەڵکوو بەهۆی کەوتنە داوی ئایدیۆلۆژیای دۆگماییەوە بووە؛ ئایدیۆلۆژیایەک کـە دەبـێـتـە سیستەمێکی داخــراو، تۆتالیتـەر و دووبـەرەکـیخـواز و لە کۆتاییدا، لە بڕی ئەوەی ئامرازی ڕزگـاری بێت، دەبێتە مەتاڵ و لەمپەرێک لە بـەردەمـیدا. ڕێگەی دەرچـوون، نکۆڵیکردن لە ئایدیۆلۆژیا نیە، بەڵکوو گواستنەوەیەکی ئاگاهانەیە بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی عـەقڵانـی. ئـەم گواستنەوەیە، گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ بیرو هزردا.

ئایدیۆلۆژیای ئـاوەزمـەنـدانـە، خـۆی نـەک وەک ڕاستییەکی ڕەهـا و هەرماو، بەڵکوو وەک ئامراز و نەخشەڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو وەک ئـازادی، دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکان دەبینێت. ئەم ڕێبازە لە جیاتیی ئـەوەی واقیع لە چوارچێوە تیۆرییەکانی خۆیدا زیندانی بکات، کەلک لە شیکاریی ئاوەزمەندانە و ڕەخنەگرانەی واقیع (هەمان چەمکی "زانست" لای ئاڵتوسێر) وەردەگرێت بە مەبەستی چاکسازی و نوێکردنەوەی بەردەوامی خـۆی. لـەم چـوارچـێوەیـەدا، پراگماتیزم و نەرمی نواندن جێگەی دەمارگیری ویشک و تۆخ دەگرێتەوە و یەکیەتیی کردار لەسەر ئامانجە هاوبەشەکان، لە پێش پۆختیی ئایدیۆلۆژییەوە دادەنرێت.

جێبەجێکردنی ئـەم گواستنەوەیە لە نـاو فـەزای سیاسیی کوردستاندا، پێویستی بە پەروەردەکردنی "کولتووری ڕەخنەوە هەیە. لە کولتوورێکی وادا، ڕۆڵـی ئێلیت و دەستەبژێرەکان، ڕووناکبیران و ئەکادیمییەکان و هونەرمەندان، تەنیا پاساودانەوە و پڕوپاگەندەکردن بۆ هێڵی حیزبی نیە، بەڵکوو وەک ویژدانی ڕەخنەگرانەی بزووتنەوەکە دەوری کارایان دەبێ. هونەر و ئەدەبیات، بە جێگای ئەوەی بۆ ئاستی نزمی ئامرازی پڕوپاگەندە دابەزن، دەبنە دەرفەتێک بۆ بەربەرەکانێی هزرە چەقبەستووەکان، نیشاندانی ئاڵۆزییە مرۆییەکان و دوورکەوتنەوە لە گێڕانەوە دۆگماییەکان. ئەم پرۆسەیە، بزووتنەوەکە لە بەرانبەر گەورەترین مەترسی، واتـە بـوون بە وێنەیەک لە هەمان ئەو ڕێژیمە سەرکوتکارەی کە خەبات دژی دەکات، ڤاکسینە دەکات و ئایدیۆلۆژیا لە زنجیرێکەوە دەکات بە کلیلێک بۆ ڕزگاری.

### ئاکام:

شیکاریی ئاڵتوسێری پێمان دەڵـێ؛ خەبات بۆ ڕزگاری، هەمیشە خەباتێکی ئایدیۆلۆژییە. ژێرکەوتن لە ڕابردوودا نەک بەهۆی "هەبوونی ئایدیۆلۆژیا"وە، بەڵکوو بـەهـۆی "کـەوتـنـە داوی ئایدیـۆلـۆژیـای دۆگـمـایـی"یـەوە بـووە. داهـاتـووی بـزووتـنـەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا بەندە بە وەرچەرخانێکی پارادایمییەوە: گواستنەوە لـە ئایدیۆلۆژیا وەک "بت"ێک کە دەبێت بپەرەسترێت، بۆ ئایدیۆلۆژیا وەک "نەخشە"یەک کە دەبێت بەشێوەیەکی ئاوەزمەندانە و ڕەخنەگرانە و بەڕۆژ بۆ گەیشتن بە ئازادی کەلکی لێوەربگیرێت.

---

# بەری خۆر

## بە بێژینگ ناگیرێ



عومەر باڵەکی

ڕۆژی چوارشەممەی حەوتووی ڕابردوو مەسعوود پزیشکیان سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران لە کـۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وتارێکدا ڕوانگەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسەکانی پێوەندیدار بە ئێران و جیهانی باس کرد. پزیشکیان هەوڵی دا لەو وتـارەدا ڕوخساریکی زوڵملێکراو لە کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشانی ڕێبەران و هەیئەتی نوێنەرایەتیی دەوڵەتان بدا و بە نموونەهێنانەوە لە پەیامهێنەرانی خودا ئەو پەیامە بدا کە "ئەوەی بۆ خۆت پێت باش نیە بۆ خەڵکی دیکە پێت باش نەبێ". لە هەمان کاتدا ڕوو لە وڵاتانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل دەکا و تاوانباریان دەکا بە خەیانەتی دیپلۆماتێک و جەنایەت لە ماوەی شەڕی دوازدە ڕۆژە دا.

ئەوەی کە ئەمریکا و ئیسرائیل لە دوژمنایەتی و کێبەرکێی خۆیان لەگەڵ ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا دەبێ چ بکەن و چ نەکەن باسی ئێمە نیە و خۆیان و دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرانبەر کردەوەکانیان درحـەق بە یەکتر بەرپرسیارن. بـەڵام لێرەدا ڕووی قسە لە پزیشکیانە وەک سەرکۆماری دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران کە وا بێ پـەروا و بێ ئـاوردانـەوە لە کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە دەستەواژەکانی وەک "وەرن لە گـەڵ ئێمە هەڕەشەکان بکەین بە دەرفەت"، "خەیانەتی دیپلۆماتێک" ،"ئەمنییەت بە زۆرەملی دەستەبەر نابێ" و چەندین دەستەواژەی دیکەی لەو بابەتانە لە قسەکانیدا بۆ نیشاندانی نیازپاکیی کۆماری ئیسلامی کەلکی لێ وەرگرتن و ئەوەی جێگای سەرنج و لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابـردوودا لە کار و کردەوەکانیاندا نە ڕەچـاوی فەرموودەی پێغەمبەرانی خودایان کـردوە و نە پابەندنی عورف و قانوونە نێودەوڵەتیەکان بوون و نە هەوڵیان داوە هەل و دەرفەتی ئاشتی و ئارامی لە نێوخۆی ئێران و ناوچەکەدا پێک بێن.

پزیشکیان، سەرکۆماری ئێستای ئێران کەسێک نیە کە ئاگای لە پرسی کورد لە ئێران نەبێ و نەزانی کە لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا ئەو حکومەتەی کە ئەو سەرکۆماریەتی چ کارەساتێکی ناخهەژێنیان بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێناوە و لەژێر پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایشی ئێران، بە مانای تـەواوی وشە ئەمنییەت و ئاسایشیان لە هەموو باریکەوە لە خەڵکی کوردستان ئەستاندوە و بە هەموو شێوەیەک گەلی کوردیان لەو پارچە لە کوردستان سەرکوت کردوە، لە قەڵاچۆکردن و کوشتنی خەلکی کوردستانەوە بگرە هەتا سوتاندن و چۆلکردنی گوندەکانی کوردستان و گرتن و زیندانیکردن و ئێعدامی بەکۆمەڵی خەڵک لە چین و توێژی جۆراوجۆری کوردستان بە تۆمەتی بێبنەما و دوور لە یاسا و ڕێسای سـەردەم. هەموو ئەو سەرکوتە بێبەزەییانەی لە مـاوەی ئـەو ٤٦ ساڵەدا لە گەلی کورد کراوە تەنیا بە تاوانی ئەوە بووە کە گەلی کورد دەنگی هەڵبڕیوە و دەڵێ "ئەوەی بە خۆتانی ڕەوا دەبینن بە ئێمەشی ڕەوا ببینن". ئاغای پزیشکیان ئـەوە باش دەزانـی کە هەر لە سـەرەتـاوە گەلی کـورد و حیزبەکانی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە ڕێگای ئاشتیانە و بە لێکتێگەیشتن ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد بۆ پێکەوەژیان لە ئێرانێکی ئـازاد بە فورسەت ببین نەک هەڕەشە. بـەڵام دیتمان ئەو حکوومەتەی لە زمانی سەرکۆمارەکەیەوە و لە تریبوونی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە باس لـەوە دەکا "هەڕەشەکان بکەین بە فورسەت بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان"، لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەچەندین جار دەستی ڕەدیان لە سینگی گەلی کورد داوە کە بۆ ئاشتی درێژی کردوە و بە پێچەوانەی نیازپاکیی گەلی کورد وەڵامی دەسەڵاتدارانی تاران فتوای جیهادی خومەینی بووە بە دژی گەلی کورد و بەو فتوایە شەڕێکی نابەرانبەر بە سەر کوردستاندا داسەپێندرا کە هەتا ئێستاش ئەو شەڕە درێژەی هەیە.

ئاغای پزیشکیان ڕووی قسەی لە ئەمریکا و ئیسرائیلە و دەڵێ لە حاڵێکدا خەریکی دانوستان و وتووێژ بووین "خەیانەیان بە دیپلۆماسی " کرد و هێرشیان کردە سەر ئێران. جەنابیان لێرەدا بێ ئەوەی لە بەرانبەر کردەوەکانی ڕابردووی کۆماری ئیسلامیدا هەڵویستەیەک بکا، پێویستە وەبیر خۆی بێنێتەوە کە مێژووی کۆماری ئیسلامی پڕە لە خەیانەت لە دیپلۆماسی و دانوستان. ٣٦ ساڵ لەمەوبەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نیازپاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەلکی خراپ و قێزەوەن و تێرۆریستییان وەر گرت و دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی لەسەر مێزی وتووێژ بەدەستی بەناو هەیئەتی وتووێژکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران تێرۆر کران. ئەگەر ئەو کردەوە تێرۆریستییە خەیانەت لە دیپلۆماسی و دانوستان نەبێ دەبێ چ ناوەێکی لێ بنێین؟

پزیشکیان سەرکۆماری دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران لە بەشیکی دیکەی قسەکانی لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەڵێ "کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشوازی دەکا لە ئاشتی و ئارامی"، بەڵام ئەو دەربرینەی جەنابی سەرکۆمار لە حاڵێکدایە کە هەموو جیهان دەزانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٦ساڵی ڕابردوودا بە هەنارده و پەروەردە کردنی گرووپە تێرۆریستییەکان بەشی زۆری وڵاتانی ناوچەکە و جیهانی نائەمن کردوە و ئاسایش و ئەمنییەتی وڵاتانی خستۆتە مەترسییەوە. دادگای میکۆنووس یەکێک لە بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکانە بۆ سەلماندنی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەری وڵاتان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. هەروەها سەرکۆماری دەوڵەتی ئیسلامی ئێران لە بەشێک لە قسەکانیدا ڕوو بە دنیا دەڵێ "ئەمنیەتی واقعی لە ڕێگای شەڕ و هێزەوە دابین نابێ بەڵکوو لە ڕێگای ئێعتمادسازییەوە دەستەبەر دەبێ." ئەو قسەی ئاغای پزیشکیان لە حاڵێکدایە کە ماوەی ٤٦ ساڵە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا بەقسەی خۆی دەیهەوێ ئەمنییەت لە کوردستان بێنیتە دی کە تێیدا سەرکەوتوو نەبووە، چونکە لەو ماوە دووردرێژەدا ئەو حکوومەتە نەیتوانیووە لە نێوان خۆی و خەڵکی کوردستاندا ئێعتمادسازی بکا.

بەڕاستی حکوومەتێک لە نێوخۆی وڵاتدا نەتوانێ جێگای ئێعتمادی خەڵکی خۆی بێت چۆن دەتوانێ لە ناوچە و جیهاندا بەو کارنامەی هەیەتی باس لە ئێعتمادسازی و جێگیربوونی ئەمنییەت و ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی بکا؟

کوردستان
● ژمارە ٩٠٤
١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٤ _ ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥

# ژینا، ڕەمزی ژیانەوەی کوردستان

**وانیار ئەهوورایی**

سێ ساڵ بەسەر شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، بە دەستی هێزە سەرکوتگەرەکانی دەوڵەتی داگیرکەری ئێران تێپەڕی. لە ساتەوەختی بڵاوبوونەوەی شەهیدبوونی شەهید ژینا لە پایتەختی دەوڵەتی ئێران، خەڵکی کوردستان دژ بە کوژرانی بێبەزەییانەی ژینا هاتنە سەر شەقامەکان و برووسکەی ئەم هەڵوێستەش لە شارەکەی خودی شەهید ژینا (سەقز) لێدرا و پاشان سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و دواتریش چەند ناوچەیەکی ئێران هاتنە پشت خەڵکی کوردستان و بوو بە سەرهەڵدانێکی بەگوڕوتین لە کوردستان و ئێراندا.

لەم سەرهەڵدانەدا خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر ئەو تاوانە هۆڤانە و نامرۆڤانەی داگیرکەری ئێرانی بێدەنگ نەبوون و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بۆ داگیرکەر کردە ئاگر و هێزە داگیرکەرەکانیش وەک هەمیشە بەرانبەر بە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان دەستیان نەپاراست و بوو بە شەڕێکی نابەرابەری نێوان کوردستان و داگیرکەر؛ ڕۆڵەکانی کوردستان بە دەستی خاڵی و گرانترین چەکی دەستیان بەرد و دەست و لاقەکانی خۆیان (شەقی پیرۆز) بوو، لە بەرانبەریشدا هێزەکانی دەوڵەتی داگیرکەر سووکترین چەکیان پەڕان و کلاشینکۆف و ژ-٣ و ... تەنانەت بە تانک و هیلیکۆپتەریشیان بۆ شۆڕشگێڕانی "شار"ی کوردستانیان دەدا.

لەو سەرهەڵدانەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شۆڕشگێڕانی شار لە هەموو شارەکانی کوردستان زۆرتر و بەربڵاوتر دەهاتنە شەقام و خۆشخەونیی داگیرکەریان کردە شەوەزەنگ و ئاسوودەیی و بەقەوڵی خۆیان ئەو "دوورگە ئارامە"ی کە چەندین دەیەیە باسی ناوەڕۆکبەتاڵی لێ دەکەن، شێواند و کوردستان بوو بە گۆڕەپانێکی شەڕ؛ شەڕێک کە بۆ ئێمەی کوردستانی لە زانکۆ تاکوو قوتابخانەکان و لە کۆڵانێکی باریک تاکوو شاگۆڕەپانەکانی نێوەڕاستی شار و ... ببوون بە سەنگەرێکی لەگیراننەهاتووی شۆڕشگێڕانی شار، هەروەها بۆ داگیرکەریش لە مۆڵگە داگیرکاری و مرۆڤکوژەکانیان تاکوو کولانەی خۆشاردنەوەیان و لەنێو جلەکانیان تاکوو بەر دەرکەی ماڵەکانیان وەک دەوترێت "کونەمشکیان لێ ببوو بە قەیسەرییە" و تەنانەت وایان لێ هاتبوو لە سێبەری خۆشیان دەترسان و گومانیان لە منداڵی خۆشیان هەبوو، ئەمەش گشتی لە هەیبەت و سامی شۆڕشگێڕانی شار و چاونەترسانی شەقامەکانمان بوو.

حکوومەت لە شار بەو هەموو تاوانەی دژ بە خەڵکی دەستبەتاڵ و ورەپۆڵایین دەیکرد و لە هیچ دەستی نەپاراست و بەپێی ئاماری ڕێکخراوە کوردستانییەکانی مافی مرۆڤ، دەوروبەری ١٦٠ شۆڕشگێڕ و هاووڵاتیی کوردستانی شەهید کرد و نزیکەی چەند هەزار کەسیشیان بریندار کرد کە ئەمە تەنیا بەشێکی بچووک لەو تاوانانە بوون لەو سەروبەندەدا؛ بەڵام بەو حاڵەشەوە داگیرکەر بەتەواوی دۆڕا و بەرەو لێواری هەڵدێر چوو و نزیک لەو کەوتن بوو، بۆ خۆگرتنەوەت پەنای هاوردە بەر تاوانێکی تری نێودەوڵەتی و بەزاندنی ئەو سنوورە دەستکردانەی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆیان بەبێ ڕەزامەندیی ئێمەی کورد کێشاویانە و کەمپی بنەماڵەی هاونیشتمانییانی ڕۆژهەڵاتیی دانیشتووی باشوور و بنکە و بارەگاکانی حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی دا کە جیا لە شەهیدکردنی دەیان پێشمەرگەی کوردستان، چەندین هاووڵاتیی مەدەنیی بێتاوان و تەنانەت منداڵی نێو دایکێکی دووگیان و "وانیار"ی بەدنیانەهاتووی شەهید کرد.

پاش ئەم گشتە تاوانە و دۆڕانەی داگیرکەر و کۆڵنەدان و نەبەزینی ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی "شار"ی کوردستان، دەوڵەتی داگیرکەر دەستی کرد بە پڕوپاگەندە و بانگەشەی ناڕاست و تەنانەت بێڕێزیکردنی ڕوون و ئاشکرا لە لایەن بەرپرسانی باڵای دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی، کە ئەمەش نیشانەی بێدەسەڵاتی و لاوازییانە لە بەرانبەر کۆڵنەدەرانی کوردستاندا. بەڵام خەبات و خۆڕاگریی کوردستان و بەردەوامیی بزووتنەوەی ژینا لە هەموو سەنگەرەکاندا هەموو پلان و پیلانەکانی ڕێژیمی پووچەڵ کردەوە.

هەنووکە لە سێیەمین ساڵیادی شەهیدبوونی شەهید ژینا و گیانبەختکردووانی تر، پێشگرتنی داگیرکەر لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ژینا و گیانبەختکردووانی کوردستان، بەڕوونی ترسی داگیرکەر دەردەخات. بەڵام خەڵکی هۆشیاری کوردستان لە گشت شارەکاندا بە شێوەگەلی جیاواز و تەناتەت لە هەندێک شار بە مانگگرتن کرد یادی ژینای کوردستان و گیانبەختکردووانی تری شۆڕشی ژینایان بەرز ڕاگرت. ئەو دروشمەی کە ڕۆژی ئەسپەردەکردنی شەهید ژینا لەسەر گۆڕەکەی نووسرا (ژینا گیان تۆ نامری، دەبیتە ڕەمز)، هەنووکە هاتووە دی و بوو بە ڕەمزێک بۆ بەردەوامیی شۆڕشی ڕزگاریخوازان و ژیانەوەی ورەی خەڵکی کوردستان. خەڵکی کوردستان لەمێژە سەلماندوویانە کە لە بەرانبەر بە هەر چەشنە ستەم و تاوانێک بێدەنگ نابن و دەنگی خۆیان دەردەبڕن؛ داگیرکەر ئەگەر بتوانێت سەرکوتیان دەکات و نەشتیوانێت دەنگی مافویستانەی خەڵک سەرکوت بکات، دەست دەکات بە پڕوپاگەندا و چەواشەکاریی بەربڵاو، بەڵام نەک تەنیا هیچ ئاکامێکی نابێت، تەنانەت خودی دارەدستەکانی خامنەییش گاڵتە بە خۆیان دەکەن

# بۆچی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران سەرناگرێ؟

## ڕاپەڕینی ژینا وەکوو نموونەیەکی کەموێنە! (٢-٢)



عەلی لەیلاخ




نەبوونی پلانی سیاسی کە هەمان "پرۆژەی سیاسی"یە لە ئینقلابەکانەدا بەرچاوە، هەم وەکوو خۆی گرنگە و هەم لە گرێدانی خەڵکی سەرشەقام خاڵێکی جەوهەرییە.

"پرۆژەی سیاسی" لیدەر و ڕێبەریی خۆی هەیە و دەبێتە هۆکاری کۆکردنی زۆرینەی خەڵک بە دەور مەبەست و ویستێکی دیاریکراو و پێش لە پەرشوبڵاوییەکانی شەقام دەگرێ.

کاتێک داواکارییەکان تەنیا سینفی بێ، بێگومان سینفێکی دیار دەگرێتەوە و کە خودی ئەو سینفەش هەموویان بەشدار نابن، بۆیە کۆنترۆڵکردنی بۆ دەسەڵات ئاسانترە. خوێناترینی خۆپێشاندانی سینفی لە ئێران، ناڕەزایەتیی خوێندکارانی زانکۆی تاران بوو، کە تەنانەت نەبووە پرۆژەیەکی سیاسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گشتیی بە دژی دیکتاتۆری و نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین. بۆ نموونە: ساڵی ٥٧ی هەتاوی دروشمەکان و داواکارییەکان یەکێک بوون و پرۆژەی سیاسیش نەهێشتنی ڕێژیمی پاشایەتی بوو، کە خومەینی بە سادەیی گوتی:"شاه باید برود"

ئەم "شا دەبێ بڕوات" خومەینی و شوێنکەوتووانی کردە براوە و لە هەنگاوی دیکەدا بۆ ئەرخەیانی خەڵک و بێدەنگکردنی ڕەخنەگرانی، باسی لە یەکسانیی ئیسلامی و پێدانی "ئاو و بەرق" بەخۆڕایی کرد! دیسان ئەمەش ڕیشەی لە فەرهەنگی ئێرانیدا هەیە و کولتووری چاو لەدەستبوون! نەیانپرسی لە کوێی دنیا و کام وڵاتی پێشکەوتوو بەرهەمە پیشەییەکان بەلاش و بەخۆڕایی دەدرێتە خەڵک!؟

لێرەش پێویستی بە ڕاوەستان و هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی مێژووییە، بۆ باشتر ناسینی خەڵک و دەسەڵات لە مێژووی ئێراندا.

مێژووی ئێران لانیکەم لە سەفەوییەوە کە بنە و بنچینەی کۆماری ئیسلامییە (ئێرانی-شیعەگەرایی) هیچکات خاوەنی حکوومەتێکی ناوەندیی بەهێز و کارامە و خەڵکدۆست نەبووە. بەپێچەوانە بانگەشەی پاشاخوازان، کۆی دەسەڵاتدارانی ئێران نە خاوەنشکۆ بوون و نە غەیرەتی ڕاگرتنی دەسەڵاتی پاشایەتییان هەبووە، بەبێ کارتێکەریی و دەستێوەردانی دەرەکی. مێژووی گوشراوی ئەم فەترەیە لە مێژوویی ئێران لێوانلێوە لە تاڵان، تەجاوز، کوشتن و برین و ملکەچکردن بۆ ڕۆژاوای گەشکردووی پاش شکستەکانی شەڕی سەلیبی و شۆڕشی پیشەسازی.

بەپێی کتێبی"کۆمەڵناسیی بژاردەکوژی لە ئێران" لەکاتێکدا ڕۆژاواییەکان بە پشتبەستن بە کارو زانست خۆیان تەیار دەکرد بۆ داگیرکردنی دنیا، لە ئێران حکوومەتەکان بە دەستی کەسێکی عەیاش و حکوومەتێکی سەرەڕۆ بە نێوخۆی وڵات و ملکەچ بە دەرەوە (وەکوو کۆماری ئیسلامی) بووە. پاش سەفەوییە کە بە زەبری شمشێر شیعەگەریی لە ئێران چەسپاندو و دەسەڵاتی بۆ حکوومەتیی ئایینی خۆشکردن. ئێمە شاهیدی بە لوتکەگەشتنی حکوومەت و سیلسیلە گەندەڵەکانین کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر زەینی تاک و کۆمەڵگەی ئێرانی کاریگەریی نێگەتیڤیان داناوە.

هەر بەپێی ئەو سەرچاوەیە نادرشای ئەفشار کە ئێرانییەکان بانگەشەی شکۆمەندانەی بۆ دەکەن، لە ڕاستیدا لە ماوەی ١٢ساڵ دەسەڵاتداریەتیی، جگە سەرەڕۆیی و کوشتن و برینی خەڵکی بێتاوان هیچی دیکەی بەناو "اقتدار" نەبووە.

تەنانەت کەریمخانی زەند لەپێناو گرێبەست لەگەڵ ئینگلیزییەکاندا، بری ٢٠٥٠٠ڕۆپیەی بەرتیل وەرگرتوە و ئەوپەڕیی نەهامەتییە کەسێک کە خاوەنی وڵاتێکی گەورە و بەرین بێ، ببێتە بەرتیلخۆری وڵاتی دیکە. کەواتە شاکانی ئێران، زۆربەیان پارێزەرانی بەرژەوەندیی وڵاتانی کۆلۆنیالیزم بوون. ئەم شێوە حاکمییەتەش بێگومان لەسەر کۆمەڵگە کاریگەریی هەبووە و ئیرادەی سەرهەڵدان و ملنەدانی جەمعیی ئێرانییەکانی خەساندوە. بۆیە دەتوانین بڵێین بێمانا نیە، کە وادەی دڵخۆشکەرانەی "ئاو و کارەبا" بەخۆڕایی، ڕیفۆرم و دیدی ڕەخنەگرانە و هەوڵدان بۆ پلۆرالیزمی سیاسی و فەرهەنگی لە بیری خەڵک بردەوە.

ئەم ئەریستۆکراسییە مەزهەبییە کە خومەینی ڕێکخەری بوو، ئێستاش هەر ئەستوندێکی بەهێزی نیزامە و ڕاپەڕینەکان بەبێ پلانێکی دیار و کارا بۆ ڕووبەڕووبوەوە لەگەڵ حاکمییەت سەرناکەوێ. کاتێک خاڵە بنەڕەتییەکانی نیزامێک بناسی دەتوانی بۆ لیدانی "پرۆژەی سیاسی"ت هەبێ سەرتر لە ویستی سینفی و داواکاریی چین و توێژ. ئەم پرۆژە سیاسییە غایبێکی گەورە بووە لە کۆیی ڕاپەڕینەکانی ئێران و کوردستانیش بە هۆکارگەلێک ناتوانێ پرۆژی سیاسیی خۆی لەو بەستێنەی ئێستای ئێراندا جێبخات.

غایەتی ڕاپەڕینی ژینا "کیانێکی ئازادکراوی کوردی و دەسەڵاتێکی سێکۆلار" بوو کە لانیکەم خودی ئەم دوو ویستەش نەبوون بە ویست و خوازی لایەنە سیاسییەکانی کورد بۆ داڕشتنی "پرۆژەی سیاسی"ی کەڵە مێدیاکان و هەواڵی وەهماویی و تەوسی ناپێویست و بەرانبەر یەک وەستانی ئێمەش کە خۆپێشاندانێک لە ئێران ڕوو دەدا، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایی، لە هێندێک مێدیا و سۆشیال مێدیادا وا دەردەکەوێ ئەوە بە سووک و ئاسان کۆماری ئیسلامی ڕووخاوە و ئێمە بەجێ ماوین! هیچ هەواڵێکی درۆ خەڵکی خەواڵوو ڕاناچڵەکێنێ و تەنیا هەستی "وەهم" ویستییان پاراو دەکا. کە دەنووسرا ئەوە چەند بەرپرسی "کشوری و لشکری" ئێران هەڵهاتوون کەس نەبوو پرسیار بکا، کوا سەرچاوەی ئەو هەواڵە و کوا وێنە و فیلم؟ لایەنێک دەڵێن: ئەمە بەشێکە لە شەڕی ڕەوانی بۆ ئەوەی خەڵک سوورتر بکات و بەردەوامبوون لە ناڕەزایەتی و هیوادارتر بجووڵێنەوە. بەڵام ڕای من وایە کە کاریگەریی نێگەتیڤ و نە باشی هەیە و خەڵک دەڵێن مادام لە لێواری ڕووخانە ئیتر چ پێویست بە مانگرتن یا خۆپێشاندان دەکا.

کاتێک کە ئەم ڕاپەڕینە سنوورەکانی کوردستانی تێپەڕاند و گەیشتە شارەکانی دیکەی کوردستان، ڕاست لەو سەروبەندەدا پێویست بوو بزاڤی کوردی باوەڕبەخۆبوونی مودیرییەتی هەبێ، دەبینین دیسان کە بە کەوچکە ئاوێکی ناڕوون کەوتنە ملەکردن و لە جیاتی پێکەوە کارکردن کاریان بۆ ئەوی "دیکە" دەست پێکرد! لە کاتێک کە دەبوا پەرە بە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان بدرێت و تەنانەت لە چوارچێوی کوردستان وەکوو سەنتەرێکی دیموکراتیک ڕووی قسەی لە دەرەوەی کوردستانیش بێ بۆ نموونە بەلووچستان، بەپێچەوانە نەتەنیا پەرەی پێ نەدرا، بەڵکوو سڕ کرا، و هیچ کەس و لایەنێکیش بەرپرسایەتییەکەی هەڵنەگرت. کەواتە جێی گلەیی نیە، ئەگەر زۆربەی خەڵک لە ڕووداوەکانی دیکە "سەیرکەر بن هەتا کاراکتەر" !

هاوکات کە لە کوردستان دروشمی "کوردستان کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان" نمەنمە کەم کرایەوە و لەجیاتی ئەو دروشمە "اینجور برات نمیره بالا" بوو بە ترێندی سۆشیال مێدیا و یەکڕێزیی سەر شەقامە خوێناوییەکانی نیشتمان لە جیهانیی خەیاڵی سۆشیال مێدیا بەشبەش کران و، لە بەرانبەر یەک دانران. هەستی تۆڵەستاندنەوەش تا ئاستی تانە و لاتاوی سیاسییانە دابەزی. لە تاران و شارەکانی دیکەش هەموو ئامانج و دووڕە دیمەنەکانی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە تا لە لۆی لەچک و درێژ و کورتی مانتۆوەکان کورتکرایەوە. دیسان دەسەڵات پرسی ژن و سەرپۆشی کردە ئامرازی سەرپۆش دانان لەسەر ماهییەتی خراپکارنە و گەڕاندنەوەی مەشروعییەتی سیاسیی خۆی. بە بەردەوامیش لە ڕاگەیاندنەکانی غەیرە کورد ! لە جیاتی باسکردن لە شێوەی ئیدارەی ئێران دوای ڕووخان و پرسی نەتەوەکان و مافە بنەڕەتییەکان. پەیتا پەیتا وەکوو تیزر ئەمە نیشان دەدرا، کە ئەوە کیژۆڵەیەک بە هەڵهاتن لە مەندیلی مەلایەک دەدا و وەکوو ڕەفتارێکی بوێرانە و شۆڕشگێڕانە دادەنرا.

ڕاستە ئاخۆند لە ئێران و کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی دواکەتوو و ڕقئەنگیز و زاڵم دەکا. بەڵام کەس ئەم پرسیارەی نەکرد، ئاخۆ دەکرێ لە مەندیل و سەروێنی "گوڵپایەگانییەکان و ڕێشەهرییەکان و قادر قادرییەکان بدرێ؟ یان نە، ئەوان شارۆماندانە لەسەر شەقام نین!

ئایا ئەمە جێگۆڕینی ئیعتراز نیە لەگەڵ (تعرض) و دەسدرێژی بە شارومەندێک لە شەقامە و بەتەنیا دەڕواتەوە؟ خودی فۆکۆسکردن لەسەر چینێک و مانەوە لە وێستگەیەک بەناوی ناڕەزایەتی مەدەنی، دەرفەتی بە ڕێژیمدا بۆ کەلکوەرگرتن لە ڕووداوەکان و کەمتەرخەمییەکان.

چونکە کۆماری ئیسلامی لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕێژیمی ناوازە و حکوومەتێکە کە بە چاوگەی (ئیسلامی شیعە، ئێرانشاری) ئابدەیەت دەبێتەوە. ئەم ڕێژیمە بە ڕواڵەت دیموکراتیک و بە نێوەڕۆک پاوانخواز لە زانستی سیاسیدا، ڕێژیمی "دووفاق یا تێکەڵە (Hybrid Regime) پێدەگوترێ کە هەم خاوەنی موئەسەساتی خەڵکتەوەرە، وەکوو "پارلەمان و هەڵبژاردن و چاودێری بەسەر پرۆسە دیموکراتیکەکان"ە هەمیش پاوانخواز و، تەکرەهەندییە

لەواقیعدا لەم چەشنە ڕێژیمانە کە کۆماری ئیسلامی باشترین نموونەیەتی، هەموو ئەو ناوەند و سەنتەرانە ڕواڵەتن و بڕیاری نەهایی لە زۆر بابەت کە هەمان "حوکمی حکوومەتی"یە لە لایەن "نایەبی ئیمامی زەمان"ەوە جا چ لە حوسێنییەی ئیرشادەوە بێ، یان لە حەشارگە و ژێر زەمینییەک بێ، کە لە دەرەوەی تاران دەردەچێ و بەسەر خەڵکدا فەرز دەکرێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی هەم ئەو ساختارە تێکلاوەییە، کە جیاوازی دەکاتەوە لەگەڵ "بەعسی عێراق" و "کۆرەی باشوور" هەم بەرهەمی پاشخانێکی ئایینی و ئێرانییە، کە لە کاتی پێویست بە شوێنکەوتووانی خۆی کە ڕێژەیان کەم نیە ئاراستەیەکی خوازیاری خۆی دەبەخشێ و ڕەتی ڕووداوەکان دەگۆڕێ.

دوکتور سمایل بازیار لە وتارێکدا لەژێر ناوی "ڕۆڵی ڕووحانییەتی شیعە لە شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوییدا" دەڵێ: "ڕووحانییەتی شیعە لە مێژوویی سیاسی-کۆمەڵایەتیی ئێراندا پاشخانێکی چەندسەد ساڵەی هەیە و، هەر لە سەردەمی سەفەوییەوە (١٥٠١ی زایینی) کە مەزهەبی شیعە بە زەبری شیعە بوو بە مەزهەبی فەرمی لەو کاتەوە کولتووری سیاسیی ئێران لەسەر دوو کۆڵەکەی مەزهەب و دەوڵەت ڕاوەستاوە." هەروەها دەڵێ: ڕووحانییەت لە سەردەمی پەهلەوی بە کەلکوەرگرتن لە تەزادی نێوان سوننەت و پرۆژەی مودێڕنیزاسیۆنی حەمەڕەزاشا"کە بێ دیققەتی و نارێکی هەبوو لەگەڵ ستراکتۆرە نەریتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی (ئیسلامی- شیعە) ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە بۆ وروژاندنی هەستی ئایینی خەڵک و جێخستنی ڕوانگە و مەرامی خۆیان.

بەپێی ئەم وتەیە دەبینین لە قوناغە هەستیارەکاندا شوناسی ئێرانی (ئیسلامی – شیعی) دەبێتە دەزۆێکی بەهێز و نادیار لە گرێدان یان پەلکێشکردنی خەڵک (لە توێژی خوڵەمێشییەوە هەتا بژاردەکان) بۆ مانەوەی دەسەڵات! نووسەرێکی ئامریکایی بە ئاماژەدان بە شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسڕائیل دەڵێ: زۆر بەلامەوە سەیرە کە خانمێک کە دوو کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی بە دەستی ڕێژیمی تاران ئێعدام کراوە، هاتووەتە لام کڕووزاوەتەوە بۆ ئەوەی لە بابەتێکدا هێرش بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئیسڕائیل و ئامریکاوە مەحکووم بکەم! دەمهەوێ بڵێم خودی ئەم پاشخان و ڕوانینە ناڕەزایانی ڕاستەقینەی سەرشەقام و بەتایبەتی خەڵکی کورد و ڕاپەڕینەکانی بەتەنیا دەهێڵیتەوە و زۆرجاریش کۆسپ و لەمپەر ساز دەکا.

چڵەپۆپەی وروژاندنی هەستی پۆپۆلیستی و ئێرانشاری (شیعە- پارسی) هەم لە ڕاپەڕینی ژینادا دیتمان و هەم لە شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسڕائیل

**ئاکامگیری:** ناسین و وەردانەوەی خسڵەت و تایبەتمەندییەکانی حاکمییەت، ڕێژەی فریوخواردن و بەلاڕێدا چۆنی ڕاپەڕینەکان کەم دەکاتەوە، و هەڵگرتنی دروشمێکی ڕوون و سیاسی نەک کۆمەڵێک پرسیاری فەلسەفی لە قوناغی ئێستادا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر سیناریۆیەکی دیکە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی زەروورەتە. شۆڕشەکان کاریان ڕاماڵینە و ئاوەدانکردنەوەی وڵات لە باری سیاسی و پێکەوە ژیان قوناغێک دواترە. لە ئێستاوە پێویستە بزاڤی کوردی مەرجەعییەتێکی دامەزراوی بەسەر ئەساسی بەرژەوەندی نەتەوەیی هەبێ بۆ هاتنەئارای هەر ئەگەرێکی دیکە لە ئێران و کوردستان بە جارێکتر نەڵێین ئێمە وەکوو لایەنی کوردی ئامادەگییمان نەبوو. بەڵکوو دەبێ خۆمان و بزاڤەکان بزوێنەر بین، نەک هەر بمانبزوێنن.

لە دیالۆگی فیلمی "ئۆپراسیۆنی نەهایی" کە باس لە شوێنهەڵگرتن و ڕفاندنی "ئادۆلف ئایشمەن" لە لایەن دەزگای سیخوڕی مووسادەوە دەکات. شەوی پێش عەمەلیاتەکە سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی ئیسڕائیل بە گرووپی ڕاسپێردراو دەڵێ: ئەم ڕیسکە مەترسیدارە بۆ ئاسایشی ئەمڕۆ و دواڕۆژی گەلەکەمانە، کەواتە هەوڵ بدەن سەربکەون.

ئێمەش ئەگەر لە ڕاپەڕینەکان و ڕووداوەکاندا ڕەچاوی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بکەین لە ئێستاو بۆ دواڕۆژ، بێگومان سەردەکەوین.



# شەڕی دوازدە ڕۆژە و پێناسەی نوێی هێز لە سەدەی بیستویەکەمدا



دیلان هەردی

هێز، پێناسەیەکی یەکدەست و جێگیری نیە و لە هەر سەردەمێکدا بەپێی بارودۆخی ئەو سەردەمە پێناسەیەکی بۆ کراوە. لە سەردەمانی کۆندا، هێز بریتی بوو لە دەستبەسەرداگرتنی زۆرترین خاک. واتە هەر وڵاتێک توانیبای خاکی زۆرتر داگیر بکا، بە وڵاتێکی بەهێز ئەژمار دەکرا. ئیمپڕاتۆرییەکان بەرهەمی ئەو تێگەیشتنە بوون. لە ئیمپڕاتۆریدا، نەتەوەیەک (بە تێگەیشتنی ئەو سەردەم، نەک نەتەوەی مۆدێرن) بەسەر چەندین نەتەوە و میرنشیندا سەر دەکەوت یان لەگەڵیان ڕێک دەکەوت و بەو شێوەیە ناوچەیەکی گەورەی دەهێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی. لە میانەی سەدەکانی نێوەڕاستەوە، تێگەیشتن لە هێز گۆڕانکاریی بەسەردا هات. لەمەوبەدوا هەر بە تەنیا خاکی زۆر نەبوو کە بە هێز ئەژمار دەکرا، بەڵکوو ئاوی زۆریش بە هێز ئەژمار دەکرا. واتە هێز بریتی بوو لە دەستبەسەرداگرتنی دەریاکانیش. ئەو نەتەوەیە بەهێز بوو کە لەوبەر دەریاکانیشەوە خاکی داگیر کردبا. دواتر بە هۆی دروستبوونی بەلەمی زەریاپێو، ئەو تێگەیشتنە لە هێز خۆی گۆڕی بۆ دەستبەسەرداگرتنی زەریاکان یان ئۆقیانووسەکانیش.

لەگەڵ گەشەکردنی سەردەمی مۆدێرنیتە و دروستبوونی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن، دیسان پێناسەی هێز گۆڕانکاریی بەسەر داهات. جیهانی مۆدێرن پێویستیی بە کەرستەیەکی گرنگ هەبوو، ئەویش وزە بوو. ئەو وزەیەش بە نەوت بەرهەم دەهات. لەمەوبەدوا بەهێزترین وڵات ئەو وڵاتە بوو کە دەستی بەسەر زۆرترین نەوت داگرتبا. زۆرترین نەوتیش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئەو نەوتەش دابگیرێ، دەبوایە ئیمپڕاتۆرییەکان هەڵوەشێندرابانەوە. ڕووخانی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی بەرهەمی ئەوە بوو. دوو وڵاتی وەک بریتانیا و فەڕانسە بە هاندانی سەرۆک هۆز و حاکمە ناوچەییەکانی نێو ئیمپڕاتۆریی عوسمانی توانیان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەو ئیمپڕاتۆرییە هەڵوەشێننەوە. زۆرینەی ئەو وڵاتانەی دوای هەڵوەشانەوە دروست کران، هیچ بنەمایەکی نەتەوەیی و زمانی و ئایینییان نەبوو، بەڵکوو لەسۆنگەی بوونی نەوتەوە دروست کران. کۆمەڵێک وڵاتی بچووک لە کەنداو تەنیا بیری نەوت بوون و سنووریان بە دەوریدا کێشرا و بوون بە وڵات.

لە ئێران ڕێگای دیکە گیرایە بەر، ئەویش ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵات بوو. ساڵی ١٨٩١ ژاک دۆ مۆرگان، ئاسەوارناسی فەڕەنسی لە قەسری شیرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چاوی بە نەوت کەوت و لە بڵاوکراوەیەکی فەڕەنسیدا بڵاوی کردەوە. ئەوەش سەرنجی دەسەڵاتی فارس (ئەو سەردەم شتێک بە ناوی ئێران نەبوو) ڕادەکێشێ. بۆ گەڕان بە دوای نەوتدا، ساڵی ١٩٠٠ڕێککەوتنێک لە نێوان حکوومەتی فارس و ویلیام ناکس دارسی، گەورە بازرگانی بریتانی مۆر کرا، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، تەنیا چەند لەسەد لە داهاتی نەوت دەدرێ بە حکوومەتی فارس. دانانی ڕەزاخان و بەلاڕێدابردنی ڕەوتی بەدێموکراسیبوون لە سەردەمی مەشرووتەدا لە ئێران، بەرهەمی دەستبەسەرداگرتنی نەوت لە لایەن بریتانیا بوو. جارێکی دیکە لە سەردەمی محەممەد موسەدیق لە ساڵی ١٩٥٣دا کە دەیویست نەوت لە بن دەستی بریتانیا بهێنێتە دەر، بریتانیا و ئەمریکا پێشیان بە ڕەوتی بەدێموکراسیبوون لە ئێران گرت و بە کودەتایەک محەممەدڕەزاشایان هێنایەوە سەر دەسەڵات تا نەوت لە دەستیان نەهێندرێتە دەر. ئەوەش بوو بە هۆی دروستبوونی هزری دژە ئەمریکی و دژە ڕۆژئاوایی و لە ئەنجامدا هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی.

لە سەدەی بیست و یەکەمدا، پێناسەیەکی دیکە بۆ هێز هاتە ئاراوە. لەمەوبەدوا هێز بریتی بوو لە زانیاری. واتە ئەو وڵاتە بەهێز بوو کە زۆرترین زانیاریی لەسەر خەڵک و وڵاتانی جیهان لەلا با. بۆ ئەو مەبەستەش، ئینتێرنێت کە ئامرازی پەیوەندیی نێوخۆیی سیخوڕەکانی ئەمریکا لە سەرانسەری جیهان بوو، کرا بە ئامرازی پەیوەندیی نێوان هەموو خەڵکی جیهان. پێویست بوو هەموو خەڵکی جیهان بچنە نێو تۆڕێکەوە کە بنکەکەی لە ئەمریکا بوو، یان لانیکەم لەوێوە دەکرا چاودێری بکرێ. ئامانجەکە دەستڕاگەیشتن بوو بە داتا و زانیاریی هەموو خەڵکی جیهان، بە سیاسی و ناسیاسییەوە. ئەو داتایانە دەبوایە لە شوێنێک بپارێزرێن، کە پێی دەگوترێ سێرڤێر. واتە پەیوەندیی خەڵک لە ڕێگای ئیمەیلەوە، لەنێو سێرڤێرەکان دەپارێزرێ و بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. ئەگەر سەرنج بدەینە زانیارییە بڵاوکراوەکانی ویکی لیکسەوە کە بە میلیۆنان بەڵگە بڵاو کرانەوە، دەبینین کە ئەو داتا و زانیارییانە هەمان ئەو ئیمەیلانەی خەڵکن کە لە سێرڤێرەکانی ئینتێرنێتدا پارێزرابوون. بۆ نموونە دوو کەس ٢٠ ساڵ لەمەوبەر لە ڕێگەی ئیمەیلەوە بەڵگە و بابەتی جۆراوجوریان لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ کردوە. ئێستا ئەو دوو کەسە لە وڵاتی خۆیان بوون بە کەسانی سیاسی یان دەسەڵاتدار. ویکی لیکس کە دەستی بە داتای ئەو سێرڤێرانە گەیشتوە، میلیۆنان ئیمەیل بە شێوەی هەڕەمەکی بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر خەڵکی ئەو وڵاتە بە دوای ناوی ئەو دوو کەسەدا بگەڕێن کە باسم کردن، دەتوانن هەموو بەڵگە و بابەتەکانیان سەیر بکەن. ئەگەر بابەتەکان هەستیار بن، دەبێتە هۆی کێشەی سیاسی.

ئەمریکا لە بواری هێزی زانیاریدا پێشەنگە. نزیک بە تەواوی ئەو تۆڕانەی خەڵکی جیهانیان پێک بەستۆتەوە، بنکەی سێرڤێرەکانیان لە ئەمریکایە. ئێستا ئیتر هەموو خەڵکی جیهان بە واتساپ و فەیسبووک و ئینستاگرام و تۆڕەکانی دیکە لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندیدان کە هەمووی لە ئەمریکا تۆمار دەکرێ و دەشکرێتە نووسین. کڵاودەکانیش بەو مەبەستە دروست کراون، بۆ نموونە گووگڵ دڕایڤ و واندڕایڤ و ئای کڵاود بۆ ئەوە دروست کراون کە خەڵک داتاکانی خۆیان وەکوو وێنە و دۆکیۆمێنتەکانیان لەلای ئەوان بپارێزن. تەنانەت فایلەکانی نووسینی بەرنامەی وۆردی مایکرۆسۆفتیش هاوکات کە کەسێک دەیاننوسێ، لەوێ دەپارێزرێن. جگە لەوانە، لە ڕێگای جی پی ئێسی مۆبایلەکانەوە، چرکە بە چرکەی شوێنی خەڵک تۆمار دەکرێ. واتە ئەمریکا چرکە بە چرکە لە قسەکردنەوە تا شوێنی مانەوەی زۆرینەی خەڵکی جیهانی لە لایە و دەتوانێ بە شێوەی جۆراوجۆر کەلک لەو داتایانە وەربگرێ، هەر لە ئاراستەکردنی خەڵکی جیهان لە ڕووی فکرییەوە هەتا بواری نیزامی. ئەگەر سەرنجمان دابێ، یەکێک لە بابەتەکانی نێوان ئەمریکا و چین کە مشتومڕی زۆری لەسەرە، تۆڕی کۆمەڵایەتیی تیکتۆکە. ئەمریکییەکان مەبەستیانە سێرڤێرەکانی ئەو تۆڕەش بگوازنەوە وڵاتی خۆیان.

بە زمانێکی سادە، کەسێک کە نهێنییەکانی ژیانی کەسانی دیکەی لەلا بێ، دەتوانێ کۆنترۆڵیان بکا و وا بکا هەموویان بە مەیلی ئەو ڕەفتار بکەن، یان هەر نەبێ ناتوانن ڕۆژێک لە ڕۆژان دژایەتی بکەن. ئەگەر ڕۆژێک ئەمریکا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، پەیوەندییەکانی ڕۆژانەی خەڵکی چین یان ئێران لە نێو واتساپ و ئینستاگرام و فەیسبووک لە ماڵپەڕێکی وەک ویکی لیکس بڵاو بکاتەوە، دەتوانێ کۆمەڵگەی ئێران بە تەواوی بشێوێنێ.

گرنگیی ئەو داتایانە لە شەڕی نێوان ئیسڕائل و حەماس، هەروەها لە شەڕی دوازدە ڕۆژەی نێوان ئیسڕائیل و ئێران باشتر دەرکەوت، کاتێک خەڵک تووشی سەرسوڕمان بوون و نەیاندەزانی چلۆن ئیسڕائیلییەکان توانیویانە ژووری خەوی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بکەنە ئامانج. ئەوە بەرهەمی نزیک دوو دەیە کۆکردنەوەی داتای خەڵک بوو، کە زیرەکیی دەستکرد هات و کارەکەی بۆ ئیسڕائیلییەکان زۆر ئاسان کرد. ئیسڕائیل هەم لە غەزە و هەم لە ئێران کەلکی لە دوو سیستەمی ژیری دەستکرد وەردەگرت. یەکێکیان بە ناوی Lavender کە ئەرکەکەی ناسین و دەستنیشانکردنی ئەو کەسانە بوو کە "مەترسیدارن". ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردووی کەسەکان. بۆ نموونە، Lavender توانی لەنێو شاری غەزە ٣٧ هەزار کەس وەکوو ئەندام و لایەنگری حەماس دەستنیشان بکا. ئەو سیستەمە بە دەستڕاگەیشتن بە سێرڤێر و داتای خەڵک لەنێو ئینتەرنێت، وەکوو چالاکییەکانیان لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گفتوگۆکانیان، جی پی ئێسەکانیان، تەلەیفوون و هتد، توانی هەموو ئەلگۆریتمە ڕەفتارییەکانی تاکەکان تاوتوێ بکا و بە لێکدانەوەی ئەو زانیارییانە بزانێ کە ئەو ٣٧٠٠٠ کەسە ئەندام و لایەنگری حەماسن. ئەو سیستەمە بە سیستەمێکی دیکەی ژیری دەستکرد بەستراوبوویەوە بە ناوی Gospel کە ئەرکی ئەویش دەستنیشانکردنی ئەو بینا و باڵەخانانە و ژوورانە بوو کە ئەندامە دەستنیشانکراوەکانی تێدا دەژیا. سیستەمی Gospel لە ڕێگای داتای هەموو کەسەکانی نێو باڵەخانەکەوە دەزانێ ئامانجەکان لە کام ژوورن و لە کام ئەندامی بنەماڵەش نزیکن. کاتێک کەسەکان و شوێنی مانەوەیان دەستنیشان کرا، لە ڕێگەی درۆنەکان یان فڕۆکەکانەوە کەسەکان جاری وایە لەگەڵ تەواوی بنەماڵەکەیان دەکرێنە ئامانج. هەڵبەت دەرکەوت کە ١٠ لەسەدی ئەو کەسانەی کراونەتە ئامانج، هیچ پەیوەندییەکیان بە حەماسەوە نەبووە، کە ئەوەش وەک هەڵەی سیستەمەکە ئەژمار دەکرێ. بۆ نموونە لەوانەیە کەسانێک تەنیا بە هۆی پەیوەندی هاوڕێیەتی یان بڵاوکردنەوەی هەواڵ و وێنە لەسەر حەماسەوە لە لایەن Lavender ـەوە وەک مەترسی دەستنیشان کرابن.

ئەوەی لە شەڕی دوازدە ڕۆژەی نێوان ئیسڕائیل و ئێرانیش ڕووی دا، لەسەر بنەمای زانیاری بوو. نەک هەر دەستنیشانکردنی کەسە گرنگەکان، بەڵکوو هەموو بنکە نیزامی و دامودەزگا دەوڵەتییەکانیش دەیان ساڵە لە لایەن ئیسڕائیلەوە زانیاریی وردیان لەسەر کۆ دەکرێتەوە. ئەو زانیارییانە هەم لە ڕێگەی دوورەوە و هەم لە ڕێگەی سیخوڕەکانەوە چوونەتە نێو بانکی زانیاریی ئیسڕائیلەوە و بوون بە سەرەکیترین خاڵی هێز بۆ ئیسڕائیل. بەر لە بەئامانجگرتنی کەسە گرنگەکان، ئیسڕائیل بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان، کەلک لە چەندین سەرچاوە وەردەگرێ:

یەکەم، لە ڕێگەی ئینتەرنێت و تەلەیفوون و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەلگۆریتمی ڕەفتاریی کەسەکان وەدەست دێنێ. بۆ نموونە، دەزانێ فڵان کەس زۆربەی شەوانی دووشەممە لەکوێ دەمێنێتەوە، یان زۆربەی ڕۆژەکان لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی لەکوێیە. دووهەم، لە ڕێگای سیخوڕی نێوخۆییەوە، زانیاریی نێوخۆیی ئۆرگانەکانی دەسەڵات وەدەست دێنێ و دەزانێ فڵان کەسە، کەی لە ماڵی خۆی دەمێنێتەوە و کەی لە شوێنی کار. سێهەم، لە ڕێگەی کۆنترۆڵی تەلەفوونی هاوڕێ و خزم و کەسە نزیکەکانی دەزانێ کە ئەو کەسە لە ماڵە یان نا. چوارەم، لە ڕێگای کۆنترۆڵی جی پی ئێسی مۆبایلی کەسەکە و بنەماڵەکەی دەزانێ ئەو کەسە لە ماڵە یان نا. پێنجەم لە ڕێگەی سیخوڕێک لەنێو بیناکەوە دەزانێ ئەو کەسە لە ماڵە یان نا. شەشەم، لە ڕێگەی هاککردنی کامێراکانی چاودێریی بیناکە یان سەرشەقام دەزانێ ئەو کەسە چووەتەوە ماڵەکەی یان نا. حەوتەم لە ڕێگەی سیخوڕێک لە دەرەوەی بیناکەوە سەیری ئاپارتمانەکە دەکا بزانێ گڵۆپی ماڵەکەی هەڵ کراون یان نا. هەمووی ئەو زانیارییانە بە جیا و لە ڕێگەی گرووپی جیاوازەوە کۆ دەکرێنەوە و نوێ دەکرێنەوە و هیچ پەیوەندییەک لەنێوانیاندا نیە. چونکە هەر گرووپێک زانیاریی خۆی وەدەست دێنێ و ئاگای لەوانی دیکە نیە، بەڵام لە ژووری ئۆپەراسیۆن، هەمووی ئەو زانیارییانە، لە تەنیشت یەکتر دادەندرێن و نیشانی دەدەن کە ئامانجەکە لە ماڵەوەیە یان نا. هەر وەک بینیمان، خاڵی سەرکیی زاڵبوونی ئیسڕائیل لە شەڕی دوازدە ڕۆژە، بەسەر ئێراندا، تەنیا زانیاری بوو کە توانی بە بەئامانجگرتنی فەرماندە سەرەکییەکانی ئێران، شیرازەی نیزامیی ئێران تێک بشکێنێ. لە دوای زانیاری، تەکنۆلۆژیای نیزامی بە پلەی دووهەم دێ.

لە ئەنجامدا، پێناسەی هێز لە سەدەی بیست و یەکەم چیتر کۆنترۆڵی خاکی زور و دەریای گەورە و نەوت نیە، بەڵکوو وەدەستهێنانی زانیارییە. بەهێزترین وڵات ئەو وڵاتەیە کە زۆرترین زانیاری لە بن دەستدا بێ. لایەنێکی نیزامی ئەگەر زانیاریی وردی دوژمنەکەی نەزانێ، کەرەستەی پێشکەوتووشی هەبێ، ناتوانێ لە شەڕدا سەر کەوێ.

# پەروەردە لەژێر سێبەری قەیرانە پێکهاتەییەکاندا



ڕەحیم نزهەتزادە

لەگەڵ دەستپێکی ساڵی خوێندنی ١٤٠٤-١٤٠٥، بە میلیۆنان خوێندکار لە ئێران و بە تایبەتی لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە چوونەتە قوتابخانەکان؛ بەڵام هەر وەک ساڵانی پێشوو، ئەم سەرەتایە لەگەڵ هیوا و حەماسەت بۆ پەروەردە نیە، بەڵکو بیرهێنانەوەی کەڵەکەبوونی کێشەکانە، کە ساڵانێکە قورسایی خستۆتە سەر شانی منداڵان و خێزانەکان. سیستەمی پەروەردە لەم ناوچانە، نەک هەر لە کێشە لە مێژینەکان ڕزگاری نەبووە، بەڵکوو ئەوجارەیان بەستراوەتەوە بە قەیرانی نوێترەوە.

یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکان، بێبەشکردنی بەربڵاوی بەشێک لە منداڵانە لە مافی خوێندن. لە کاتێکدا ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە سەرچاوە سروشتی و ژێرزەمینییەکان، بەڵام خراپ بەڕێوەبردن، گەندەڵی و ناکارامەیی پێکهاتەیی کۆماری ئیسلامی وای کردوە، هەزاران منداڵ لە کوردستان و ناوچە بێبەشەکانی دیکەدا لە خوێندن داببڕێن. بۆ زۆرێک لە خێزانەکان، تێچووی سەرەتایی ناو تۆمارکردن، کڕینی کتێب و کەلوپەلی نووسین هێندە زۆرە، کە منداڵان ناچارن هەر لە سەرەتای ساڵدا، واز لە خوێندن بهێنن. ئەمەش پێشێلکارییەکی ئاشکرای مافی بنەڕەتی پەروەردە، و پێشێلکردنی ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی ئێرانە، لە بواری پاراستنی مافەکانی منداڵاندا.

زیادبوونی بەرچاوی هەژاری و بێکاری لە کوردستان خێزانەکانی خستۆتە دۆخێکەوە، کە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، هەندێکجار دەگۆڕدرێت بۆ "ئیمتیازێکی لوکس". زۆرێک لە خوێندکاران بۆ بژێوی خێزانەکانیان، ڕوو لە کارە سەخت و کەم مووچەکان دەکەن، ئەمەش بە شێوەیەکی کاریگەر لە چوونە پۆل بێبەشیان دەکات. ئەم دیاردەیەش، نەک هەر ئایندەی تاکەکەسی منداڵان لەنێو دەبات، بەڵکوو پاشەکشە بە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەو ناوچانەشدا دەکات.

کێشەیەکی جددیی دیکە نەبوونی ژێرخانی پەروەردەیی دروستە. زۆرێک لە قوتابخانەکان، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکانی کوردستان، وێران، ناستاندارد و تەنانەت ناپارێزراون. چڕیی زۆری قوتابیان لە هۆڵەکانی خوێندن، نەبوونی کەرەستەی پەروەردەیی مۆدێرن، نەبوونی ئیمکاناتی وەرزشی و ڕۆشنبیری، بە شێوەیەکی بەرچاو، هۆکارێکە بۆ دابەزینی کوالیتی خوێندن. لە هەندێک قوتابخانەدا ژمارەی خوێندکاران لە پۆلێکدا، چەند هێندە زیاترە لە ستانداردی جیهانی؛ بارودۆخێک کە بەکردەوە پرۆسەی پەروردە و فێربوون لاواز و تێک دەدات.

جگە لە کێشەی خوێندکاران، دۆخی مامۆستایانیش مەترسیدارە. نزمیی مووچە و نەدانی حەقدەست لە کاتی خۆیدا، وای کردوە بەشێکی زۆر لە مامۆستایان، خۆیان لە ئاستەنگی داراییدا ببیننەوە. هەندێکیان ناچار دەبن بۆ دابینکردنی خەرجییەکیانی ژیان، چەند کارێکی دیکە بگرنە ئەستۆ، ئەمەش لە بەرامبەردا لە کوالیتی وانەوتنەوە کەم دەکاتەوە. دووبارەبوونەوەی ناڕەزایەتی سەندیکاکان و مامۆستاکان لە ساڵانی ڕابردوودا، نیشانی دەدات کە قەیرانی بژێوی ژیانیان، بووەتە کێشەیەکی جددی نیشتمانیی. لە نەبوونی ئەمنییەتی کار و خۆشبژیوتی ڕێژەییدا، چۆن چاوەڕێی ئەوە بین، کە مامۆستایان بە پاڵنەر و وزەی تەواوەوە، بەشداری پۆلەکان بکەن؟

لە زۆرێک لە پارێزگاکان، تەحەدایەکی دیکەی نوێ; نەبونی بەردەوامی کارەبایە. لە کاتێکدا بەشێکی بەرچاوی پەروەردەی جیهانی ئەمڕۆ، پشت بە کەرەستەی دیجیتاڵی دەبەستێت، خوێندکاران لە کوردستان تەنانەت لە ئاسانکارییە سەرەتاییەکانی، وەک کارەبای جێگیر بێبەش دەمێننەوە. هەروەها نەبوونی سیستەمێکی ستانداردی گەرمکردنەوە و ساردکردنەوە، بارودۆخێکی سەختتر بۆ منداڵان لە وەرزی سەرما و گەرمادا دروست دەکات.

سیستەمی پەروەردەی ئێران، بە تایبەت لە ناوچە پەراوێزخراوەکانی وەک کوردستان، سووتەمەنی و هۆکاری دابەشبوونی قووڵی چینایەتییە. منداڵانی خێزانە دەوڵەمەندەکان، دەتوانن سوود لە پۆلە تایبەتەکان، قوتابخانە ناحکومییەکان و ئاسانکاریی باشتر وەربگرن، لە کاتێکدا منداڵانی خێزانی چینە هەژارەکان، لە قوتابخانە کوالیتی نزم، بەبێ ئاسانکاری بەجێدەهێڵرێن. ئەم نایەکسانی پەروەردەییە، دەبێتە هۆی نایەکسانییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری فراوانتر، کە سووڕی هەژاری و بێبەشی، دووبارە بە بەرهەم دەهێنێتەوە.

سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٤٠٤ – ١٤٠٥ دەرفەتێکە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بیر لەم پرسیارە بنەڕەتییە بکەینەوە: ئایندەی پەروەردە لە ئێران و کوردستان، بەرەو کوێ ڕێگا دەگرێت؟ ئەگەر سیاسەتی ناکاریگەر و گەندەڵی پێکهاتەیی بەردەوام بێت، مەترسی "نەوەیەکی نەخوێندەوار" لە بۆسەدایە. نەوەیەک کە لەبری قەڵەم و کتێب، بەناچاری ناچار دەکرێت، کەرەستەی کار و سەختییەکانی بژێوی ژیان هەڵبژێرن و هەڵبگرنە سەر شان.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆڵی بەرخۆدانی خێزانانە، هەوڵی مامۆستایانی خەمخۆر و پاڵنەری ئەو خوێندکارانەی، کە سەرەڕای هەموو سەختییەکان دەچنە قوتابخانە، ناتوانرێت پشتگوێ بخرێن. هیواش بۆ داهاتوو، لەم خۆڕاگرییەدایە. بەڵام تا ئەو پێکهاتەیەی کە پەروەردە بەڕێوە دەبات، چاکسازی نەکرێت و دادپەروەری پەروەردەیی دانەمزرێت، ساڵانی نوێی خوێندن، جگە لە دووبارەبوونەوەی قەیرانەکانی ڕابردوو بە قەیرانی نوێترەوە، هیچی زیاتری لە هەگبەدا پێ نابێت.

ساڵی خوێندنی ١٤٠٤-١٤٠٥، جارێکی دیکە واقعی تاڵی پەروەردە لە ئێران و کوردستان ئاشکرا دەکات: واقیعێک تێکەڵ بە هەژاری، نایەکسانی، ناکارامەیی و بێبایەخکردنی مافی منداڵان و مامۆستایان. مافی پەروەردە مافێکی بنەڕەتییە، و ناکرێت ببێتە قوربانیی گەندەڵی و ناکارامەیی پێکهاتەیی. ئایندەی ئەم خاکە بەندە بە پەروەردەی نەوەی نوێ؛ نەوەیەک کە ئەگەر ئەمڕۆ لە قوتابخانە و کتێب بێبەش بکرێن، سبەی لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان و پێشکەوتوودا بێبەش دەبن.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش





براییم چووکەڵی

نەتەوەی کورد بارتەقای باڵای مێژوو لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیدا، ماندوویی‌نەناسانە درێژەی بەتێکۆشان داوە و سەرەڕای زەبروزەنگ و ئێعدام و ڕەشەکوژی و سەرکوت و خەفەقاندا، ملی بۆ داگیرکەران و چەوسێنەران ڕانەکێشاوە و بە چۆکدا نەهاتوە. ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لێبڕاوانە و بە ئیمانێکی پۆڵایینەوە درێژەیان بە خەبات داوە و لە پێشکەشکردنی گیانی پاکیان لەپێناو ویست و داخوازە نەتەوەییەکانیان درێخییان نەکردوە.

حەسەن مەقسوودیان ناسراو بە کاکی حەسەن ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی کوردەواری لە ئاوایی "قۆچی‌باشی" سەر بە شارستانی سەرپێلی‌زەهاو چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە وەک هەموو منداڵانی لادێیی لە ڕەنج و کوێرەوەریدا گەورە بوو. لە تەمەنی شەش ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا و تا پۆلی سێهەمی ناوندی خوێندی.

حەسەن لە تەمەنی ١٨ساڵی بەڕێی سەربازیی زۆرەملێ کرا. شەهید کاکی حەسەن لە سەربازی ڕوتبەی دەرەجەداریی لە واحیدی تۆپخانە و تانک وەرگرت. پاش شۆڕش و لە گەرمەی شەڕی ئێران و عێراقدا لە ئەرتەش هاتە دەر و وازی لە ئەرتەش هێنا و بڕیاری دا خزمەت بە ڕێژیمێک نەکا کە حاشا لە نەتەوەکەی بکا و ئاگر و ئاسنی بەسەردا ببارێنێ. پاشان کە شەڕی ئێران و عێراق بەردەوام بوو، زۆربەی خەڵکی یارسان کەوتنە بەر هێرش و هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی ئێران. ئەویش لەگەڵ بنەماڵەکەی پەڕیوەی کوردستانی عێراق بوون.

ژیانی سەخت و تاقەتپڕووکێن هەستی شۆڕشگێڕانەی لە وجوودی کاکی حەسەن دا خوڵقاند و دواتر ئەو هەستە بوو بە بیروباوەڕی سیاسی. ئەو بۆ گۆڕینی ئەم وەزعە دژوارەی کە بەسەر ژیانی خۆی و گەلەکەیدا هاتبوو، ڕێگای خەباتی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا گرتە بەر و لە ساڵی ١٣٦٢ کە بڕیاری دامەزرانی کۆمیتە و هێزی دالاهۆ درا، ئەویش لە یەکەم کەسەکان بوو بەرگی پێشمەرگەی پۆشی و چەکی دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی گەلەکەی لە شان کرد. ئەو پێشمەرگەیەکەی ئازا و بەئیمان و خوو ڕەوشت بەرز بوو و زۆر زوو توانی لەنێو هاوڕێیانی پێشمەرگەیدا جێگای خۆی بکاتەوە و ڕێز و خۆشەویستی ئەوان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

شەهید حەسەن مەقسوودی پاش ماوەیەک کاری پێشمەرگایەتی بەهۆی ئاگاهیی سیاسی وەک کادری لک لە هێزی دالاهۆ دیاری کرا. ئەو بەردەوام بۆ پێگەیاندنی هاوسەنگەرانی بۆ ساتێک نەدەوەستا و بەردەوام کلاس و کۆبوونەوەی سیاسیی بۆ دەگرتن. کەسایەتییەک بوو تا بڵێی دڵگیر، دڵسۆز، چالاک و جێگای بڕوا بوو. لە شەڕەکاندا هەمیشە ڕۆڵی ئازایانەی دەگێڕا. جارێک لە شەڕدا بریندار بوو و برینەکەی زۆر قورس بوو، بەڵام ئازاتر لە پێشوو هاتەوە مەیدانی خەبات دژی داگیرکەرانی کوردستان.

پاش ماوەیەکی لە کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی دالاهۆ وەک ئەندامی کۆمیتە شارستان هەڵبژێردرا. ئەو هەوڵی دەدا شتی نوێ فێر بێ و لە مەیدانی کردەوەدا کەڵکی لێ وەربگرێ و بیکاتە توێشووی ڕێگەی خەبات. کاکی حەسەن بە کردەوە نیشانی دا ئیمانی بە حەقانییەتی خەباتەکەی هەیە، هەربۆیە دڵسۆزانە و هەڵسووڕاوانە بۆ ناساندنی سیاسەتی حیزبەکەی بۆ زەحمەتکێشانی کوردستان تێدەکۆشا و لەم ڕێبازەدا لە هیچ هەوڵێک درێخیی نەدەکرد و بۆ ڕوونکردنەوەی زەحمەتکێشانو ناساندنی نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا. کاری سیاسی و نیزامیی تێکەڵاو کردبوو و لەهەر شوێنێک بە پێویستی زانیبا دەستی بە تەبلیغاتی حیزبی و ڕوونکردنەوەی خەڵکی دەکرد. کاکی حەسەن کوڕێکی لەبەردڵان و بەنەزم و لەسەرخۆ و بە بیروباوەڕ و هەڵسوور بوو. بۆ هەموو مەئمووریەتێک سەر لەپێناو بوو.

حەسەن بە هۆی لێهاتوویی و کارامەیی زۆر بەرپرسایەتیی پێ سپێردرا. ئەندامەتیی کۆمیتە شارستان، بەرپرسی ناوچە، بەرپرسی ماڵی، کادری کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی و بەرپرسی کۆمیتە شارستانی دالاهۆ و زۆر بەرپرسایەتیی دیکە. کاکی حەسەنی هەڵکەوتوو و لێهاتوو، لەم بەرپرسایەتیانە ڕووسوور هاتە دەر و زۆر ئازایانە ئەرکەکانی بەرێوە دەبرد. بە توانایی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نیشتمانپەروەرانە و شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکرات، لێزانی، دڵسۆزی، هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان ئەویان کردبووە سیمایەکی جێگای متمانە لەنێو خەڵکی ناوچەدا. ئەو تەنیا کادرێکی سیاسی لەنێو حیزبدا نەبوو، بەڵکوو پێشمەرگەیەکی ئازا و نەترس و لەخۆبووردوو بوو. لە شەڕەکانی ناوچەی دالاهۆدا قارەمانەتیی لە خۆی نیشان دا.

شەهید کاکی حەسەن مەقسوودی بۆ ڕاپەڕاندنی مەئمووریەتی حیزبی و ڕاپەراندنی کاری حیزبی لە شوینێک بە ناوی سیاوانە لە ناوچەی دالاهۆ بە پیلانێکی خائینان و خۆفرۆشان کە لوولەی چەکەکانیان بەرەوسینگی پڕ لە ئاوات و ئارەزووی ڕاگرتبوو شەهید کرا و خوێنی تێکەڵ بە خوێنی سێ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی ئەردەشێر خوسرەوی، فرووغ خزری و حەسەن سەلیمی بوو.

شەهید کاکی حەسەن وەک هەموو شەهیدانی گەل مانای ڕاستەقینەی ژیانی بۆ دەرخستین و فێری کردین لەپێناو سەرکەوتنی شۆڕشدا لە بەخشینی گیانیش درێخی نەکەین بۆوەی لە دڵی گەورەی گەل و دەروونی پاکی نیشتماندا جێگامان هەبێ.

# بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی و میکانیزمی ماشە


زانیار حوسێنی



بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لە ئاڵۆزترین پرسە ئەمنیەتییە نێودەوڵەتییەکانی دوو دەیەی ڕابردووە. ئەم بەرنامەیە تەنیا لە لایەنی تەکنیکی پیتاندنی یۆرانیۆمدا سنووردار نییە، بەڵکوو بەستراوەتەوە بە کێبڕکێی ژێئۆپۆلەتیکی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی زلهێزەکانی جیهان و ململانێی ناوچەیی و پێشهاتە ناوخۆییەکانی ئێرانەوە. ئێستا بە چالاککردنی "میکانیزمی سنەپ بەک" لە لایەن وڵاتانی ئورووپاییەوە، پەروەندەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ئێران پێی ناوەتە قۆناغێکی هەستیارترەوە، کە دەرئەنجامەکانی کاریگەری لەسەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئابووریی جیهانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دەبێ. بەرنامەی ناوکیی تاران لە یەک کاتدا بە پرۆژەیەکی پیشەسازی و ئامرازێکی دیپلۆماسی و هێمای دەسەڵاتی نەتەوەیی دادەنرێ. گەڕانەوەی سزاکان یان چالاککردنی میکانیزمی سنەپ بەک نەک هەر گوشاری ئابووری دروست دەکا، بەڵکوو توانای تاران بۆ ڕێگریکردن و دانوستان لە ئاستی ناوچەییدا دەکاتە ئامانج. ئەم گوشارانە دەتوانن هاوسەنگی لە نێوان کوتلە ناوخۆییەکان دروست بکەن: فراکسیۆنی توندڕەو کە جەخت لەسەر سەربەخۆیی و بەرخۆدان دەکاتەوە، کوتلەی میانڕەو جەخت لەسەر سەقامگیری ئابووری و دیپلۆماسی دەکاتەوە؛ یان دەتوانن ببنە هۆی نارەزایەتی و بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری فراوانتر لە هەردوو ڕەهەندی چەندایەتی و چۆنایەتیدا.

**ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی و پەرەسەندنی بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ئێران**

ڕەوتی بەرنامەی ناوکیی ئێران لە دەیەی سیی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکرد، کاتێک ڕژێمی پەهلەوی بە پرۆژەی "ئەتۆمەکان بۆ ئاشتی" هاوکاری ئەمریکای کرد. ڕیاکتۆری توێژینەوەی تاران لە ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوییەوە کەوتە کار و لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەرنامەی گەورەتر بۆ وێستگە ناوکییەکان داڕێژرا، لەوانە پرۆژەی وێستگەی کارەبای بوشێهر بە بەشداری ئەڵمان بوو. دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و شەڕی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق، زۆرێک لە پرۆژە ناوکییەکان ڕاگیران و سەرچاوەکانی وڵات بۆ کاروباری بەرگری تەرخان کران.

لە دەیەی هەشتای هەتاویدا، وردە وردە ئاوەدانکردنەوە و فراوانکردنی چالاکییە ناوکییەکان بە تایبەتی پرۆژە ژێرزەمینییەکان و هاوکاری لەگەڵ چین و ڕووسیا و پاکستان دەستی پێ کرد. پرۆژەی ئاماد ( آماد ) کە بەرنامەی ئەندازیاری چەکی ناوکیی پەیڕەو دەکرد بەڵام لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ڕەتکرایەوە. ئاشکراکردنی ئیمکاناتی نەتەنز و ئەراک لە لایەن سازمانی موجاهدینی خەڵقەوە لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی بووە هۆی گوشاری نێودەوڵەتی و دانوستانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران. لە ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی کۆماری ئیسلامی ئێران هەندێک چالاکی ڕاگرت و پرۆتۆکۆڵی ئیلحاقی واژۆ کرد، بەڵام دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدینژاد لە ساڵی ١٣٨٤، پیتاندنی یۆرانیۆم دەستی پێکردەوە.

دوابەدوای فراوانبوونی پیتاندن و چالاکییەکانی ڕیاکتۆری ئاوی قورسی ئەراک و دامەزراندنی سایتی فۆردۆ، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان چەند بڕیارێکی گەمارۆی وەک سزای دەرکرد. هێرشی ئەلەکترۆنی ستۆکسنێت لە ساڵی ١٣٨٩دا دەریخست کە بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ئێران جگە لە ئامانجێکی پیشەسازی بووەتە میحوەرێکی کێبەرکێی ئەمنی و ستراتیژیکی نێودەوڵەتی.

ڕێککەوتننامەی ناوزەدکراو بە بەرجام لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاویدا سنووردارکردنی ناوکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دیاری کرد و لە بەرامبەردا سزاکان هەڵگیران. جێبەجێکردنی بەرجام لەلایەن ئاژانسەوە هەتا ساڵی ١٣٩٦ بە ڕاپۆرتی ئەرێنی پشتڕاست کرایەوە. بەڵام کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە و گەڕانەوەی سزاکان لەلایەن ئەمریکاوە، بووە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆت و بەندەکان پێشێل بکات و یەدەگی یۆرانیۆم و چالاکیی سانتریفیوژەکان زیاد بکات.

**میکانیزمی سنەپ بەک/** میکانیزمی سنەپ بەک ئامرازێکە کە بە پشتبەستن بە بڕیارنامەی ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایش، ڕێگە بە سەپاندنەوەی خێرای سزاکان دەدات. ئەم میکانیزمە بەبێ پێویستی بە دەنگی ئەنجوومەنی ئاسایش چالاک دەکرێ و تەنیا هەتا ٢٦ی ڕەزبەری ١٤٠٤ی هەتاوی دەتوانرێ کەڵکی لێ وەربگیرێ. لە ٦ی ڕەزبەری ئەوساڵدا، وڵاتانی ئەورووپایی (بەریتانیا، فەرەنسا، ئاڵمان) لە کاردانەوە بە پێشێلکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێسای بەرجام، میکانیزمی سنەپ بەکیان بۆ سەپاندنەوەی سزاکان چالاک کرد.

لە ڕوانگەی سیاسییەوە، میکانیزمی سنەپ بەک تەنها ئامرازێکی یاسایی نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ فشاری خێرا و ستراتیژییانە. ئەم ڕێوشوێنە دەتوانێ کاریگەری دەروونی بەهێزی لەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەبێ و کوتلە ناوخۆییەکان یەکبخات یان ببێتە هۆی پێکدادانیان. لە هەمان کاتدا ڕووسیا و چین دژی چالاککردنی سنەپ بەکن و بە ئامرازێکی تاکلایەنەی دەزانن کە دەتوانێ کاردانەوەی توندی تارانی لێ بکەوێتەوە. لە لایەکی ترەوە بەستێنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ژێر گوشارە سیاسی، ئابووری، بەڕێوەبەری و کۆمەڵایەتییەکان، ڕەنگبێ هەرکات بگاتە خاڵی تەقینەوە و تەنانەت زیاتر لە پێشووش ئاگری تورەیی سەرتاسەری هەڵبگیرسێنێ.

ڕێژیمی تاران لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا سیاسەتی ناوچەیی خۆی لەسەر سێ میحوەر دامەزراندووە: قووڵایی ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاراستەکردنی تاقم و گروپی تیرۆریستی و توندڕەوەکان و دابینکردنی سەرچاوەی دارایی و سەربازی بۆیان، بردنەسەری توانایی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ زیادکردنی مەودای مەترسییە شاراوەکان و فراوانکردنی بازنەی شەڕی دەروونی، و هەروەها بەرنامەی ناوکی وەک ئامرازێکی موزایەدە و زیادکردنی زۆرترین گوشار. کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی وایە کە بەرنامەی ناوکی دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە بەرامبەر ئیسرائیل و ئەمریکا، و تاران لە ناوچەکە بەهێزتر لە جاران و دەرفەتی دەستێوەردان و خۆسەپینی بەسەر وڵاتانی ناوچەکە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە کێبڕکێی نێوان زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان لە جاران ئاڵۆزتر بووە : ئورووپا بە شێوەیەکی کارا و چالاک بە دوای دانوستان و سنووردارکردنی ڕژێمی ئێرانە ، بەڵام ئەمریکا زۆرترین گوشاری ئابووری و سیاسی دەخاتە سەر، و لەولاوە ڕووسیا و چین هەوڵ دەدەن نفوزی ئابووری و ژێئۆپۆلەتیکی خۆیان بپارێزن و ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداوی فارسیش هەوڵ دەدەن کە ڕێژیم بەتەواوی سنووردار و کۆنترۆڵ بکرێ.

لەنێو خودی ڕێژیمدا، لایەنە توندڕەوەکان لە ڕێگەی گوشاری دەرەکی و جەختکردنەوە لەسەر سیاسەتی ناوکی و هاژەکی، لە هەوڵی زیاترکردنی شەرعیەتی خۆیان دان و پێیان وایە تەنیا هێزی ناوکی و مووشەکیی بەرچاو دەتوانێ ڕێگری (بازدارندگی) و مانەوەی سیاسی دابین بکا. لەکاتێکدا کوتلە میانڕەوەکان لە هەوڵی کەمکردنەوەی گوشارە ئابوورییەکان و دروستکردنی کەشێکی دانوستان و گفتوگۆ دان. ئەو ململانێ ناوخۆییانە، جیا لە تورەیی جەماوەری و خۆڵەمێشی کوژاوەی نارەزایەتییەکان، کاریگەرییان لەسەر داهاتووی دیپلۆماسی ناوکی و سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم هەبووە.

**کاریگەرییە بازرگانی و ئابوورییەکان/** گەڕانەوەی گەمارۆکان کاریگەری بەربڵاوی لەسەر ئابووریی کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە؛ هەناردەکردنی نەوت کەم دەبێتەوە و بازاڕەکانی ئاسیا سنووردار دەبن، ئەوەش ڕەنگە ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی جیهانی نەوت، کە بێگومان بە گوشاری ڕاستەوخۆی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپا بۆ سەر وڵاتانی تری بەرهەمهێنەری نەوت، کۆنترۆڵکردنی بازاڕ بەدوور لە چاوەڕوانی و قورس نییە. لە لایەکی دیکەوە دەستڕاگەیشتن بە سیستەمی بانکی جیهانی بۆ دەسەڵاتی تاران سنووردار بووە و تێچووی مامەڵە داراییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکا. پیشەسازییەکانی پترۆکیمیایی، بەرهەمە نەوتییەکان، پۆڵا و تەکنەلۆژییەکان گوشارێکی زۆریان لەسەر دەبێ و وەبەرهێنانی دەرەکیش بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە.

ئابووریی نێوخۆ بەرەو بازرگانی نافەرمی و هاوکاری لەگەڵ چین و ڕووسیا دەڕوا، بەڵام ئەم بەدیلانە ناتوانن بە تەواوی جێگەی بازاڕە فەرمییەکان بگرنەوە و کاریگەرییەکانی سزاکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکەنەوە، بەجۆرێک کە لێکەوتەکانی لە ڕای گشتی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا بسڕنەوە. هەڵاوسان، بێکاری و کەمبوونەوەی هێزی کڕینی خەڵک دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەم بارودۆخانە دەبێ و گوشارەکان لەسەر ڕێژیم بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەردەوام زیاد دەبن.

**لێکەوتەکانی سنەپ بەک/** چالاککردنی میکانیزمی سنەپ بەک لێکەوتەی ناوخۆیی جیددی دەبێ. گەمارۆ بەفراوان و هەمەلایەنەکان، دەبێتە هۆی گوشاری ڕاستەوخۆ و لەڕادەبەدری ژیانی ڕۆژانە، وەمەترسیکەوتنی داهاتووی نەوەی نوێ لە هەموو بوارەکانی پێویستیی ژیانی ئەو سەردەمەی؛ هەژاریی لەڕادەبەر، بێکاریی بەردەوام، گرانی زیاتری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی پێداویستییەکانی سەرەتایی بۆ ژیان و دەیان قەیرانگەلی ورد و درشتی تر کە کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار و هەستیار دەبا. بەپێی ڕابردووی پاک و بێگەردی ئەو ڕێژیمەش! پلان و بەرنامەکانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو جۆرە قەیرانانە و هەوڵدان بۆ لێ دەربازبوونی، دەست دەکا بە تۆقاندنی خەڵک و زاڵکردنی جەوێکی تۆقێنەر لەمەڕ سەرهەڵنەدانەوەی خۆپێشاندان و بزاڤی گشتگیرتر لە ئی سێ ساڵی لەمەوبەر. لەو دۆخەدا تەنیا قوربانی و دۆڕاوی سەرەکی، گەلانی نیشتەجێبووی ئێرانن و بۆ پێچەوانەکردنەوەی لێکەوتەکانی میکانیزمی سنەپ بەک، تەنیا ڕێگە هەوڵێکی جیددی لەلایەن خەڵکانی هەموو گەلانی ئێرانە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی تاران و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن هێزە ڕاستەقینەکانی خەڵک؛ لە هەر حاڵەتێکدا دەرئەنجامەکانی هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕژێم یان مانەوە لە دۆخی پاسیڤیەت و چاوەڕوانی، تەنیا بۆ خوودی خەڵک دەگەڕێتەوە.

دۆسیەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ئێران تێکەڵەیەک لە ڕەچاوکردنی تەکنیکی، سیاسی، ئابووری و ئەمنییەتییە. چالاکبوونی میکانیزمی سنەپ بەک، گەمارۆ ئابوورییەکان و گوشاری سیاسی ئەو ڕێژیمەی خستۆتە دۆخێکی سەختەوە. کاردانەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هاوسەنگی نێوخۆیی فراکسیۆنەکانی، گوشاری ناوچەیی، ڕۆڵی زلهێزەکانی جیهان و ویستی بە کردەوەی بەکۆمەڵی نەتەوەکانی نیشتەجێبوو لە ئێران، ڕێڕەوی داهاتوو دیاری دەکا. هەر بڕیارێک تاران بیدات، کاریگەری قووڵی لەسەر ئاسایش، ئابووری و سەقامگیریی ناوچەکە دەبێ؛ ئێمە ئێستا لە ساتێکی هێندە چارەنووسسازداین کە ئەم سیناریۆیانەی خوارەوە دەکرێ لەبەرچاو بگرین:

• سیناریۆی زۆرترین گوشار: لەگەڵ گەڕانەوەی گەمارۆکان و شکستی دیپلۆماسی و داخستنی پەنجەرەی دیالۆگ، گوشاری ئابووریی توند دروست دەبێ و ڕەنگە هەڵوێستی کردەیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەو بەرپەرچدانەوە ئاراستە بێ ؛ ئەم ڕێوشوێنانە چۆن و بە چ شێوەیەک دەبن، بەندە بە کات و بارودۆخی ناوخۆیی و تواناکانی ڕژێم و کاردانەوەکانی ئەمریکا و ئورووپا و لەئێستادا ئیسرائیلیش.

• سیناریۆی دانوستانی نوێ: گەمارۆکان هاندەری زیاتر بۆ دانوستانەکان دروست دەکەن و لە کاتێکدا ئەگەری مەرجی توندتر و چاودێری توندتر هەیە، ڕژێم تەسلیمی ئیرادەی زلهێزەکانی جیهان بێ.

•سیناریۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ناوچەیی: زیادکردنی توانای ناوکی یان کشانەوە لە پرۆتۆکۆڵی ئیلحاقی، ڕەنگە ببێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەلایەن ئیسرائیل یان هاوپەیمانی ڕۆژئاواییەوە؛ ڕەنگە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەنگاو بنێتە ڕێگەیەکی بێ گەڕانەوە و هەوڵی ئەوە بدات ببێتە وەشانێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆریای باکوور.

•سیناریۆی سەرهەڵدانەوە بزاڤی ژینا: لەگەڵ زیاتربوونی تێچووی بژێوی ڕۆژانەی خەڵک، قورستربوونی ژیانی ئاسایی، بەئەمنیەتیکردنی زیاتری ژینگەی خەڵک و بەزاندنی لەڕادەبەدەری سنوورەکانی مرۆڤایەتی لەلایەن ڕێژیمەوە، توورەیی نادیاری خەڵک ببێتە هۆی هەڵاییسانی ئاوری کوژاوەی بزاڤی ژینا و گواستنەوەی قۆناغی ئەو بزاڤە بۆ شۆڕش و کۆتاییهاتن بە هەموو نەهامەتییە بەرهەمهێنراوەکانی ویلایەتی فەقی!

# لە کاتێکدا ئێران لەژێر گوشاردایە، نیگەرانییەکان لە هێرشی سەرلەنوێی ئیسرائیل پەرە دەستێنن

**واشینگتۆن پۆست – سوزانا جۆرج**
**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**



شەپۆلێکی نوێی گەمارۆی نێودەوڵەتی دۆخی سیاسیی ئێران دەهەژێنن و ئابوورییەکی لەرزۆک هێندەی دیکەش بێهێز دەکەن، هاوکات نیگەرانییەکان لەنێو هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەدا پەرە دەستێنێ کە دەورێکی نوێی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دەتوانێ فرە نزیک بێ.

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەڵێ گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتاییهاتنی دەرفەتی چالاککردنەوەیان ولاتانی ئورووپایی ڕەزامەندییان لەسەر سەپاندنەوەیان دەربڕیوە، پێویستن تا گوشار بخرێتە سەر ئێران بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی دانوستان لەسەر بەرنامە ناوکییەکەی. بەڵام هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان نیگەرانن کە ئەو هەڵوێستە، مەترسیدارە و مەترسیی پەلکێشکردنی ناوچەکە بۆ نێو دەورێکی نوێی ناکۆکی هەیە.

وەلی نەسر، پرۆفیسۆرێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لێکۆڵەری سیاسی لە زانکۆی جان هاپکینز بۆ توێژینەوەی پێشکەوتووی نێونەتەوەیی دەڵێ: "ئەوە کایەیەکی مەترسیدارە." ئەو گوتی هەرچی کات زۆرتر تێپەڕێ بێ ئەوەی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان دەست بە دانوستان بکەنەوە، ئەگەری دەستپێکی ناکۆکیی نوێ بەهێزتر دەبێ. ئێستا کە گەمارۆکانی "میکانیزمی ماشە" سەپێندراونەوە، ڕەنگبێ چەند مانگی پێبچێت هەتا ئەو دوو لایەنە جارێکی دیکە دەست بە دانوستان بکەنەوە.

نەسر گوتی: "دەرەنجامەکە ئەوەیە: بێتوو وڵاتە یەکگرتووەکان بەڕاستی دەست بە دانوستان لەگەڵ ئێران بکات، ئەوە بە کردەوە بە مانای ڕاوەستانی دوژمنکاریی نێوان ئیسرائیل و ئێران دەبێ." کاربەدەستێکی یەکیەتیی ئورووپا، کە وەکوو چەند کەسی دیکە بۆ ئەو وتارە وتووێژی لەگەڵ کراوە، بە مەرجی نەدرکێندرانی ناوی، لەبەر باس لە دیپلۆماسیی هەستیار گوتی سەپاندنەوەی گەمارۆکان "بژاردەی دڵخواز" نەبوو و هەوڵەکان بۆ خۆبواردن لە قووڵترکردنەوەی ناکۆکی لە ئارادان. ئەو کاربەدەستە گوتی: "دەرگای دیپلۆماسی هێشتا ئاوەڵایە و، ئێمە بڕوامان بە ڕێگاچارەیەکی سەربازی بۆ بڵاونەکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی نیە."

دوای تێپەڕ بوونی چەند مانگ بەسەر هێرش بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی، بەگوێرەی پێداچوونەوەی واشینگتۆن پۆست، بە وێنەی هەڵگیراو بە مانگی دەستکرد، ئێران دروستکردنەوەی بنکە ژێرزەوییەکانی دەست پێکردۆتەوە، کە ئەوە بەو مانایەیە کە ئێران لەسەرخۆ خەریکی دروستکردنەوەیانە. ئێران هەروەها هەڕەشەی کردووە پشکێنەرە ناوکییەکان قەدەغە دەکا، بێتوو گەمارۆکان بسەپێنرێنەوە و ئەندامانی پارلەمان داوایان کردوە ئێران لە پەیمانی بڵاونەکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی (NPT) بکشێتەوە، هەنگاوێک کە لە ڕوانگەی زۆر کەسەوە بە مانای گۆڕانی ئاراستەی بەرنامەی ناوکیی ئێران بەرەو دروستکردنی چەکی ناوکییە.

سەرۆکوەزیری ئیسرائیل، بنیامین نەتانیاهوو، گوتی هەنگاوی سەربازیی زیاتر دژی ئێران، دوای پەسەندکرانی ئاگربڕ لەنێوان دوولایەن، هێشتا لەسەر مێزە. ئەو حەوتوویە کاربەدەستانی ئیسرائیلی بە میدیای نێوخۆییان گوت کە ئەوان بیر لە هێرشی زیاتر دەکەنەوە.

وەک نیشانەیەکی قووڵتربوونەوەی گرژیی ناوچەیی، میدیای ئێرانی باسی ڕاپۆرتی ئاشکرایان کرد کە ئاماژەیان بە نێردرانی فڕۆکەی سووتەمەنیهەڵگری ئەمریکایی بۆ ناوچەکە کرد و، گوتیان ئەو هەواڵانە هاوکاتن لەگەڵ لێدوانەکان لەمەڕ سەپاندنی گەمارۆی زیاتر تا "ڕێخۆشکەری هەڕەشەی سەربازی بن."

لێدوانی لەو چەشنە بەتایبەتی بوونە هۆی نیگەرانی هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچە. کاربەدەستێکی پلەبەرزی دەوڵەتێکی عەرەبیی نزیک لە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ گوتی: "ئەمڕۆ ناوچەکە ناتوانێ هەمان جەنگی نێوان ئێران–ئیسرائیل یان هەر جۆرە شەڕێک کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە ناوچەکەدا ڕوویان داوە، جارێکی دیکە ئەزموون بکاتەوە. تێچووەکەی گەلێک زۆرە." ئەو گوتی "دامرکاندنەوە" وەک تاکە بژاردە بە هاوتا ئەمریکاییەکانم پێشنیار دەکەم.

بەڵام بە گوتەی کاربەدەستێکی وڵاتە یەکگرتووەکان کە سیاسەتەکەی شیکردەوە، بەڕیوەبەرایەتیی ترامپ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئێستا کاتی چڕکردنی زەختەکانە و، گەڕاندنەوەی گەمارۆکانی "میکانیزمی ماشە" دەبنە هۆی "ئافراندنی دۆخێک" بۆ "ڕێگەچارەیەکی سیاسی."

بە گوتەی کاربەدەستێکی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئامانجی ئەو زەختە هاندانی ئێران بۆ قبووڵکردنی چوار مەرج وەک بناغەی دانوستانی نوێیە: وتووێژەکان دەبێ "واتادار" و ڕاستەوخۆ بن، تاران دەبێ سیفر پیتاندنی ماددەی ناوکی قبووڵ بکا و بەرنامە هاژەکییەکەی سنووردار بکا و، دەبێ دەست لە دابینکردنی دارایی بۆ هێزە بەکرێگیراوەکانی هەڵگرێ. ئەو مەرجانە بەشێک لە گرینگترین بەربەستەکانی دانوستانەکانی پێشوو بوون و، ئێران وێدەچێ ئەوان وەک بڤە سەیر بکات.

دانوستانکارانی ئێرانی و ئەمریکایی لە دوو مانگی ئەمساڵدا پێنج جار بۆ وتووێژ کۆ بوونەوە، بەڵام لە مسۆگەرکردنی پێشوەچوون بەرەو ڕێککەوتنێک شکستیان هێنا. کاربەدەستەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان گوتی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لەسەر ئەو بڕوایەیە کە تاوانی مسۆگەرنەکردنی پێشوەچوون لە ئەستۆی ئێرانییەکانە چونکە ئەوان "جیددی نەبوون" و تیمی دانوستانکاریان دەسەڵاتی گەیشتن بە ڕێکەوتنیان پێنەدرابوو. ئەو دانوستانانە کاتێک ئیسرائیل لە ١٣ی جوون هێرشی کردە سەر ئێران، هەڵپەسێردران.

جەنگی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و ئێران بەدوایدا هات کە بە هێرشێکی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران کۆتایی هات. ئەو کۆتایی بە ئاگربڕێکی لەرزۆک هێنا کە بە نێوبژیوانیی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ هاتبوو ئاراوە، بەڵام هیچ ڕێککەوتنێکی بەنووسراوە بۆ چاودێریی میکانیزمەکانی ڕێچکەیەکی سیاسی بۆ ئاشتییەکی بەردەوامی لێنەکەوتبۆوە. تەنانەت کاتێک کە ئاگربڕەکەی ڕاگەیاند، نەتانیاهوو هەڕەشەی ناکۆکی نوێی کرد. ئەو گوتی: "ئێمە بەتەمای کەمکردنەوەی زەختەکان نین." نەتانیاهوو لە وتارەکەی حەوتووی ڕابردووی لە نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی: "ئێمە نابێ ئیزن بە ئێران بدەین توانا ناوکییە سەربازییەکانی دروست بکاتەوە. یەدەگی ئۆرانیۆمی پیتێندراوی ئێران، دەبێ لەنێو بچێ."

هاوبەشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کەنداوی فارس بەتایبەتی دۆخێکی ناسکیان هەیە. ناوچەکە پڕە لە پێگەی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە نێویاندا لە بەحرەین، کووەیت، قەتەر، عەرەبستانی سعودی و میرنشینەکانی یەکگرتووی عەرەبی. دوای هێرشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە مانگی جوون، ئێران بە هێرشی هاژەکی بۆ سەر بنکەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە قەتەر وەڵامی دایەوە.

لەو کاتیەوە، گرژییەکان هێور نەبوونەوە؛ هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کاربەدەستانی حەماس لە دۆحە لە سەرەتای ئەو مانگەدا نیگەرانییەکانی کەنداوی لەمەڕ ویستی ئیسرائیل بۆ هێرشی پێشووتر نەبینراو ، تەنانەت بە نرخی ناسەقامگیرکردنی پەیوەندییە ناوچەییەکان پەرە پێداوە و، بۆتە هۆی بردنە ژێر پرسیاری کاریگەریی چەتری ئەمنییەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان.

بە گوتەی ئەفشون ئۆستوار، پسپۆڕێکی ئێران و پرۆفیسۆری کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی لە زانکۆی هێزی دەریایی لە کالیفۆرنیا، هۆکار بۆ گرژیی نوێ لەنێوان ئیسرائیل و ئێران زۆرن بەڵام چاوەڕوانکراو نیە. ئیسرائیل هەر ئێستا ژێرخانی سەربازی و ناوکیی ئێرانی وێران کردوە و ئێران مەیلی لە دروستکردنەوەی پێگە زەرەرپێگەیوەکانی پیتاندنی نیە، ئەو گوتی: دوای ئەوەی ئیسرائیل پیشانی دا هەواڵگریی ئیسرائیل چەندە نفووزی کردۆتە نێو هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران، بە هێرشی بۆ سەر قووڵایی خاکی ئێران، ڕێبەرانی ئەو وڵاتە دەبێ بزانن ئەو جۆرە هەنگاوانە بە مانای بانگهێشتکردن بۆ هێرشی نوێیە. بەڵام ئۆستوار گوتی لەوانەیە ئێران بیهەوێ سنوورەکان تاقی بکاتەوە.

ئەو گوتی: "بێتوو ئەو کارە بکا، ئەوسا دەزانی، لەوانەیە ئیسرائیل هەست بکا ناچارە جارێکی دیکە بۆ ماوەیەک لە ئێران چیمەنەکە کورت بکاتەوە. دەزانی، هەرکات ئێران ئەو شتانە دروست بکا، ئەوان هێرش دەکەنە سەریان و، ئەوە دیسان ئێران بۆ ماوەی شەش مانگ دەخاتە دواوە. لەوانەیە بکەونە نێو سوڕێکی گرژی، کە ماوەیەک درێژەی هەبێ."

بۆ ماوەی چەند ساڵ، ئیسرائیل ئاماژەی بە هەنگاوە سەربازییەکانی جاروبار دژی حەماس وەک "کورتکردنەوەی چیمەنەکە" دەکرد، دەستەواژەیەک کە ڕەخنەگران دەیانگوت ڕەوایی دەدا بە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بێکۆتایی، کە ئامانجی ستراتێژیکی نەبوە. لە لوبنان، لە دوای ئاگربڕ لەگەڵ حیزبوڵڵا، ئیسرائیل درێژەی بە هێرشکردن بۆ سەر باشووری ئەو وڵاتە داوە

سەپاندنەوەی گەمارۆکانی میکانیزمی ماشە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە کە لە کۆتایی حەوتووی ڕابردوو دەستیان پێکرد گەمارۆی چەکی ئاسایی، قەدەغەکردنی پیتاندنی ئۆرانیۆم و سنووردارکردنی بەرنامەی هاژەکیی ئێران، هەروەها یاساغکردنی سەفەر و سڕکردنی داراییەکان دەگرنەوە. ئەو سنووردانانە دوای ڕێککەوتنی ناوکیی نێوان تاران و بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما و چەند دەوڵەتی دیکە لە ٢٠١٥ سڕ کران. سەپاندنەوەیان یەکێک لە دوایین پاشماوەکانی ڕێککەوتنەکە، کە سەرۆککۆمار ترامپ لەکاتی یەکەم دەورەی سەرۆککۆمارییەکەیدا لێی کشایەوە، لەنێو دەبات.

کاربەدەستانی ئێرانی گوتوویانە کاریگەریی گەمارۆ نوێیەکانیان کەم دەبێ. سەرۆککۆماری ئێران، مەسعود پزشکیان، حەوتووی ڕابردوو لە کۆبوونەوەی گشتیی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک بە هەواڵنێرانی گوت: "لەمەڕ دۆخی ئابووری، ڕاستییەکە ئەوەیە کە ماوەی ٤٥ ساڵە ئێمە لەژێر گەمارۆدا بووین، بێتوو ئێمە ناکۆکییەکانمان چارەسەر بکەین، توانای بەجێهێشتنی زۆرینەی قەیرانەکانی هەنووکەییمان هەیە." پزشکیان گوتی ئێران بەردەوام خوازیاری دانوستانە، بەڵام هۆشداری دا کە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووکان زەرەری پێگەیشتوە. ئەو گوتی: "دیواری بێمتمانەیی لەنێوان ئێمە و ئەمریکاییەکان گەلێک ئەستوور و فرە بەرزە."دوای سەپاندنەوەی گەمارۆکان، دراوی ئێران ریکوردێکی نوێی نزمیی تۆمار کرد و گەیشتە ١١٠هەزار تمەن بۆ هەر دۆلارێک و، ئاستی هەڵاوسان هێندەی دیکە بەرز بۆوە. دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، پزشکیان گوتی: "ئێران ملکەچی زەخت نابێت."

لە ڕوانگەی کاربەدەستێکی پلەبەرزی دەوڵەتێکی عەرەبییەوە، دۆخی لاوازی ئێران هۆکاری هۆشداری بۆ خۆبواردن لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی زیاترە. گەلێک لە خەڵکی ناوچە دەترسن هەنگاوی سەربازیی زیاتر دژی ئێران دەتوانێ ببێتە هۆی دەستپێکی شەپۆلێکی نوێی ناسەقامگیریی ناوچەیی، هاوشێوەی ئەوەی دوای هەرەسهێنانی ڕێژیمی سەددام حوسێن لە عێراق ڕووی دا.

ئەو کاربەدەستە عەرەبە گوتی: "دیپلۆماسی دەبێ ڕێگەی چوون بەرەو پێشەوە بێت."

---

## وێستگە

# سێناریۆی کوشتنگە!



ئاسۆ مینبەری

١٢ ڕۆژ شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران ئەگەرچی لاوازبوونی کۆماری ئیسلامیی لە زۆر بوارەوە بەدواوە بوو و بە کوژرانی مۆرە سەرەکییەکانی سپای پاسداران و هێرش بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکانی لە ڕووخان نزیکی کردبۆوە، بەڵام لە پەراوێزیشدا کۆمەڵێک بابەت ڕوویان دا کە جێی بایەخن و دەبێ گرینگییان پێ بدرێت. جیا لە چڕکردنەوەی گوشارەکان لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ سەر خەڵک و وەپاڵدانی تۆمەتی بێبنەمای سیخوڕی بۆ ئیسرائیل کە لەم ڕۆژانەدا گەلاڵەکەی لەلایەن شۆڕای نیگابانی ڕێژیمەوە پەسەند کرا، شەپۆلی نوێی دەسبەسەرکران و لەسێدارەدانەکانیش بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوویان لە زیادبوون کردوە و ڕێژیم بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی بەندکراوان و کاتی دەسبەسەرکردنیان، تەنیا بیر لە هەڵڕشتنی ڕقی خۆی بەسەر خەڵکدا دەکاتەوە.

یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی کاتی شەڕەکە، هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر بەندیخانەی ئێڤین بوو کە ڕێژیمی ناچار کرد، بەندکراوان بۆ بەندیخانەکانی دیکە ڕاگوێزێت و بەم پێیە زۆربەی ژنان و بەتایبەت ئەوانەی کە بەندکراوی سیاسی بوون، ڕەوانەی بەندیخانەی قەرچەک کران؛ بەندیخانەیەک کە بە وتەی ئەو بەندکراوانەی ئەزموونی بەندکران لەم بەندیخانەیان هەیە، وەکوو شوێنێک بۆ دوورخستنەوەی ژنانی بەندکراوی سیاسی چاوی لێ دەکرێت و لە دوای دەسپێکردنی شۆڕشی ژینا، زۆر بە ڕوونی پەردە لەسەر ئەو جینایەتانە لا درا کە لەم بەندیخانەیەدا دژی بەندکراوان ئەنجام دەدران. دوابەدوای شەڕەکەی ئیسرائیل و ئێران شەپۆلێکی بەرین لە توندوتیژی لەم بەندیخانەیە دەستی پێ کرد و ئەو ژنانەی لەم بەندیخانەیە بوون لەگەڵ ستەم و سەرکوتی چەند قات بەرەوڕوو بوونەوە.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، ژنێکی بەندکراو بە ناوی سومەییە ڕەشیدی کە تەمەنی ٤٧ ساڵ و لە دەسبەسەرکراوانی شۆڕشی ژیناش بووە و بە هۆی نووسینی دروشم لە بانەمەڕی ئەمساڵدا سەرلەنوێ دەسبەسەر کراوەتەوە، بە هۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی و کەمتەرخەمیی بەرپرسانی بەندیخانەی قەرچەکی وەرامین گیانی لەدەست دا.

هەواڵدەریی میزان سەر بە هێزی دادوەریی ڕێژیم لەمبارەوە، ڕایگەیاند کە ئەم ژنە خووگر بە ماددەی هۆشبەر بووە و دۆسییە پزیشکییەکەی نیشانی دەدا کە پێشینەی فێگرتنی هەبووە و لە ماوەی دەسبەسەرکرانیدا ٨ جار لەلایەن پزیشکی گشتی و ٦ جار لەلایەن پسپۆڕی دەمارەوە چارەسەری بۆ وەرگیراوە. بەڵام یەکێک لە هاوبەندییەکانی سومەییە وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەم ئیدعایە، ڕایگەیاندوە کە سومەییە هیچ ماددەیەکی هۆشبەری بەکار نەهێناوە و تەنیا نەخۆش بووە. سومەییە تووشی ڕشانەوەی زۆر بووە و سەردانی بێهداریی بەندیخانەی کردوە بەڵام گەڕێندراوەتەوە بۆ بەندەکەی و لە کۆتاییدا بە هۆی کەمتەرخەمیی کادری دەرمانەوە فێ گرتوویەتی. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بەو حاڵەشەوە، بێهداری برانکاردی بۆ نانێرێ و هاوبەندییەکانی بە ویلچێر دەیگەیەننە بێهدارییەکە کە بەداخەوە هەر ئەم کەمتەرخەمی و گرینگینەدانە دەبێتە هۆی ئەوەی گیان لەدەست بدات

ئەمە نەک تەنیا چیرۆکی دڵتەزێنی سومەییە بەڵکوو نموونە ئاشکرای کوشتنی سیستماتیکی بەندکراوانی سیاسی و دووپاتبوونەوەی سێناریۆی کوشتنگەیە کە چەندین ساڵە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە جێبەجێ دەکرێت. لە هەموو ئەو ڕووداوانەدا کە مەرگی بەندکراوانی بەدواوە بووە، ڕێژیم هەوڵی داوە بە دۆسییەسازی، چیرۆکێکی ناڕاست لە ڕووداوەکە نیشانی کۆمەڵگە بدات و لە بەرانبەر تاکەکاندا خۆی وەک قوربانی دەربخا.

لە دۆسییەی سومەییەدا و بە وتەی یەکێک لە بەندکراوانی بەندیخانەی قەرچەک، سوغرا خودادادی، بەرپرسی ئەم بەندیخانەیە کە بە هۆی پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانی بەندکراوانەوە لە لیستی گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکادایە، لە پێشێلکارە سەرەکییەکانی مافی ژنانی بەندکراو لەم بەندیخانەیەیە و هیچ مافێکی مرۆیی بۆ بەندکراوان لەبەر چاو ناگرێت.

گیانلەدەستدانی سومەییە کاردانەوەیەکی بەرینی لێ کەوتەوە و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک سەبارەت بە کوژرانی ناوبراو لە بەندیخانەی قەرچەکی وەرامین، داوای داخستنی یەکجاریی ئەم بەندیخانەی کرد.

مەحموود ئەمیریموقەدەم، بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران ڕایگەیاند: بەرپرسایەتیی پاراستنی گیان و تەندروستیی بەندکراوان لە ئەستۆی ڕێکخراوی بەندیخانەکان، هێزی دادوەری و لە کۆتاییدا ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە، ئەوان دەبێ لە بەرانبەر گیانلەدەستدانی سومەییە ڕەشیدی لە بەندیخانەی قەرچەک وڵامدەر بن.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران پێشتر لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر ناوی "بەندیخانەی قەرچەک، جەهەنەمی ژنان و منداڵان"، سەبارەت بە دۆخی ئەم بەندیخانەیە هۆشداریی دابوو و ئەو شوێنەی بە یەکێک لە ناشیرینترین هێماکانی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ناو بردبوو.

ڕێژیم بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی و بەتایبەت دوای ئەو شکستە قورسەی کە لە ئیسرائیلی خوارد، بە دۆسییەسازی بۆ هاووڵاتییان و ئازار و ئەشکەنجە هەوڵ بۆ سەرکوتی ناڕیزایەتی و جووڵە نێوخۆییەکان دەدات چونکە دەزانێت لە ئەگەری دەسپێکردنەوەی شەڕدا، سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی نێوخۆیی لەلایەن خەڵکەوە ئەتوانێ کۆتایی بە دەسەڵاتە نگریسەکەی بهێنێ.

کوردستان
● ژمارە ٩٠٤
١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٤ _ ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٥

# "ئەی ڕەقیب"

## لە ڕوانگەی شاعیرانەی دڵدارەوە بۆ دنیا هەتا پێکهاتەشکێنی لە شێعری بەرگری کوردیدا



هێمن مەردانی

**پۆختە:**
شێعری "ئەی ڕەقیب" هۆنراوەی دڵدار، شاعیری نەتەوەیی کورد، نەک هەر وەک سروودێکی شۆڕشگێڕانە، بگرە وەک دەقێکی فرە ڕەهەند لەمەڕ شوناس، بەرگری و زمانە. ئەم شێعرە کە لە بەندیخانەی حکوومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٣٨زایینیدا نووسراوە، دەبێتە یەکێک لەبەرچاوترین دەقەکانی ئەدەبی بەرگری کوردی واتە وەک سروودی نەتەوەیی کورد. لێرەدا بە ئاراستەیەکی ئاوێتەیی لە ڕوانگەی شاعیرانەی دڵدار بۆ دنیا، بەستێنە فەرهەنگی-جججج سیاسییەکانی شێعرەکە و لێکدانەوەی پۆست کۆلۆنیالیزم لەسەر ئەساسی تیۆرییەکانی فرانتس فانوون، هومی بابا، بنێدیکت ئاندێرسۆن، ژاک درێدا، جان بوولاک، ڕۆلان بارت و تی، ئێس ئێلیۆت گەرەکمانە تا بگەینە تێگەیشتنێکی قووڵ لە کێشە ناوخۆییەکانی زمانی بەرگری و دەوری لە نەتەوەسازی کورددا.

### پێشبار: شاعیری نەتەوەیی و بنچینەکانی بەرگری

دڵدار (وێنس ڕەئووف) لە ساڵی ١٩١٨ لە شاری کۆیەی هەرێمی کوردستان لە دایک بووە. ژیانی کورت، بەڵام پڕ هەوراز و نشێوی کە دواجار لە ساڵی ١٩٤٨ کۆتایی دێت، خۆی لە هەناوی داگیرکاری و سەرکوت سەری هێناوەتە دەرێ و بووەتە نۆختە گۆڕانێک لە ناو ئەدەبی بەرگری کورددا (خەزنەدار، ٥٣٧، ٢٠٠٥).

دڵدار لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار و نەتەوەیی گەشەی کرد و هەڵی دا و لە هەڕەتی تافی لاوەتیدا تێکەڵ بە چالاکیی سیاسی و فەرهەنگی بووە. کاتێ ساڵی ١٩٣٨ لەنێو بەندیخانە شێعری "ئەی ڕەقیب" دەهۆنێتەوە، تەنیا بیست ساڵی تەمەن هەبووە. ئەم بەرهەمە دەنگدانەوەی ڕەنج و مەینەت و هیوا و ئومێدی شاعیر و ڕەنگدانەوەی ئەزموونی بەکۆمەڵی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە (دڵدار، ١٩٥٩). لە بواری ئەدەبی نەتەوەیی و بەرگریدا، دڵدار کاریگەریی باشی لە حاجی قادری کۆیی وەرگرتووە. دڵدار وتەنی "شێعرە ئاگرینەکانی حاجی قادر کاری وایان لەسەر کرد کە ئەو لە ناو ئەدەبی کوردی بڕوێت و گەشە بکات، شێعرەکانی حاجی قادر منیان بۆ لای نیشتمانپەروەری دەکێشا و تەئسیری خۆی لە دڵما کردبوو. موتاڵەعاتی تەئریخم و موحیتە ئاگرینەکەم و نەفسییەتی بۆ خزمەت تینووم، ئەمانە هەموویان منیان پەلکێشی حاجی قادر کرد" (بابەخانی، ١٩٩٩. ٢٨-٣٥؛ عەلائەدین١٩٨٥، ١٧٤).

### وەک کێشەی ئافرێنەرانە

شێعری دڵدار دەربارەی کێشەی ئافرێنەر لە نێوان شوناس و بەرگریدا

شێعری دڵدار لە لایەک بە ڕوانینی ڕۆمانتیک، شوناسی کوردی دەکات بە ئیدەئاڵ، لەو لاتریشەوە لە ناو چینەکانی زمانی و خوازەییدا، کەلەبەرێک دەردەخات کە دەتوانێ بابەتی شیکاریی پێکهاتەشکێنانە بێت. لە گۆشەنیگای ڕۆمانتیکی دڵدار بۆ دنیا کە شوناسی کوردی بە ئیدەئالگەرێتی و سۆزی عاتیفی دەژێنێتەوە دەکرێ بەو چین و توێژاڵانە لە دەق بگەین کە بە ئاراستەی پێکهاتەشکێنانە، کەلەبەرو دژوازییەکانی هەر هەمان شوناسی ئیدەئالی دەردەخەن؛ بەم جۆرە شێعری بەرگری کوردی هاوکات هەم گۆڕەپانی سەقامگیری و هەمیش ناجێگیربوونیشە.

### شێوازناسی

ئەم توێژینەوەیە بە ئاراستەییەکی چلۆنایەتی و لەسەر ئەساسی شیکاریی دەق، خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە و چوارچێوەی تیۆریکی ڕەخنەکارانی ئەدەبی بەرگری کاری بۆ کراوە. سەرچاوەکانی سەرەکی بریتین لە: نۆسخەی چاپی شێعرەکە لە دیوانی دڵدار و مێژوویی ئەدەبی کوردی و سەرچاوەگەلی تری وەک بەرهەمە تیۆرییەکانی بەتایبەتی (فانوون ١٩٦٣)، بابا (١٩٩٤)، و ئاندێرسۆن(١٩٨٣)، بوولاک (٢٠٢١)، دریدا (١٩٦٧)، بارت(١٩٧٧) و ئێلیۆت (١٩٢١).

### ئەدەبی بەرگری لە چوارچێوەی تیۆریکیدا

#### ١. فرانتس فانوون و توندوتیژی بە واتای نوێکردنەوەی شوناس

فانوون ئەو جۆرە هۆکار دەهێنێتەوە کە ڕزگاربوون لە داگیرکاریی کۆلۆنیالیزم ناکرێ بەبێ زەبروزەنگ و توندوتیژی بکرێت، چونکە دەبێ بەهێزێکی ئەوتۆ و بارەتەقای توندوتیژیی کۆلۆنیالیست وڵامی بدرێتەوە (فانوون، ١٩٦٣: ٣٥). لە سروودی "ئەی ڕەقیب"دا پێوەندی خوێن و ژیان، دووپاتە نواندنەوەی ئەو لۆژیکەیە کە ژیانی گشتی بەرهەمی خەبات و تێکۆشانە.

لە سروودی "ئەی ڕەقیب"دا پێوەندی خوێن و ژیان، بەتەنیا مێتافۆرێک نیە بۆ فیداکاری و لەخۆبوردوویی، بەڵکوو دووپاتە نواندنەوەی ئەو لۆژیکە یاساییە کە ژیانی گشتی و بەکۆمەڵ بە بەرهەمی خەبات و تێکۆشان دادەنێت.

#### ٢. فرانتس فانوون (فەرهەنگ و لابردنی کۆلۆنیالیزم)

فانوون لە بەرهەمەکانی خۆی بەتایبەتی لە کتێبی (داماوانی سەر گوێ زەوی)، پێداگری لەسەر خۆڕاگریی فەرهەنگی و پاراستنی شوناس و ناسنامەی نەتەوە بندەستەکان دەکات (فانوون، ١٩٦٣، ٣٥). ئەو بە ئێمە نیشان دەدات کە داگیرکاریی کۆلۆنیالیزم بەتەنیا دەسەڵاتی سیاسی یان ئابووری نیە، و پەلاماری فەرهەنگی و سووکایەتی پێکردنی شوناسیشی بە دواوەوەیە. هەربۆیە نەتەوەکان بۆ پاراستن و مانەوەی خۆیان ڕێگەی بەربەرەکانی و بەرگری دەگرنە بەر. لەم چوارچێوەدا، خۆڕاگریی نەتەوەی کورد لە هەمبەر گوشارە مێژووییەکان و ئەوەی کە بەشێوەی خوازەیی پێی دەوترێ (تۆپی زەمان)، شیاوی شیکارییە. ئەم دەستەواژەیە هێمای ئەو گوشار و پاڵەپەستۆیە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و سیاسییانەیە کە کەوتوونەتە سەر شان و پیلی شوناس و ناسنامەی کورد. خۆڕاگریی نەتەوەی کورد لە وەها هەلومەرجێکی مێژووییدا نەک تەنیا دەرخەری پاراستنی فەرهەنگ، زمان و داب و نەریتی ئەوانە، بگرە ڕەنگدانەوەی جۆری چالاکی و بەهێزکردنی شوناسیشیانە (فانوون، ١٩٦٣، ٤٥-٤٦).

فانوون خۆڕاگریی نەتەوەکان بە واتای دووپاتە بەرهەمهێنانەوەی چالاکیی شوناس و بەردەوامیی مێژوویی دەخاتە بەر توێژینەوە و شیکاری. نەتەوەی کورد نوێنگەی ئەم خۆڕاگری و بەردەوامییەیە؛ بە تێپەڕینی زەمەن و ئاڵوگۆڕە بەربڵاوەکان، تەنانەت لەگەڵ سەختی و پاڵەپەستۆ تاقەتپڕوکێنەکانیش، نەیانتوانیوە شوناسیان لە ناو بەرێت، بگرە ئەم پاڵەپەستۆیانە بووەتە مایەی بەهێزبوونی دەسەڵات و ژیانەوەیان. زایەڵەی دەنگی کوردەکان لە هەناوی مێژوو و سروشت بەردەوامە و نیشاندەری هەرمانی و لەسەرپێ بوونیانە (فانوون، ١٩٦٣، ٥٢). لە ڕوانگەی فانوونەوە، ئەم خۆڕاگری و بەردەوامییە، بانتر لە پاراستنی بوون و نەبوونێکی ساکار ڕووکەشیانەیە و دەبێتە هەوێنی سەرلەنوێ ئافراندنەوە و بەهێزکردنی شوناسی بەکۆمەڵ. نەتەوەکان ئەوکاتە دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن کە شوناس و ناسنامەیان زیندوو و چالاک بێت. لێرەدایە کە خۆڕاگری فەرهەنگی و بەرهەمهێنانەوەی نوێی شوناس، بنج




و بناوانی هەر پرۆسەیەکی لابردنی کۆلۆنیالیزم پێک دەهێنێ (فانوون، ١٩٦٣، ٥٢).

#### ٣. هۆمی بابا و ڕووبەری سێهەم

بابا (١٩٩٤:٣٦) دەڵێت: شوناس و ناسنامە فەرهەنگییەکان لە ڕووبەری سێهەم شکڵ دەگرن؛ لە شوێنێک کە تۆخم و ڕەگەزەکانی فەرهەنگی زاڵ و فەرهەنگی ژێردەستە لە هەڵسوکەوت و دووپاتە ئافاندندان. "ئەی ڕەقیب" نوێنگەی ئەو ڕووبەرە سێهەمەیە؛ شێعرێک کە زمانی کوردی لە بەستێنی گوتاری زاڵدا دیسانەوە پێناسە دەکاتەوە و شوناسێکی نوێ دەخوڵقێنێتەوە کە بە تەواوی سوننەتی نیە و هاوکات لە زمان و فەرهەنگی زاڵیشدا ناتوێتەوە.

#### ٤. جان بوولاک و پێویستیی زمانی بەرگری

بوولاک پێ لەسەر ئەمە دادەگرێت کە ئەدەبی بەرگری پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر و مێژووییە بۆ کەمینەکانی لە پەراوێزخراودا؛ لەبەر ئەوەی کە زمانی فەرمی، ئەم کەمینانە دەسڕێتەوە و ڕەشیان دەکاتەوە (بوولاک، ٢٠٢١:٣٢). دڵدار لە هەمبەر پرۆژەی یەکسانسازیی دەوڵەتی عێراق، لە ڕێگەی شێعرەوە، شوناسێکی ئافرێنەرانە و دژەسەرکوتی خوڵقاند. لە "ئەی ڕەقیب"دا خوازەکان و پشتبەستن و گەڕانەوە مێژووییەکان (ئیرجاعات مێژوویی) بە پێداگری لە سەر زیندووبوونی کوردان، فۆرم و شکڵێکی تایبەت لە بەرگری زمانی بەرهەم دەهێنێت

#### ٥. بنێدیکت ئاندێرسۆن و نەتەوە خەیاڵییەکان

بەڕای ئاندێرسۆن نەتەوە، کۆمەڵگەیەکی سیاسی خەیاڵییە کە ئەندامەکانی قەت یەکترین ناناسن، بەڵام لە زەین و مێشکیان، وێنەیەکی پێکەوەژیانی هاوبەش پێک هاتووە. (ئاندێرسۆن، ١٩٨٣:٦). سروودی "ئەی ڕەقیب"ی نەتەوەی کورد بە شێوازێکی هێمایی چێ دەکات و جێگیری دەکات و بە واتای (نەخشەی سیمبولیک) بۆ نەتەوەیەکە کە سنوور و تخوو بە ڕەسمی و فەرمییەکانی لە جوغرافیای سیاسیدا بوونیان نیە.

### پێکهاتەشکێنیی شوناس لە زماندا

#### ١. ڕوانگەی دریدا: حازربوون و حازرنەبوون

دریدا دەڵێت: "هیچ شتێک بەدەر لە دەقبوونی نیە". (دریدا، ١٩٦٧، ١٥٨). پێداگری دڵدار لەسەر "زیندووبوونی کورد" ئاماژەیە بۆ خۆڕاگری کوردان، بەڵام لە ڕوانگەی پێکهاتەشکێنانەدا، هەڵگری جۆرێ ترس و دڵەڕاوکی لە تێداچوونیشە. دێڕ یان تاکە بەیتی "ئاڵاکەمان نانوێ"، پەیامهێنەری شعوور و غرووری نەتەوەییە، بەڵام لە هەناوی خۆیدا ماناى ترس لە شکان و لە ناوچوونیشدا بە جۆرێ شاردراوەتەوە.

#### ٢. بەرئاوەژوویی مانا: خوێن، مەرگ و ژیان

تاکەی دێڕی "تا بە خوێن نەخشی بکا تاجی ژیان"، بەرئاوەژوویی مانا و چەمک نیشان دەدات؛ ژیان لە ڕێبازی مەرگەوە تێدەپەڕێت. ئەو جۆرە خزین یان خزۆکی مانابیە بە بۆچوونی دریدا دەستەواژەی "هەڵپەسێراوەیی" نیشان دەدات و دەری دەخات کە مانا لە زمانی خۆڕاگریدا قەت بەشێوەیەکی تەواو، جێی خۆیی ناگرێت.

### توێژاڵگەلی کێشە و ناڕوونی لە شێعرەکەدا

لە ڕووی خوێندنەوەی ناودەقێتی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە "ئەی ڕەقیب" لەخۆداگری فرە چین و توێژاڵە کە لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ مێژوو، ئۆستوورە، زمان و سیاسەتدا شکڵ و بیچمیان گرتوە.

#### ١. پێداگری لەسەر زیندووبوونی کورد

لە ڕوانگەی فانوونەوە، ئەم پێداگرییە ڕەنگدانەوەی خۆڕاگرییە لە هەمبەر فەرامۆشی داسەپاو. (فانوون، ١٩٦٣، ٣٧). پێداگریی لەسەر ژیان، لە لایەک بانگەوازی بوون و مانە و لە لای ترەوە دژکردەوەیەک لە هەمبەر هەڕەشەی سڕینەوە لە لایەن دوژمنانی گەلی کوردەوە.

#### ٢. ئیرجاع یان گەڕانەوە بۆ ئۆستوورەکان

بارت (١٩٧٧، ١١٥)، دەڵێت: ئۆستوورە کەرەسەی بەرهەمهێنانی مانایە کە هەوڵدەدات ڕابردوو لە خزمەت هەنووکەدا سەرلەنوێ بنیات بنێتەوە. گەڕانەوە بۆ میدیا و کەیخوسرەو لەو شێعرەدا، هەر هەمان ئەرک و کاری ئۆستوورەیی بەجێ دەهێنێت: چێکردنی ڕەواییپێدانی مێژوویی لە غەیابی بەردەوامدا.

#### ٣. ئاڵای شەکاوە

بە بۆچوونی ئێلیۆت(١٩٢١، ٤٥)، کە دەڵێ: هێما، چەقی یادەوەری گشتییە. ئاڵا لە "ئەی ڕەقیب" ئاماژەیە بۆ حزوور و هەبوون لە هەنووکەدا، بەڵام هاوکات بە شێوەیەک ماناکەی لە بوونی هەڕەشەی غەیاب (حازر نەبوون) وەردەگرێت؛ جێگیری و سەقامگرتن لە دڵ و هەناوی نائەمنی و ناجێگیربوونیدا.

#### ٤. خوێن و فیداکاری

فانوون (١٩٦٣، ٩٤)، توندوتیژی ڕزگاریدەر بە بەشێک لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی نوێی شوناس دادەنێ. لەم شێعرەدا، ژیان لە ڕێبازی مەرگەوە تێدەپەڕێت؛ پارادۆکسێک کە هەڵگری لایەنەکانی جوانیناسی و سیاسییە.

#### ٥. یەکیەتیی ئایین، نەتەوە و نیشتمان

بابا (١٩٩٤، ٣٨)، سوورە کە وەها پێوەندی گەلێک لە "ڕووبەری سێهەم" سنوور و حدوودی بەستراوەییبوون سەییال و شلە دەکەن. لە سروودی "ئەی ڕەقیب" ئەم یەکیەتییە، دەبێتە هەوێنی هاوچینی، بەڵام هاوکات چەمکی شوناسیش دەکاتە چەند توێژاڵ و جاری واشە ناڕوونی بەدیار دەکرێت.

#### ٦. ڕوانینی ڕۆمانتیکی دڵدار بۆ دنیا، مەرگی ناوادە و هەرمانیی شێعر

دڵدار زۆر کەم ژیا و بەس سی ساڵی ژیانی تێپەڕ کرد. دەڵێن: کورت تەمەنترین شاعیری بەناوبانگی کورد بووە. بەڵام بەرهەمێکی خوڵقاند کە بۆ هەتا هەتایە هەرمان دەمێنێتەوە و قەرەبووی کەمیی تەمەنی دڵدار لەو سەرە دەکاتەوە. ئەو لە ٢٢یی ئۆکتۆبری ١٩٤٨ کۆچی دوایی کرد، بەڵام میراتە بە نرخەکەی بەردەوام ڕێنوێن و وزە بەخشە بۆ بزووتنەوە کوردییەکان لە عێراق، ئێران، تورکیە و سووریە (خەزنە دار، ٢٠٠٥، ٥٦٦).

#### ٧. شێعر، یادەوەری گشتی و نەتەوەسازی

بوولاک (٢٠٢١) دەڵێت:"ئەدەبی بەرگری، نەک نارەزایەتیدەربڕینە، بگرە مێعماری یادەوەری گشتیشە". هاوکات ئاندێرسۆن پێی وایە نەتەوە کۆمەڵ یان کۆمەڵگەیەکی خەیاڵییە کە لە ڕێی ڕیوایەتە فەرهەنگییەکانەوە سەر هەڵدەدات و شکڵ بەخۆیەوە دەگرێت. (ئاندێرسۆن، ١٩٨٣، ٦). بابا (١٩٩٤، ٣٨) ش پێی وایە ئەم بەرهەمهێنانە فەرهەنگییە بەشێکە لە ڕووبەری سێهەم کە ئەگەری چێکردنی شوناسە نوێیەکان دەڕەخسێنێت. کەواتە، لەم بەستێنەدا، "ئەی ڕەقیب" ئامێر و کەرەسەیەکە بۆ نواندن و سەقامگیری و جێگیرکردنی نەتەوەی کورد.

### دوا وتە: شێعر بە واتای ئاوێنەی دژوازییەکان یان لێکدژەکانی خۆڕاگری

ئەی ڕەقیب نەک بە تەنیا سروودێکی ساکاری نەتەوەیی، بەڵکوو دەقێکی زیندوو و بەهێز و بەپێز، لێکدژ و فرە ڕەهەند و خاوەنی چەندان توێژاڵ و چینە. لە کات و ساتێکی مێژوویی ئەو شێعرە هۆندراوەتەوە کە زمان تەنیا سەنگەر و مەتەرێزی خۆڕاگری و بەربەرەکانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بووە. دڵدار بە هەنگەواژەی وشەکانی خۆیی، هیوا و هومێدی بەدی دەهێنا، بەڵام هاوکات بە لەحن و شێوەیەکی شاراوەش ئاماژەی بە ترس و دڵەخورپەکان و قەڵشتی شوناس و ناسنامەشی تێدا دەکرد. خوێندنەوەی پێکهاتەشکێنانە دەری دەخا کە خۆڕاگری، ڕەنگدانەوەی قەیران و تەنگژە ناوخۆییەکانی زمان و شوناسن. هەر ئاڵایەکی شەکاوە، سێبەرێکی مەترسی و شکانیشی تێدا بەدی دەکرێت، هەڵبەت بە شێوازێکی هەست پێنەکراو و شاراوە؛ و ئەمە ڕێک چەقی ئەو کێشەیە کە سروودی ئەی ڕەقیبی هەرمان و ئەبەدی کردوە.




ناسر سالحی‌ئەسل

# گرنگیی خەباتی کەسایەتی و ڕێکخراوە پیشەییەکان لە خەباتی شاردا

لە ڕەوتی مێژوویی خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بزووتنەوەی سیاسیی گەلی کورد بۆ هەر سەردەمێک و بۆ هەر گۆڕانکارییەک، بە بەردەوامی گۆڕانکاریی لە شێوەکانی خەبات خۆیدا پێکهێناوە.

چونکە نەتەوەی کورد لە لایەک لە ڕەوتی مێژوویی سیاسیی خۆیدا، بەردەوام خاوەن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خۆی بووە و کەم تا زۆر قوتابخانە و ڕێبازگەلێکی هزری لەپێناو مافی سیاسی و نەتەوایەتیی و مافی تاکەکەسی و کۆمەڵ و پیشەییەکاندا بونیاد ناوە، کە بەجۆرێک توانیویەتی لەسەر ئاستی وشیاری و ئاگایی تاک و کۆمەڵ و ڕێکخراوە پیشەییەکان شوێندانەری هەبێت. هەروەها لە لایەکی دیکەوە زەقبوونەوە پرسی شوناسخوازیی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا پەیوەست بەم ساڵانە دوایی نیە، بەڵکوو لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی باندۆڕی کۆمەڵە هۆکارێکی وەک باندۆڕی گلۆبالیزم و گەشەی تەکنۆلۆژی و گۆڕانکاریی کولتووری و کۆمەڵایەتی کە ڕێخۆشکەر بوون بۆ دەرچوون لە کۆمەڵگەیەکی ئەرینی بۆ کۆمەڵگەیەکی ئۆرگانێکی کە ئازادی تاک و کۆمەڵ و مافی هەڵبژاردن دەستەبەر دەکا، شوناسخوازیی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر زەق بۆتەوە و بۆتە ڕۆژەڤی باس و خواستی تاک و کۆمەڵ و ڕێکخراوە مەدەنی و فەرهەنگی و پیشەییەکان.

دیارە مێژوویی چالاکی کاروباری ڕێکخراوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە. دامەزرانی ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاستای گەشەی هزری سیاسی و کردەوەیی سیاسی و کاری ڕێکخراوەیی کاریگەر لەسەر کار و چالاکی تاک و کۆمەڵی کورد هەبووە. هەر بۆیە کاتێک لێکۆڵەران لەسەر بارودۆخی پێگە و جێگەی کار و چالاکی ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدوێن و هەڵیدەسەنگێنن، تێکەڵبوونی تاک و کۆمەڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سیاسەت و کاری مەدەنی و فەرهەنگی و ڕێکخراوەیی بەرز دەنرخێنن.

بەڵام بەهۆی بە ئەمنییەتی کردن و کەڵکەبوون و چارەسەرنەکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێرانێکی فرەنەتەوەدا و نەبوونی وڵامێکی کردەیی لە چوارچێوەی یاسایی و سیاسیی و یاسای بنەڕەتی دیموکراتیکدا لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانەوە، وای کردوە، ویستی سیاسی و داخوازیی نەتەوەیی و شوناسخوازی گەلی کورد لە ئێراندا زەقتر و قووڵتر ببێتەوە. جا ئەم قووڵبوونەوە و زەقبوونەوەیە بە مانای ڕەتکردنەوەی شوناسی یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک فەرهەنگیی نەتەوەی باڵادەست لە ئێرانی فرە نەتەوە و ئێتنیک و ئایینزا بووە و پەیوەستبوونی زۆرتری بە شوناسخوازیی نەتەوە بندەست و پەراوێزخراوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشیوە.

گەلی کورد لە پانتایی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا خاوەن هیچ چەشنە مافێکی سیاسی و نەتەوایەتی نیە و ڕێژیم هەمووکات حاشای لەوە کردوە، کە کورد وەک نەتەوەیەک پێناسە بکات و هەر لەم ڕوانگەشەوە هیچکات دان بە مافە سیاسی و نەتەوەیی و کولتوورییەکانی گەلی کورد دانانێت. بۆ نموونە: بەپێی مادەی ١٥ و ١٩ی یاسای بنەڕەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو گەلانی نێو جوگرافیای ئێران مافی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی خۆیان هەیە و دەتوانن پەرە بە خوێندن و کولتووری خۆیان بدەن، بەڵام تا ئێستاش کۆماری ئیسلامی هیچ هەوڵێکی لەم بارەوە نەداوە و تەنانەت بەرگری لە زۆر ڕێکخراوەی فەرهەنگی و فێرکاری زمانەوانی سەربەخۆ کردوە، کە تەنیا لە بواری فێرکاری و گەشەپێدان بە زمانی کوردی چالاکی دەکەن. بۆیە لە لایەک منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێبەشن لە پەروەردە و فێربوونی زمانی زگماکی بە زمانی خۆیان و لە لایەکی دیکەوە سیاسەتی هەڵە و نکۆڵی کردن و چەواشەکارانەی وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی خەریکی ئاسیمیلەکردنی منداڵانی کورد لە ناو کولتوور و زمانی نەتەوەی باڵادەستدا بووە. لە چوارچێوەی پەروەردەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، مامۆستایانی قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆیان نیە هیچ زانیارییەک لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی بە قوتابیان بدەن. هەروەها هەموو ساڵێ لە کاتی کرانەوەی قوتابخانەکانەدا وەزارەتی پەروەردەی ڕێژیم بەدەرکردنی بەخشنامەی نهێنی، مامۆستایان ئاگادار دەکرێنەوە کە ئەگەر لەسەر پۆلەکانی قوتابخانە بە کوردی وانە بڵێنەوە و یا باسی کورد بکەن، دەکەونە بەر سزا و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت. هەربۆیە مامۆستایانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەردەم لەژێر سێبەری گوتاری هەڕەشە و تۆقاندن وانە دەڵێنەوە. هەروەها لە کوردستان، مامۆستایانی بە ئەزموون و شکۆمەند بەهۆکاری تۆمەتی ترسنۆکانە و نەشیاوی ئەمنییەتی یان بەهۆی جیاوازی هزری و کولتووری لە کارەکانیان دەردەکرین و دوور دەخرێنەوە و یا ناچار بە خانەنشینی دەکرێن و سزای نادادپەروەرانەی دیکەیان بۆ دەبڕدرێتەوە.

هەروەها ئەو ڕووناکبیر و چالاکانی ڕێکخراوە فێرکاری و کولتووریانەش کە خۆبەخشانە خەریکی زیندووڕاگرتنی زمانی کوردین، ساڵانە لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەی یەکجار زۆری هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بەرەوڕوو دەبنەوە و تووشی گرتن و زیندان دەبنەوە. بەگشتی پێشێلکردنی مافە فێرخوازییەکانی زمانی کوردی و کولتوورییەکانی گەلی کورد یەکێک لە سیاسەتە هەر بەرچاوەکانی ڕێژیمە دژ بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

بۆیە لە وەها بارودۆخێکدا بەستێنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە زیادبوون‌دایە. چونکە لە لایەک ڕێژە و ڕادەی پاڵنەرەکانی مافخوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی و ویستە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە زیادبووندان و لە لایەکی دیکەوە ڕادەی وڵامدانەوەی یاسایی و سیاسیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کەمترین و نەزمترین ئاستی خۆیدایە. ئەوە لەکاتیکدایە کە هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی بەرەو ئاقارێک دەچێ کە پرسە نەتەوەیی و ئێتنیک و ئایینزاکان یەکێک لە باسە گرنگەکانی سیستەمی نێونەتەوەییە و ڕێگاچارەیی گونجاویی بۆ دەدۆزنەوە تا کێشە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی وڵاتانی فرەنەتەوەیی وەک ئێرانی پێ چارەسەر بکەن.

هەبوونی بارودۆخ و بەستێنێکی ئاوا وادەکات ڕاکێشانی سەرەنجی شوناسخوازیی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگاتە بەرزترین ئاستی خۆی. چونکە لە لایەک بزووتنەوە جەماوەریی گەلی کورد لەسەر بنەمای پێکهاتەی فرەنەتەوەیی ئێران ڕاوەستاوە و لە لایەکی دیکەوە گەلانی ئێران چاوەڕوانی هەل و دەرفەتێکن کە هەڵگری جووڵە و ڕاپەڕینی جەماوەریی بێ، کە هەوێنی سەرەکیی بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە هەمبەر زاڵیتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدایە. هەربۆیە بارودۆخی ئێستای ڕێژیمی ئێران کە تووشی گرفتی ڕەوایی خەڵکی بۆتەوە و لە سیستەمی نێونەتەوەیی تەریک کەوتووتەوە، ئیمکان و زەمینەی بۆ هێز و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنی و فەرهەنگییەکانی گەلانی ئێران ساز بووە، کە بە یەکیەتیی و یەکگرتوویی درێژە بە خەباتی جەماوەریی شار بدەن. بە سەرنجدان لە وەها بارودۆخێکدا، حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی گەلانی ئێران و کۆمەڵگەی مەدەنی و شوناسخوازانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەمیشە بە دوای ڕێگاچارەی ئاشتییانە بۆ ویستە سیاسی و نەتەوایەتییەکان و ویستە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا دەگەڕێن.

هەر وەکوو لە ڕەوتی ڕاپەڕینی گەلی کورد لە بزووتنەوەی ژینادا، ڕێکخراوەکانی ژنان، پیشەیی و مەدەنی، فەرهەنگییەکان و لایەنە سیاسییەکان، پێشەنگی بزووتنەوە (ژن ژیان ئازادی) و شوێندانەر ئەو بزووتنەوەیە لە ئاستی ئێران و نێونەتەوەییدا بوون، لە ئێستادا بۆ شوێندانەری و بەهێزبوونی زیاتری ئەو ڕەوتە لە خەباتی شاردا، لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، پێویستە لە هەموو تواناکانی تاک و کۆمەڵ و ڕێکخراوە پیشەییەکان و لایەنە سیاسییەکان، کەڵک وەرگرین. بۆیە لە ئێستادا کە خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قوناغێکی هەستیاردایە، پرس و کێشەی پیشەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نابێ تەنیا لە پرس و کێشەی پیشەیی و ڕێکخراوەیەدا قەتیس و بخولێتەوە، بەڵکوو دەبێ کێشە و پرسی ڕێکخراوەکان و بەشدارییان لە ڕاپەڕین و شۆڕشدا، ببێتە پرسێکی سیاسی و نەتەوەیی و پێوەندیدار بە چارەنووسی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکان و لە ڕاستای گەیشتن بە ئازادی و مافی پیشەییەکاندا بێت

بە کورتی هەموو چالاکییەک و کردەوەی چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، فەرهەنگی، ژینگەپارێز، هونەری و وەرزشی و کەسایەتییەکان و ئێلیتی کورد، لە چوارچێوەی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی و دیموکراتیکی گەلی کورد جێ دەگرێت. بۆیە ئەرکی ڕێکخراوە مەدنی و فەرهەگییەکان و کەسایەتییەکانی فەرهەنگی و ئایینی نیشتمانپەروەر، لە ڕەوتی ڕاپەڕین و شۆڕشی شاردا، بەشداریکردن و خۆ ڕێکخستن لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیدایە لە شێوەی جۆراوجوردا، تاکوو ڕێکخراوە پیشەییەکان شان بە شانی لایەنە سیاسییەکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە سەرکەوتن و گەیشتن بە ماف و ئازادی خۆیان و نەتەوەکەیان، بەشداری چالاکانەیان هەبێت. بەشداری بە کردەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە پیشەییەکان لە ڕەوتی خەباتی شاردا، سەرکەوتن و گەیشتن بە ماف و ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە مسۆگەر دەکات. بۆیە لە سەردەمی کۆمەڵگەی ئۆرگانێکی و گلۆبالیزم و گەشەی تەکنۆلۆژیدا، دەبێ بەشداری ڕێکخراوە پیشەییەکان ببێتە بەردی بناغە و پرەنسیبی نەگۆڕی خەباتی شار، تا لە توانا جەماوەرییەکانی چین و توێژەی کۆمەڵگەی زیندوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەڵکی پێویست وەرگیری و سەرئەنجام ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خێرایی و جووڵەی زیاتر بەخۆیەوە بېنێت. کەوابوو داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدەستی کۆمەڵاتی خەڵکی کوردستان دایە نە ڕێژیمێکی سەرەڕۆ و ناوەندگەرا لە ئێراندا.

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# لە بارەگای ئایەتوڵڵاوە بۆ دەرباری شا

پێشینیان گوتوویانە پاش مردووان ڕەحمەت باشە. جا ئێمەش لەسەر هەمان ڕێچکە، هەزار ڕەحمەت لە گیانی پاکی هەردوو دەسەڵاتی پیرۆزی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی! ئەوەندەی خۆڵ بەسەر گۆڕی ئەم دوو بنەماڵە بەرێزەدا دەکرێت، با سەد ئەوەندە تەمەنی میراتگرەکانیان درێژ بێت. دەڵێن دونیا بۆ کەس نامێنێتەوە، بەڵام ئەم قسەیە لە ڕاستییەوە دوورە؛ دونیا هەر دەمێنێت و وەک تۆپێکی گەورە تەقڵە لێ دەدات، جاروبار هەندێک کەس هەڵدەداتە پشتی چیای قاف و هەندێکیش دێنێتەوە سەر تەختی حوکمڕانی. ئەوەی بۆ ئێمە وەک خەڵکی ڕەشۆک دەمێنێتەوە، تەنیا چاکەیە، ئەویش چاکە لەگەڵ "یەکتر".

لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم وشەی "یەکتر" بۆ خوێنەرانی هێژا شی بکەمەوە. ڕەنگە ئەم شیکردنەوەیە بۆ هەندێک کەس زیادی بێت و خۆیان لە ئێمەی نەزانکار شارەزاتر بن، بەڵام ئامانجی ئێمە کۆمەڵانی خەڵکە. مەبەست لە "یەکتر" لێرەدا، گەلی هەژار و چەوساوەی ئێران نیە، بەڵکوو بە شێوەیەکی زۆر تایبەت و سنووردار، تەنیا لایەنگرانی شاهەنشا و شوێنکەوتووانی کۆماری ئیسلامی دەگرێتەوە. ئۆباڵ بە ئەستۆی من، ئەم دوو لایەنە هەرچییان لەدەست هاتووە و دێت، بۆ یارمەتیدانی یەکتریان کردوە. دیسان ئۆباڵ بە سکوردی باریکم هەر ئەوا دەبێت یەکتر دەرک کردن.

بۆ نموونە، دەسەڵاتی پاشایەتی نزیکەی سی چل ساڵ بەر لەوەی کورسییەکەی بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ بکات، خەریکی خۆشکردنی زەمینە بوو. پردێکی ئەوەندە پتەوی بۆ گواستنەوەی دەسەڵات لە کۆشکی نیاوەرانەوە بۆ حوسێنییەی جەماران دروست کرد. کۆماری ئیسلامییش دوای پەڕینەوە، بۆ ئەوەی شوێنپێی خۆی ون بکات، پردەکەی ڕووخاند. داروپەردووی ئەو پردە لە کەسایەتیی بەڕێزانی وەک "ئایەتوڵڵا موتەهەری"، "بەهەشتی"، "سادق قوتبزادە"، "ئیبراهیم یەزدی"، "مەهدی بازرگان" و "کاک داریووش فروهەر"ی خۆمان و دەیان کەسی دیکە پێکهاتبوو کە هەموویان بوونە قوربانیی ئەو گواستنەوەی دەستەڵاتە.

ئەگەر لەبیرتان بێت، تەمەنی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی تەنیا پەنجا و چەند ساڵێکی خایاند (بمبوورن، نە من و نە کەسانی وەک من، باوەڕمان بە ئەفسانەی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی نیە). دوای ئەو ماوەیە، کاتێک ڕیفراندۆمێک بە کڵاو و لەچکەوە سەری "ئوممەتی هەمیشە لە گۆڕەپان"ی داپۆشی، دەسەڵات لەنێوان پاشا و ئایەتوڵڵادا دەستاودەستیی پێ کرا. ئەمجارە نۆرەی کۆماری ئیسلامی هات و بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدەی دیکە بووە سوارەی سەر قەڵاندۆشی هەمان "ئوممەت".

ئێستا و دوای ئەم نیو سەدەیە، وا دیارە کۆماری ئیسلامی بەتەواوی هەستی بە ماندووبوونی "ئوممەت" کردوە و بەرپرسانی خەدوومیش لە خواردن و کردن بێتاقەت بوونە، بۆیە خەریکە خۆی ئامادە دەکات بۆ گەڕی دووەمی هەمان گەمەی دەستاودەستکردن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە "شازادە ڕەزا پەهلەوی" لەگەڵ دایکی بەڕێزیان، قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە و دەیانەوێ ئەو قەرزە کۆنەی باوکیان لە ئاخوندان وەربگرنەوە. ئاخووندەکانیش چاکەی بنەماڵەی پەهلەوییان لەبیر نەچووە؛ چۆن ئەوکات بە ڕیز دەچوون بۆ ماچکردنی دەستی شابانوو، ئێستاش ئامادەن بەوپەڕی ئارامییەوە دەسەڵات تەسلیمی "یەکتر"یەکەی دیکە بکەنەوە. ئەم چاکەدانەوەیەش هەر لە سەروبەندی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە بە دروشمی "ڕەزا شا، ڕۆحت شاد" دەستی پێ کرد و زۆر ژیرانە درێژەی پێ دەدەن.

کاکە ڕەزای خۆشمان دوای چل و چەند ساڵ خواردن و خەوتن و ژیانێکی شاهانە لە پاریس و واشنتن، ئێستا هەردوو گووپی پڕ کردوە لە "با" و لە جیاتی ئەوەی دووزەلەیەک یان زوڕنایەکی پێ لێ بدات، بایەکە بۆ خۆفشکردنەوە بەتاڵ دەکاتەوە و دەڵێت: "ئامادەم دوای ڕۆیشتنی برادەران، بە شێوەیەکی دیموکراتی و ئارام، دەسەڵاتی ئێران بگرمەوە دەست."

ئەوەی لەم گەمە نوێیەدا زۆر گرنگە، دووبارە هەڵبەستنەوەی پردی پەڕینەوەیە. ئەمجارە پردەکە بە دیزاینێکی نوێ و بە کەرەستەی تازە دروست دەکرێت. کۆمەڵێکی دیکە دەبنە داروپەردووی پردەکە و ئەگەر پێویست بکات، دوای تەواوبوونی ئەرکەکەیان، پرد و پردساز پێکەوە هەڵدەوەشێنرێنەوە. ئەوەی ئێستا بیری لێ دەکرێتەوە، دابینکردنی ئەو کەرەستە خاوانەیە.

ئێستا زۆر کەس و لایەن هەن گیانیان خستووەتە سەر لەپی دەستیان و خەریکن خۆیان بۆ فیداکاری ئامادە دەکەن تا ببنە کەرەستەی پردێکی قایم و بێمەترسی بۆ گواستنەوەی دەسەڵات لە عەممامەوە بۆ تاجی پاشایەتی.

ئەوەی لێرەدا جێگەی دڵخۆشی و پێزانینە، ئەمەیە دوای ڕووخانی کۆمارە مەترسیدارەکەی کوردستان لە مەهاباد، دوای دەرکردنی پێشمەرگەی حیزبە مەترسیدارەکان لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوای سەرکوتکردنی سەرهەڵدانە مەترسیدارەکەی "ژن، ژیان، ئازادی" و دوای تێپەڕاندنی چەندین مەترسیی دیکە، هێشتا لە نێو جەرگەی ئۆپۆزیسیۆندا کەسانێک دەبینرێن بە سەربەرزییەوە ئامادەن وەک داریووش فروهەری ڕەحمەتی، ببنە پردی گەڕانەوەی شکۆی بنەماڵە بەڕێزەکەی پەهلەوی. مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، دونیا لەمانەوەی خۆی بەردەوامە، تەقڵە لێ دەدات و ئەم و ئەو بەسەر شانیدا تووڕ هەڵدەدات.

KURDI STAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO: 904   7 October 2025

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com    www.kurdch.tv
Yahsat 1A @ 52.5° East    Frequency: 12149
polarization: Vertical -27500  FEc : 3/4

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# «٨٠ ساڵ خەبات لەپێناو ڕزگاری» چاپ و بڵاو بۆوە




«٨٠ ساڵ خەبات لەپێناو ڕزگاری»، نوێترین بەرهەمی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاپ و بڵاو بۆوە.

عەلی بداغی، جێگری ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات لە لێدوانێکدا بۆ «کوردستان» ڕایگەیاند کە «٨٠ ساڵ خەبات لەپێناو ڕزگاری» یادنامەیەکە بەبۆنەی ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا چاپ و بڵاو بۆتەوە و ئەو یادنامەیە کۆمەڵێک توێژینەوە و وتاری لە خۆ گرتوە و هەوڵێکە بۆ ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە مێژووی ئەم حیزبە لە چەند ڕەهەند و بواری جۆراوجۆرەوە.

جێگری ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات گوتی حیزبی دێموکرات لە ژیانی سیاسیی پتر لە ٨ دەیە و پڕبایەخی خۆیدا زۆر قۆناغی دژواری ئەزموون کردوە، کەندوکۆسپی زۆری بڕیوە، لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەیی کورددا زۆر بەها و پڕەنسیپی گرینگی جێگیر کردوە، زۆر ڕۆڵەی خۆی پێشکێش بە بارەگای ئازادیی نەتەوەکەی کردوە و لە چەند قۆناغیشدا تووشی لێکترازان هاتوە؛ بەڵام لە هەموو هەلومەرجێکدا ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە؛ ئەم کتێبەش هەوڵێکە بۆ بەرزنرخاندنی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات و دەسکەوتەکانی و، هەروەها قامکدانان لەسەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کارنامەی هەشت دەیە خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە.

حیزبی دێموکرات وەک بە تەمەنترین حیزبی کوردی بە شانازییەوە ئاوڕ لە ٨٠ ساڵ خەباتی بەردەوامی خۆی دەداتەوە و بە ڕۆژە پڕشکۆ و هەروەها دەسکەوتە مەزنەکانی خۆی لە ڕەوتی ئەم خەباتە سەخت و خوێناوییەدا دەنازێ و متمانە و خۆشەویستیی کۆمەڵانی خەڵکیش بە گەورەترین سەرمایە بۆ بڕینی ئەم ڕێگەیە هەتا لوتکە دەزانێت.

«قەڵای خۆڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی» و «سێ چارەگە نەوەستان» دوو کتێبی دیکەی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتن کە پێشتر بەبۆنەی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب چاپ و بڵاو ببوونەوە.

«٨٠ ساڵ خەبات لەپێناو ڕزگاری» لە ٥٢٤ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو بۆتەوە و ناونیشانی ٢٦ وتار و توێژینەوە ئاکادیمیکی تێدا دەبیندرێ.

# ئێعدامکردنی لانی کەم ١٨٧ بەندکراو لە ماوەی مانگێکدا



لە ماوەی مانگی ڕابردووی زایینیدا سزای سێدارەی لانی کەم ١٨٧بەندکراو لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا جێبەجێ کراوە. ئەو ئامارە بەراورد بە مانگی سێپتەمبەری ٢٠٢٤ لانی کەم ١٠٩ حاڵەت واتە ١٤٠٪ بەرز بۆتەوە. ئەو ئامارە زیاترین ئاماری لەسێدارەدان لە ماوەی یەک مانگ، لە دوو دەیەی ڕابردوو لە ئێران بووە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە سەرجەم ئەو ١٨٧ بەندکراوەی لە ماوەی مانگی سێپتامبر لەسێدارە دراون، تەنیا ٨ حاڵەت واتا ٤٪ی کۆی حاڵەتەکان لە سەرچاوە فەرمییەکانی ئێران و ماڵپەڕە پەیوەندیدارەکان بە دەزگای دادوەرییەوە بڵاو کراوەتەوە. هەروەها سزای سێدارەی ١٤ بەندکراو بەشێوەی نهێنی و بەبێ ئاگاداریی بنەماڵە و دەستڕاگەیشتن بە مافی دوایین چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا جێبەجێ کراوە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە لە ماوەی مانگی سێپتامبردا سزای سێدارەی لانی کەم ٣٥ بەندکراوی کورد لە بەندیخانەکانی ئێراندا جێبەجێ کراوە کە نیزیکەی سەتا ٢٠ی کۆی ئێعدامەکان لە ئێران بووە. هەروەها ٢٣ بەندکراوی لوڕ، ١٥ بەندکراوی تورک و ١٤ بەندکراوی بەلووچ، ٨ بەندکراوانی گیلەک و ٤ بەندکراوی تورک لە نەتەوەکانی ئێران لەو مانگەدا لەسێدارە دراون.

بەر لە ماڵاوایی

# ململانێی دەسەڵات لە لێواری هەڵدێر

✍ ڕەزا دانشجوو

شەڕی دوانزە ڕۆژەی کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل وەک چرایەک دیوی شاراوە و کەمتر بینراوی کۆماری ئیسلامیی نیشان دا و پەردەی لەسەر زۆرێک لە ئیدیعا بێمانا و خەیاڵییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ لادا. کوشتن و تیرۆری بەشێکی زۆر لە فەرماندە سەربازییە باڵاکانی ڕێژیم لە سەعاتەکانی سەرەتای شەڕدا و سەروەریی ئیسرائیل لە هێرشە ئاسمانییەکان و ئاسمانی بێدیفاعی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ نیشانی دا کە ئەوەی کۆماری ئیسلامی و ئامێری پڕوپاگەندەی ڕێژیم ساڵانێکە بە گوێی لایەنگران و بەکرێگیراوانی دەخوێنێ، جگە لە نمایشێکی گاڵتەجاڕی و بێمانا شتێکی زیاتر نەبووە!

ئامادەنەبوون و خۆحەشاردانی درێژخایەنی خامنەیی سەرکردەی ڕێژیم و ڕێبەری خەیاڵیی موسڵمانانی جیهان زیاتر لە هەموو شتێک ئاماژەیەکە بەو ڕاستییە کە ئەوەی ڕێبەری ڕێژیم ساڵانێکە وەک شەرەفی شەهیدبوون لە کۆڕی سەرەخۆشی و پرسەی کوژراوان و لەنێوچووانی ڕێبازی درۆینەی کۆماری ئیسلامی باسی دەکرد، تەنیا بۆ بێدەنگکردنی بنەماڵە و کەسوکاری قوربانییانی پڕوپاگەندەی ڕێژیم بوو، ئەگەرنا ڕێبەری گەورەی! ئینقلابی ئیسلامی خۆی بە هیچ شێوەیەک حەزی لە شەهیدبوون نیە! ئەمە خەسڵەتی بنەڕەتی هەموو دیکتاتۆرەکانە کە سەرەڕای بانگەشەی بێ بنەما، بە شێوەیەکی سەیر ترسنۆک، نەوێر و بێ وەرەن و لە کۆتاییدا زۆربەیان بە شێوەیەکی زۆر نزم و خوێڕیانە دەمرن. ڕەنگە چاوشێسکۆ، قەزافی و سەدام و نوێترین نموونە بن.

لێکدانەوەی وتارەکانی ئەم دواییەی خامنەیی، چ لە کاتی شەڕی دوانزە ڕۆژە و چ دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست، جگە لە خۆهەڵکێشان و دووپاتکردنەوەی تاقمێک هەڕەشەی بێبنەما، دەرخەری خاڵێکی گرنگی دیکەیە. خامنەیی لەڕادەبەدەر لاواز و نەخۆشە و توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی نیە! لە ڕاستیدا بە هیچ شێوەیەک وەک ڕابردوو ناتوانێت دەستێوەردان لە هەموو شتێکدا بکات! ئەمەش هاوکات لەگەڵ ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوودا، بووەتە هۆی ئەوەی کە گرووپە دەسەڵاتدارەکانی نێو ڕێژیم بۆ دەستبەسەرداگرتنی تاج و تەختی خامنەیی بکەونە نێو ململانێیەکی ڕانەگەیەندراو! گەڕانەوەی عەلی لاریجانی، سیاسەتمەداری کۆنی کۆماری ئیسلامی بۆ ئاڵقەی نزیک لە دەسەڵات دوای ماوەیەک لە دوورخستەوە و خانەنشینی زۆرەملێ و دوورکەوتنەوەی لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵات، لە کاتێکدا خۆی و براکانی سەردەمانێک لە لوتکەی گۆڕەپانی سیاسی کۆماری ئیسلامی بوون و بۆ ماوەیەک، تەنانەت ناوی سادق لاریجانی برای، سەرۆکی ئەنجومەنی بەرژەوەندییەکانی باڵای ڕێژیم ، وەک جێنشینی خامنەیی ناوی دەهێنرا، سەرەتای ئەم شەڕ و ململانێیە!

بەڵام بە دڵنیایەوە کارەکتەر و ئەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆژانەی ململانێی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا حەسەن ڕوحانییە! کەسایەتیی دووفاق و خۆڕپەرستی کۆماری ئیسلامی! حەسەن ڕۆحانی کە زیاتر بە خاتری ڕواڵەتی ڕێکوپێک و پاک و خاوێنی بەراوەرد بە سیاسەتمەدارانی دیکەی ڕێژیم ناسراوە، جگە لە ڕواڵەتی کەمێک جیاوازی، یەکێک لەو کەسایەتییانەی کۆماری ئیسلامییە کە لە هەردوو لایەنی حکومەتدا ڕۆڵی هەبووە. لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئەمڕۆ ڕوحانی دەیان پۆستی گرنگی وەک نوێنەری مەجلیس، سەرۆکی مەجلیس، سکرتێری ئەنجوومەنی باڵای ئاسایش و سەرۆککۆماری هەبووە. ڕۆحانی لە تەواو ئەم پۆستانەدا و لە قۆناغە جیاجیاکانی چالاکییە سیاسییەکانیدا هەمیشە داکۆکیکار و لایەنگری سەرەکیی سەرکوتکردن و زیندانیکردنی نەیاران و دەنگە نارازییەکان بووە. هەڵوێستە توند و نامرۆڤەکانی بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە دەرخەری ڕاستیی کەسایەتیی حەسەن ڕوحانین! ڕەنگە خۆپەرستی گەورەترین تایبەتمەندیی ڕوحانی بێت. کەسێک کە بە درێژایی تێکۆشانی سیاسی بەپێی سوورانی خۆر لانیکەم لە قسەدا شوێن و پێگەی خۆی گۆڕیوە!

کاتێک لایەنی بەناو ڕیفۆرمخوازی ڕێژیم هاتە سەر دەسەڵات، ڕوحانی بناژۆخوازێکی توندڕەو بوو کە لە بنەڕەتدا دژی هەر ئازادییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو! هەرچەند ئەوەی ڕیفۆرمخوازانی ڕێژیم باسیان دەکرد و باسی دەکەن، جگە لە نمایشێکی گاڵتەجاڕی هیچی تر نەبووە و نیە، بەڵام ڕووحانی دژی ئەوەش بوو! لێدوان و قسەکانی وەک سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی ڕێژیم دوای سەرکوتکردنی خوێناویی نارەزایەتییەکانی زانکۆی تاران لە ساڵی ٧٨ کە دەیان کوژراو و بریندراری لێ کەوتەوە؛ بە ڕوونی ناخی نامرۆڤانەی و باوەڕی سەرکوتگەریی ئەم سیاسەتمەدارە کۆنەی ڕێژیم نیشان دەدات.

دوای ئەوەی خامنەیی زۆربەی سەرکردەکانی بزووتنەوەی بەناو ئیسلاحتەڵەبی پەراوێز خست و گۆشەگیری کردن و شوڕای نیگابان لە کایەی ململانێی دەسەڵات لەنێو حکومەتدا ڕێگری لە هەر جووڵەیەکی ئەم کوتلەیە کردبوو، حەسەن ڕوحانی ئەمجارە وەک ڕیفۆرمخوازێک یان ـ وەک خۆی ناوی دەبرد- کەسێکی میانڕەو دەرکەوت! ڕوحانی کە مێژوویەکی دوور و درێژی لە سەرکوتکردنی نەیارانی کۆماری ئیسلامی هەبووە، ئەمجارەیان وەک داکۆکیکاری زوڵملێکراوان دەرکەوت و هێرشی کردە سەر هاوکارەکەی قالیباف کە پێکەوە دەورێکی سەرەکییان لە سەرکوتکردنی ڕووداوەکانی زانکۆی تاران لە ساڵی ٧٨دا هەبوو! ڕوحانی قالیبافی وەک بکەر و تاوانباری ئەم ڕووداوە ناو برد و بە گێڕانەوەی چەند ڕەوایەتی درۆینە خۆی بە بێتاوان و دیپلۆمات ناو برد! ڕووداوەکانی سەردەمی سەرۆککۆماریی ڕوحانی، سەرەڕای ئیدیعا و بەڵێنە پووچەکانی، هیچی شتێکی تازەی بۆ خەڵک بەدیاری نەهێنا.

بەدەر لە گوشارە ئابوورییەکان و کێشە بەردەوامەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ڕەنگە گرینگترین تایبەتمەندیی سەردەمی سەرۆکایەتییەکەی ڕووبەڕووبوونەوەی نەرم و جارجارەی لەگەڵ ڕێبەری ڕێژیم خامنەیی بێت! ئەم ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕە قسەیە تا کۆتایی سەردەمی سەرۆک کۆماریی ڕوحانی بەردەوام بوو، هەرچەندە هەرگیز نەگەیشتە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ، بەڵام تێچووی زۆری بۆ ڕێویی پیر لێ کەوتەوە! دوورخستنەوەی لە ئەنجوومەنی بەرژەوەندییەکانی باڵای ڕێژیم و بێبەشکردنی لە بەشداریی هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی بەناو خوبرەگان، سەرەتای پرۆسەی دوورخستەوە، گۆشەگیر و خانەنشینکردنی ڕووحانی بوو! سەرەڕای هەموو ئەمانە، سیاسەتمەداری خۆپەرستی ڕێژیم لە ترسی کاردانەوەی زیاتری خامنەیی بۆ ماوەیەک بێدەنگیی هەڵبژارد! ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو و بێتوانایی جەستەیی و ڕوحیی خامنەیی لە بەڕێوەبردنی وڵات، دەرفەتێکی دیکەی بۆ ڕێویی پیر ڕەخساند کە جارێکی دیکە قسەکانی ڕابردووی بەڵام ئەوجارە لە فۆرمێکی نوێدا وەک نەیارێکی دەسەڵاتدار دووپات بکاتەوە و تەحەدای خامنەیی و حکومەتەکەی بکات!

ئەمجارە ڕوحانی ئاشکرا هەوڵی دا بە جەختکردنەوە لە هەندێک بابەتی نێوخۆیی و دەرەکی وەک ئەلتەرناتیڤێکی کەم خەرج و لەبەردەست بۆ داهاتوی کۆماری ئیسلامی دوای نەمانی خامنەیی بە تایبەت بۆ ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا دەرکەوێت کە بەردەوام باس لە گۆڕانکارییەکی نەرم لە دەسەڵات کۆماری ئیسلامی وەک خواستی سەرەکییان بۆ داهاتووی ئێران دەکەن!

بەڵام کۆتایی هاتنی فەرمیی بەرجام و کاراکردنەوەی میکانیزمی ماشە ئەم دەرفەتە زێڕینەی بە خامنەیی و ئامێری پڕوپاگەندەی بەیتی ڕێبەڕی ڕێژیم دا هەتا بە هێرشکردنە سەر حەسەن ڕوحانی و جەواد زەریف و سیاسەتی دەرەوەی سەردەمی سەرۆککۆماریی، ڕوحانی وەک تاوانباری سەرەکی بارودۆخی ئیستای ئێران بناسرێت

هێرشێکی هەمەلایەنە کە تەنانەت گوێزرایەوە بۆ کۆبوونەوەکانی نوێژی هەینی لە زۆربەی شارەکان و لە کۆتاییدا گەیشتە تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ڕێژیم، کاتێک پێشکەشکارێکی سادەی تەلەفزیۆنی هێرش دەکاتە سەر بەرجام و ئاکامەکەی و تەحەدای ڕوحانی و زەریفی دەکات و داوا دەکات لێپرسینەوەیان لێ بکرێت!

دۆخی ناسک و ناسەقامگیری دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی، خراپی باری جەستەیی خامنەیی، کاراکردنەوەی میکانیزمی ماشە و گەڕانەوەی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان و قەیرانی ئابووری لە لایەک و تەقینەوەی نارەزایەتیی خەڵک لە لایەکی دیکەوە، ململانێی دەسەڵاتی لە نێو باندە تاوانکارییەکانی ناو ڕێژیمدا گەیاندووەتە لوتکە! لەم نێوەندەدا، هەرچەندە پێدەچێت گواستنەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی نەرم و بەردەست و دامەزراندنی حکومەتێکی میانڕەویی ئامادەی دانوستان لەگەڵ ڕۆژئاوا، بەبێ گوێدان بە هەر شتێکی تر، ئایدیاڵ و خواستی ئامریکا و زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بێت، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە تووڕەیی ساڵیان لە قوڕگداماویی گەلانی ئێرانی، کە بە هۆی ساڵانێک سەرکوت، زیندانیکردن و کوشتنی هەر دەنگێکی جیاواز و نەیار لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەک سڵاوێکی بێکۆتایی لە پشت دیواری بەنداوێک سجن کراوە، بێجگە لە لەنێوبردنی ئەم ڕێژیمە و تا سڕینەوە وپاککردنەوەی هەموو ئاسەوارەکانی، هێور نابێتەوە.

نە ڕواڵەتی تاڕادەیەک ڕێک و پاک و خاوێن و نە پڕوپاگەندەی گاڵتەجاڕی بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری ناتوانێ بیری بۆگەن و کۆنەپەرستانە و دەرونی نامرۆڤانەی سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی چی تر بشارێتەوە، هیچ کام لەم ڕووبازی و پێست گۆڕینانە لە چاوی خەڵکی ئێراندا هیچ گرنگییەکی نەماوە. هەر شتێک بە هەر شێوەیەک پەیوەندی بە کۆماری ئیسلامییەوە هەبووە یان هەیە، مەحکوم بە لەناوچوونە. لە چاوی خەڵکی ئێران ئەمە ململانێی دەسەڵاتە لە نێوان چەند گرووپێکی تاوانباری ماوەبەسەرچووە! بەرازی سەوز یان ڕێویی وەنەوش، چیرۆکێکی دووپاتەیە کە ئیتر هیچ لایەنگرێکی نیە! ڕەنگگەلێکی جیاواز بۆ ڕازاندنەوەی ڕوخسارێکی نەخۆش و لاواز و دەرون بۆگەن و شاردنەوەی جەوهەری دەسەڵاتێکی تاوانبار و مرۆڤکوژ!

نە جوانکاری لە ڕووکار دەتوانێت چی تر جەستەی لەکارکەوتووی کۆماری ئیسلامی بشارێتەوە و نە ئەم بناغە لەرزۆکەی کە کۆماری ئیسلامی لە سەر دامەزراوە چاکسازی هەڵدەگرێت!

کۆماری ئیسلامی دەبێت بڕووخێت!